# گوڵوانە سوور

# کۆڵوانە سوور

## چواردە چیرۆک بۆ مێردمنداڵان

چەند نووسەرێک

پێشەکی و  گۆڕینی لە فارسییەوە
حەمە کەریم عارف

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **کۆڵوانە سوور (چوارده چیرۆك بۆ مێرد منداڵان)**
- چەند نووسەرێك
- پێشەکی و گۆڕینی لە فارسییەوە: حەمەکەریم عارف
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: مەزهەر محەمەد
- تایپ: رزگار حەساری
- نرخ: (٢٥٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٣
- تیراژ: ١٠٠٠دانە
- چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٦٥) ساڵی (٢٠١٣)ی پێی دراوە.

**زنجیرەی کتێب (٧٢٢)**

**هەموو مافێکی بۆ خانەي موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێرست

| | |
|---|---|
| پێشەکی... حەمە کەریم عارف | ٧ |
| ١- سەندرێلا | ٢١ |
| ٢- سێ بێچووە بەراز | ٢٩ |
| ٣- سپی بەفرین و سۆر گوڵ | ٣٣ |
| ٤- بولبول | ٤١ |
| ٥- جاك و لاسكە لۆبیا | ٥٣ |
| ٦- پشیلەی چەكمەپۆش | ٦٥ |
| ٧- پاڵتۆ سوور | ٧١ |
| ٨- چەخماخ | ٧٥ |
| ٩- بێچووە مراوییە ناشیرینەكە | ٨٤ |
| ١٠- ڕاپۆنزەل | ٩٧ |
| ١١- شازادە خانم و دەنكە نۆك | ١٠٣ |
| ١٢- سەربازیی قەڵایی | ١٠٥ |
| ١٣- ڕۆژهەڵاتی خۆر و ڕۆژئاوای مانگ | ١١١ |
| ١٤- سپی بەفرین و حەوت كورتیلە | ١٢٣ |
| فەرهەنگۆك | ١٣٥ |
| ژیاننامەی وەرگێڕ | ١٤٦ |

# پێشەکی

حەمەکەریم عارف

"١"

هەڵبەتە حیکایەت و نەقڵ و نەزیلە پێشینەیەکی یەجگار دوور و درێـژی هەیـە و لەوەتای بەشەر پەیدابووەو ژیانی خێزانی پێکەوە ناوەو، لە کۆمەڵگەدا گیرسـاوەتەوە، حیکایەت و نەقڵان هەبووەو کـۆڕی مەجلیسـی بەشـەرانی گەرمکردووە..بەشـەر کـە یەکیان ناسیوەو هەڵسـوکەوتیان دەگـەڵ یەکـدا و دەگـەڵ دیـاردەو رووداوەکـانی نـاو سروشت و گەردووندا کردووە،ئەمە ئەزموون و تەجرەبەی لا پەیـداکردوون. ئیـدی بـۆ پاراستنی ئەو ئەزموونانەو گێڕانەوەو گوێزانەوەیان بۆ وەچە و نەوەکانی دوای خۆیـان، پەنایان وەبەر نەقڵ و نەزیلە و حیکایەتان بردووە، چونکە پێیان وابووە لەو رێگەیـەوە ئەزموونانی بەشەری، لە فەوتان و بیرچوونەوە رزگاردەبێت و دەپارێزرێ. ئەمەش زادەو بەرەنجامی جـۆرە کەڵکەڵـەو خولیایـەکی نـەمریی و جاویـدانی بـووە لـە لای تـیرەی بەشەر.چونکە مرۆڤ بە غەریبی لە دایك دەبێـت و بـە غـەریبی دەژی و بـە غـەریبی ماڵاوایی لە ژیان دەکات. غوربـەت دەکاتـە سەرچـاوەی نیگـەرانی و، تاقـە رێگـەی ڕەواندنەوەی نیگەرانیش خەون و هیواو ئومێدەوارییە،ئەگەر هیـواو ئومێـد نەبوایـەن ژیان دەبوو بە دۆزەخێکی تەحەموول ناپەزێر. ئیدی خەون و خەیاڵ و ئومێـد تـانوپۆی ژیان پێکدێنێت، با ئەو خەون و ئاواتانە هەمووشی نەیەنە دی، کـە بێگومـان نایەنـە دی. چونکە تەمەن لەوە کورتترە کە گشت ئـەو ئاواتانـە لـە مـەودای تەمـەنی یـەك وەچەدا بێنەدی..ئەمە جگە لەوەی کە خەون و خەیاڵ و ئومێدان لـە وەچـەیەکەوە بـۆ وەچەیەکی دی دەگۆڕێت.واتە خەون و خەیاڵ هەرگیز لە کۆتایی نایـەت , بۆیـە وەکـو خۆزیا بە خەون و خەیالان، واتە بە حیکایەت و نـەقڵان سـپێردراون، حیکایـەتخوان و

نەقڵبێژان لە مەجلیسی گوێ ئاگردانان ، لە کــۆڕی کــارو ڕێــو ڕەسمــانی هەمــەجۆردا کەلەپوورو کەلتووری زارەکی و فۆلکلۆریان، لە ڕێگای حیکایەتانەوە پاراســتووەو لــە وەچــەیەکەوە بــۆ وەچــەیەکی تریــان گواســتووەتەوە.. بــەلاّم دەگــەڵ گــۆڕانی ژیــان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی بەشەری و پەیدابوونی کەناڵێن هەمەجۆری ڕاگەیاندنەوانی و کەلتووریدا، دەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیدا، کەلتووری فۆلکلۆری و زارەکی بە گشتی و حیکایەت و نەقلاّن بە تایبەتی، کەوتە بەر هەڕەشەی فەوتان و لەبیرچوونەوە، بۆیــە ڕۆشــنبیران و منــەوەران و ئــەهلی قەڵــەم، بــە تایبــەتی لــە ولاّتــە پیشەســازییە پێشکەوتووەکاندا، ترسی فەوتان و لە دەستچوونی ئەم کەلەپوورە بە نرخ و پڕ بەهایەی مرۆڤیان لێنیشت و، قۆڵی هیممــەتیان لێ هــەڵماڵی و بەپەلــە کەوتنــە کۆکردنــەوەو داڕشتنەوەی نەقڵ و حیکایەتــە فۆلکلۆرییــەکانی میللــەتی خۆیــان..و تۆمــارکردن و نووسین و نووسینەوەی حیکایەت و نەقلاّن، زیاتر لــە ســەدەی هەڤدەیەمــەوە دەســتی پێکرد و برەوی سەند، تا ئەوەبوو لە سەدەی نۆزدەیەمدا برایانی گریم، واتە جــاکۆب و ویلهلم گریم، هاتن و بە میتــۆدێکی زانســتیانە کەوتنــە تۆمــارکردن و کۆکردنــەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری ئەڵمانی و بناغەی قوتابخانەیەکی چیرۆکناسی ئەوتۆیان دامەزراند، کە زۆری پێنەچوو بوو بە سەرمەشقی گەلێك لە زانایان و توێژەران و خەمخۆرانی دنیای کەلەپوری فۆلکلۆری لە سەرانسەری جیهاندا و هەزاران نەقڵ و حیکایەت لــە فــەوتان ڕزگارکران، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا خزمــەتێکی هــەرە گــەورە بــوو بــە کەلــەپوور و کــەلتووری مرۆڤایــەتی و، بەراســتی ڕێبــوارانی ئــەم ڕێگایــە شــایەنی ســتایش و دەستخۆشین.

جا خوێنەری هێژا، ئەم کتێبەی کە لە بەر دەستتدایە، نموونەیەکی بچــووکە لــەم هیممەت و هەوڵە جیهانییە و چواردە چیرۆکی زۆر جوان و هەڵبژاردەی لە خۆگرتــووە، کە هەر یەکێکیان لە وێنەیەکی قەشەنگ و جواندا بەشێکی گچکۆکە لــە ئــەزموون و شارستانییەت و کەلتوورو کەلەپوورو ئەدەبی فۆلکلۆری میللەتانی جیاواز نیشاندەدەن

"٢"

من پێموایە هەموو تیرەی بەشەر, چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ، بەشێوەی ڕێژەیی لە بەرهەمهێنانی مێژوو و شارستانییەت و ژیاری مرۆڤایەتی بەشدارن، بە تایبەتی لە مەیدانی نەقڵ و حیکایەتاندا، ئیدی هەر میللەتێك ئەم حیکایەت و نەقلانەی لە قالبی هزرو هزرین و خەیاڵی خۆیداو بە گوێرەی داب و نەریتی باوی خۆی و باکڕاوند و زەمینەی فیکریی خۆی دەسکاری کردووەو مۆرك و شەقڵی خۆماڵی پێوە ناوەو بووە بە بەشێك لە کەلەپووری ناوچەیی بە ناسنامەی جیهانییەوە. ئیدی ئەم حیکایەت و نەقڵ و ئەفسانانە، بە درێژایی ڕۆژگار، دەماودەمی کردووەو قاڵب و شێوەی سادەی وەرگرتووە، بەلام لە رووی نێوەرۆکەوە زندوویەتی و دەوڵەمەندیی خۆیان پاراستووە.هەڵبەتە لەسەرەتاوە نەقڵ و حیکایەتان، چیرۆکی جن و پەرییان، حیکایەتی دێو و درنجان، بۆ گەورە وبچووکان بووە. تا لە دواییداو بە درێژایی ڕۆژگار، دەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیاندا، پتر ئاراستەی منداڵان و نۆلاوان کراوە. دنیای سەیرو خەیاڵئەنگێز و پڕ رازو نهێنی حیکایەت و نەقلان، باڵ بەسەر خەیاڵ و وێنای منداڵاندا دەکێشێت و لە جیهان و دنیای گەورە ساڵان هێوەتر دەڕوات، بە کورتی و کرمانجی لە چیرۆك و حیکایەتی دێو ودرنجاندا، لە نەقڵی جن و پەرییاندا، هەموو شتێك لەگینە و هیچ شتێك مەحاڵ نییە..ئەو حیکایەتانە پڕن لە جن و پەری، لە دێوی بێ ڕەزاو ڕەزاگران و ترسناك، جادووبازانی فریبۆك و خاپینۆك، کورتە باڵایانی زیرەك و هۆشن، نەجیمزادەو شازادەخانمانی زۆر جوان و لەبار..لە حیکایەت و ئەفسانانداد، دارو درەخت، گیانلەبەران دەوری یەجگار گرینگیان هەیە، بە زمانی بەشەران قسان دەکەن، بەشەر لێیان دەگات.بەشەر دەگۆڕێت ، دەبێت بە گیانلەبەری وەك: پشیلە، ورچ، ماسی و...هتد.لە حیکایەت و ئەفسانانداد، موستیلە هەن، کە بە زەبری سیحر و جادوو، لە چاوتروکانێکدا ئاوات و ئارەزووەکانی مرۆڤ یان هەندێ لە قارەمانانی حیکایەتەکە بەدی دێنن. پێلاوی باڵدار هەن، لە چاوتروکانێکدا دوورترین ڕێگا دەبڕن،

موو هەڵکوڕوزاندن هەیە، هەندێ خواردن هەن هەر کەسێك بیانخوات هێزو توانای نائاسایی پەیدادەکات.

دنیای حیکایەت و ئەفسانان، نەقلْ و نەزیلان، جن و پەرییان، دنیای عەدالەتە، یانی چاك چاکەی دێتە ڕێ و پاداشت وەردەگرێت ، خراپ خراپەی دێتە ڕێ و سزا دەدرێت. لەم حیکایەتانەدا داکۆکی و بەرەڤانی لە هەژارو بێنەواو مەزلۆومان دەکرێت، زۆرجار خەڵکی زۆرلێکراو دەگەنە دەسەڵات. حیکایەت و نەقلْ، خوێنەر بێتاقەت ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کەمەندکێشی دەکات، هانی دەدات، دڵخۆشی دەداتەوەو خەیاڵدانی بە وێناو سەرگوزشتەی نائاسایی بارگاوی دەکات و خەیاڵی پەروەردەو دەوڵەمەنددەکات.

"٣"

مرۆڤ، ئەگەر ژیان بە شێوەیەکی رۆتینی و سەرڤە سەرڤە و لامسەرلایی و لە کۆڵ خۆکردنەوە وەرنەگرێت و بیەوێ بە تەواوەتی لە بوونی خۆی و، دەوری ڕاستەقینەی خۆی لە ژیان بگات، لە سەرێتی مانایەك بۆ ژیانی خۆی بدۆزێتەوە، ماقولییەت بە ژیان ببەخشێت. هەڵبەتە بە زۆری ئەو کەسانە لە ژیان دەتۆرێن و ژیانیان لەبەرچاو دەکەوێت کە ژیانیان لە بێ ماناییدا، لە بێ ئامانجیدا دەگوزەرێ و ئەشقی ژیان لە دڵ و دەروون و رۆح و ئەقڵیاندا دەکوژێتەوە. هەڵبەتە دەرککردنی مانای ژیانی شەخسی وەکو قارچك لە خۆڕاو کتوپڕ هەڵناتۆقێت. یان لە تەمەنێکی دیاریکراودا پەیدا نابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو شتەی کە مانای ژیانی پێدەگوترێت، زادەو بەرەنجامی خەملێن و پوختەبوونی دەروونی و پەرەسەندنی دوورودرێژو بەردەوامە، واتە مانای ژیان، لە ناو ژیان و بەدەم خودی ژیان و کارلێکەکانی ژیانەوە گەڵاڵە دەبێت و رەوتی خۆی وەردەگرێت و لە هەر قۆناغێکی ژیاندا بە گوێرەی گەشەکردن و پەرەسەندنی دەروونی و توانای تێگەیشتنی خۆمان، سەروساخت دەگەڵ ژیاندا پەیدادەکەین. واتا ئەم پرۆسەی مانادۆزییە بۆ ژیان،

پرۆسەیەکی بەرەبەرەو هەنگاو بە هەنگاوە.بۆیە گەورەترین هەڵە ئەوەیە کە گەلێك لە دایکان و باوکان دەیانەوێ کە ئەقڵی منداڵەکانیان وەکو ئەقڵی خۆیان کاربکات!! دیارە ئەمە داوایەکی ناواقیعی و مەحاڵە، چونکە تێگەییشتنی مرۆڤ لە خۆی، لە جیهانی دەوروبەری، لە ناسینی خۆی، لە تەسەوراتی بەرانبەر بە مانای ژیان، پێویستە وەکو رۆح و جەستەی مرۆڤەکە، بەرەبەرە و هەنگاو بە هەنگاو گەشەبکات و بخەملێت و پوختە ببێت. .بۆیە ئەرکی هەرە گرینگ و هەستیاری فێرکردن و پەروەردە ئەمەیە کە یارمەتی منداڵ بدات، دەستی بگرێت  و زەمینەی بۆ خۆشبکات تا مانایەك بۆ ژێن و ژیان بدۆزێتەوە, ئەمەش ئەزموونێکی فرەی دەوێ، منداڵ دەبێ بە دەم گەشەکردن و نەشونماوە، لە ناوجەرگەی خودی ژیانەوە،فێری ئەوە بێت، ساڵ بە ساڵ پتر و قووڵتر خۆی بناسێت و لە خۆی بگات، کە خۆی ناسی، لە خۆی گەیی،ئیدی توانای ئەوە پەیدا دەکات کە خەڵکیش بناسێت و  لەبەر رۆشنایی ئەم خۆناسین و خەڵك ناسینەدا،پەیوەندی ئەرێنی و کاریگەر و ئەکتیڤ لەگەڵ خەڵکیدا، واتە لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەرقەرار دەکات. جا مرۆڤ بە گشتی و منداڵ بە تایبەتی بۆ ئەوەی مانایەکی قووڵتر لە ژیان و بۆ ژیان بدۆزێتەوە، لەسەریێتی سنوورە تەسکەکانی خۆ تەوەری و خۆپەسندی ببەزێنێ و تەنیا خۆی و هزرو هزرینی خۆی بە هەق و بە راست نەزانێت، چونکە بەمە لە هەر جۆرە خۆپەرستی و خۆ ویستییەك دوور دەکەوێتەوە کە ئەمە زۆر پێویستە تا ئەو کەسە، یان ئەو منداڵە لە خۆی و لەو کارەی کە لە ژیاندا دەیکات رازی بێت، هەست بە جۆرە ئاسوودەیی و دڵنیاییەك بکات، ژیانی خۆش بوێت، بەئەشقەوە بژی، نەك هەم ژیان ببێت بە بار بەسەر ئەوەوەو, هەم ئەو ببێت بە بار بەسەر ژیانەوە. لەم حاڵەتەدا مەحەبەت و خۆشەویستی دەبێت بە هەوێن و ئامیانی ژیان. گۆڕان و گۆڕین، هەڵبەتە بە باری ئەرێنیدا، دەبێت بە یاسا و رێسای ژین و ژیان, کە ئەمە هاتە دی، ئیدی سەرچاوەی توانا سایکۆلۆژی و دەروونییەکان دەتەقنەوەو خەیاڵ و تێگەیشتنمان بەسەر یەکتردا دەکرێنەوە, یەکانگیر دەبن و هەستێکی ئەرێنی ئەوتۆمان لادروست دەبێت کە پتر لە خۆمان بگەین، زیاتر خۆمان

بناسين وهيواو ئومێدێکی ئەوتۆمان بە ئاینده لەلا دروست ببێت کـە بتـوانین خۆمـان لەبەر هەر کێشەو ئاریشەو گرفت و وەیشوومەیەك بگرین کە لە ژیاندا دێتـە ڕێمـان و بە شێوەیەکی واقیعیانە مامەڵەی لە تەکدا بکەین، چونکە ژیـانی هـیچ کەسـێك لـە هەوراز و نشێوان، لە کێشـەو سەریەشـان بـەدەر نییـە و چـاریش تـەنیا کۆڵنـەدان و ئومێدەوارییە..بۆیە ئەگەر بڵێین ئومێدەواری و ئایندەخوازی داینەمۆی بەردەوامانەوەی ژیانە، هیچ نابێتە زێدەرۆیی..کەواتە ماناو ماقوولییەت بەخشین بە ژیان، ئەرکی هەرە سەرەکی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. بۆیە ئەگەر منداڵ، هـەر لـە منداڵییـەوە، بەوە پەروەردە بکرێت کە ژیانیان لەلاشیرین بکرێت، ژیانیان لەلا خۆشەویست بکرێت، ماناو ماقوولییەت بە ژیانیان ببەخشرێ و بخرێنە سـەر راسـتە ڕێگـای ژیاندۆسـتی و مرۆڤ و دنیادۆستی و ئایندەڕوانی، هەنگێ ئاسایی تر و ئاسانتر و ئـەقلانیتر مامەڵـە دەگەڵ دیاردەو ڕووداوەکانی ژیان و دەرهاویشتە هەمـەجۆرەکانی ژیانـدا دەکات..جـا ئەمجۆرە پەروەردەکردنە، بە پلـەی یەکـەم وەسـتاوەتە سـەر دایـك و بـاوك و هـەموو پەروەردەکارو چاودێرەکانی دیکەی منداڵ، هیچ ژینگەیەك بە ئەندازەی ژینگەی خێزان کاریگـەریی و بانـدۆری بەسـەر منداڵـەوە نییە.هەڵبەتـە دابونـەریت و کەلـەپوورو کولتووری باوی کۆمەڵگەش ڕۆڵـی گرینگـی هەیـەو تـا کەلـەپوورێکی گەشـبینانەی پێشـکەوتووخواز بێـت و لـە ڕۆح و کەڵکەڵـەی مرۆڤـەوە نـزیکتر بێـت، بـە شـێوەو میتۆدێکی زانسـتیانە بـۆ منـداڵ بگوازرێتـەوە، بانـدۆر وکاریگەرییەکـەی ئـەرێنیتر دەبێت, دیارە ئەدەبیات بۆ منداڵان و نەولاوان یەکێکە لەو کەناڵانەی کـە ئـەم ڕۆڵ و ئەرکە بە باشترین شێوە دەبینێت ودەگێڕێت..هەڵبەتە لێرەدا مەبەست لـە ئـەدەبیات، ئەدەبیاتێکە لە ڕووی ماناو نێوەرۆکەوە بەماناو جددی بێت و دەگەڵ باری دەروونـی و سایکۆلۆژی منداڵدا بسازێت و بە گوێرەی قۆنـاغی تەمـەن دەگـەڵ ژیـانی ڕۆژانەیـدا بگونجێت و گەشە بە ڕۆحی ببەخشێت و مانایەکی قووڵتر بە ژیانی ببەخشـێت.جا بـۆ ئەوەی حیکایەت و نەقلان، چیرۆکی جن و پەرییان، چیرۆکی دێـو ودرنجـان، سـەرنجی منداڵ رابکێشێت، پێویستە هەم سەرگەرمکەر بێت و هەم خەیاڵئەنگێز بێت. بەڵام بۆ

دەوڵەمەندکردنی ژیانی, پێویستە خەیاڵی منداڵ بە جۆرێك بێداربکاتـەوە کـە بیـەوێ توانا ئەقڵی و زەینییـەکانی بخاتـە کـار و هەسـت و نەسـت و سـۆزو گـودازی خـۆی بەکاربێنێت و بنوێنێت.یانی چیرۆك پێویستە دەگەڵ کەڵکەڵەو ئارەزوو وخولیاو خـەون و خەیاڵ و ترس و خەمەکانی منداڵدا بگونجێت، چۆنییەتی چارەسـەری کێشـەو گـیرو گرفتەکانی بخاتە بەردەست, بە کورتی و کرمانجی چیرۆك پێویستە پەیوەندی تەواوی بە هەموو لایەنەکانی کەسایەتی منداڵەوە هەبێت و، گشت پێویستییە سایکۆلۆژییەکانی منداڵ، بە هەموو دژوارییەکانییـەوە بـە هەنـد وەربگرێـت و ،کارێـك بکـات منـداڵ متمانەی تەواو بە خۆی و بە ئایندە پەیدا بکات، کە هەموو ئەم لایەنانە لـە زۆربـەی هەرە زۆری حیکایەتی فۆلکلۆری میللەتانی دنیـادا بـەدی دەکـرێن. هەڵبەتـە دەبـێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەو حیکایەت و چـیرۆکە پەنـدو ئامۆژگـاری ئامێزانـە، کەمتر خۆیان لە قەرەی پەیوەندییەکانی ژیانی نوێ لە کۆمەڵگەی تازەدا داوە، چونکە بەرلەوەی ئەم کۆمەڵگە تازانە سەرهەڵبدەن، ئەو حیکایەتانە دروسـتبوون و هـەبوون. بەلاٌم سەرباری ئەوەش ئادەمیزاد دەتوانێ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێت، بۆ رێکخستنی مەسەلە دەروونییەکانی و بۆ دۆزینەوەی چارەسەری لەبار بۆ کێشەکانی، زیـاتر سـوود لە حیکایەتێن فۆلکلۆری وەربگرێت و ئەزموون و تەجرەبەیان لێ هەڵێنجێ و لە قاڵبی چیرۆکی تازەدا بۆ منداڵانی ئەمرۆی دابرێژێتەوە.هەڵبەتـە ژیـان بـۆ منـداڵ و لـەلای منداڵ تا رادەیەك ئاڵۆزو گۆنگ و بە تەمتومان دێتـە بەرچـاو، بۆیـە دەبـێ رێگـەی بدرێت لە نێو ئـەم دنیـا ئـاڵۆزەدا خـۆی بناسـێت و مانایـەك بـۆ هەسـتە گـۆنگ و ئاڵۆزەکانی بدۆزێتەوە و هەستە دەروونییەکانی و ژیـانی خـۆی رێکبخـات. هەڵبەتـە گومان لەوەدا نییە کە منداڵ لەسەردەمی خۆیدا، پێویستی بە پەروەردەیەکی ئەخلاقی مۆدرێنە، تا بە شـێوەیەکی ناراسـتەوخۆ و بـەکردەوە ئـەنجام و ئاکـامی رەفتـارێکی ئەخلاقی دروستی پێ نیشان بدرێت، تا بە چاوی خۆی باشی و دروسـتی ئـەو رەفتـارو ئاکارە ببینێ و لە بایەخ و سوودەکەی بگات و لە لای ببێت بە ئەزموون. منداڵ ئـەم مانایە لە چیرۆکدا دەدۆزێتەوە. رەنگە ئەو مانایەی لە چـیرۆکەوە هەڵیـدەهێنجێت و

کەشفی دەکات، هەندێجار قووڵتر و دەوڵەمەندتر بێت لەو مانایەی کە لـە حەقیقـەتی ژیانەوەو لە ناو ژیاندا فێری دەبێـت و کەشـفی دەکات..دیـارە بانـدۆر و کاریگـەریی حیکایەت و نەقلاڵن لەوەدایە کە منداڵ لە رووی ئەنتۆلۆجیای دەروونییەوە خۆی تێـدا دەبینێتەوە. لەو چیرۆك و حیکایەتانەدا سۆزو گودازە دەرونییەکانی منداڵ بـە جـۆرێ نیشان دەدرێن کە منداڵ خۆ بە خۆ تێیان دەگات و بۆ خۆی چەمك و مانای تـازە لـە چیرۆکان دەدۆزێتەوەو مەرج نییە دەقاو دەق وەکـو خۆیـان وەریـان بگرێـت، یـان کـە وەریشیان بگرێت رەنگە بە گوێرەی رۆژ دەسکارییان بکات و گۆڕانیان تیادا بکـات و چیرۆکەکان تەنیا وەکو سەرمەشق تەمەشا بکات. رەنگە هەندێجار ببنە سەرمەشـق و نموونە بۆ چارەسەری هەندێ لە کێشەو گرفتەکانیان..

"٤"

چیرۆك و حیکایەت، منداڵ سەرگەرم دەکات، بە بـاری دەروونـی خـۆیی ئاشـنا دەکات و دەبێتە مایەی نەشونما و گەشەکردنی کەسایەتی منداڵ، ئەوەی بە چیرۆك، لە ئاستی هەمەجۆردا، نیشان دەدرێ و ژیانی منداڵ دەخەملێنێت و ئاستی بیرکردنـەوەو تێگەییشتنی پوختە دەکات، رەنگە بە هیچ بابەت و کتێبێکی تـر نـەکرێت یـان بـەو رادەیە نەکرێت..جا سیحر و ئەفسوونی خوێندنەوەی چـیرۆك یـا گـوێگرتن لێـی، لـە بایەخە سایکۆلۆجییەکەیدا نییە، بەڵکو لە چلۆنایەتییە ئەدەبی و هونەرییەکەیدایە، لە ئەدەبییەتی چیرۆکدایە وەك یەکەیەکی یەکپارچەی هونـەری. چـونکە ئەگـەر چـیرۆك، پێش هەر شتێك کارێکی هونەری نـەبێت، هـیچ بانـدۆرو کاریگەرییـەکی دەروونـی و سایکۆلۆژی ئیجابی لەسەر منداڵ نابێت. دیارە لە هەڵبـژادنی چـیرۆکدا بـۆ منـداڵ ، دەبێت تەمەن و ئاستی خەملین و پوختەیی دەروونی منـداڵ ڕەچـاو بکرێت..چـونکە چیرۆك بە پێچەوانەی ژانرە ئەدەبییەکانی ترەوە، رێنمایی منداڵ دەکات کە ناسنامەو مانای ژیـانی خـۆی بناسـێت و کەشـف بکـات، چـیرۆك منـداڵ فێـر دەکـات کـە چ ئەزموونێك بۆ بەردەواماندنی خەملینی کەسـایەتی تـاك پێویسـتە، دڵنیـای دەکـات

ئەگەر خۆی بیەویٚ، بەسەر هەموو کۆسپ و تەگەرەیەکدا زاڵ دەبێت و ژیان بە ئاراستەیەکی ئەرێنی سوودبەخشدا دەبات، ژیانێکی سوودمەند بەرهەمدێنێت، بەلاّم ئەگەر بترسێت و گیانی بەرخودان و خەبتین و تێکۆشان لە دەست بدات و لە هەنبەر بچووکترین کۆسپدا کۆڵبدات، هەرگیز وەکو پێویست خۆی ناناسێت و نابێت بە خاوەنی خۆی. چیرۆك، منداڵ فێری ئەوە دەکات کە ئەگەر ئازاو بوێربێت و مومارەسە و تازەکردنەوەو بەهەمهێنانی ژیان بە مافی ڕەوای خۆی بزانێت و لەو مەیدانەدا هیچ درێغییەك نەکات، ئەوا بێگومان خێرخوازو چاکەکارانیش بە هانایەوە دێن و سەرکەوتنی مسۆگەر دەبێت، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە..بۆیە پێویستە چیرۆك خەیاڵی منداڵ بورووژێنێت و هەستی خەیاڵپەروەری لەلا جۆش بدات و وەلاّمی زۆربەی هەرە زۆری پرسیارە زەرووری و گرینگەکانی منداڵ بداتەوە، تا ببێت بە فاکتەرێکی کاراو کاریگەر و گرینگ لە پەروەردەکردنی کۆمەلاّیەتی منداڵدا.. بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە کە چیرۆك ببێت بە وەعزو مرۆڤ فێری ئەوە بکات چۆن لەم دنیایەدا رەفتار بکات، چ رێگەو رێبازێك بگرێت، نەخێر. ئەمە ئەرکی چیرۆك نییە،چونکە ئایین و ئەفسانەکان پڕن لەم وەعزخوانی و بابەتە ئەقلاّنیانە. ئەرکی چیرۆك ئەوە نییە دنیا وەکو خۆی، وەکو چۆن هەیە وەسف بکات، بگێڕێتەوە، ئەرکی چیرۆك ئەمە نییە مرۆڤ ئامۆژگاری بکات کە چۆن رەفتار بکات، چ هەڵوێستێك وەربگرێت. چیرۆك پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە دنیای دەرەوە نییە، بەڵکو سەروکاری راستەوخۆی دەگەڵ ئەو مەسەلە و پرسە دەروونی و سایکۆلۆژیە هەستیارانەوە هەیە کە زۆر ئاسیٚ و دژوارو دوورە چارەسەر دێنە بەرچاو, واتە مەبەست و ئامانجی چیرۆك ئەوە نییە زانیاری بە سوود دەربارەی دنیای دەرەوە بدات بە منداڵ، بەڵکو ئەوەیە کە دیاردەو رووداوە دەروونییەکانی مرۆڤ، هونەریانە، ئەدەبیانە، بەرجەستە بکات و نیشانبدات...

لە کۆتاییدا حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە بەندە لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی سەریٚ و بە مەبەستی خزمەتی منداڵ و نۆلاوی کورد ، ئەم چەپکە چیرۆکەم لە چیرۆکستانی جیهانییەوە هەڵبژاردووەو کردوومن بە کوردی تا لە دەرفەتێکدا بیکەم بە دیارییەکی

بچووك بۆ منداڵاَن و نۆلاوانی کورد. هەڵبەتە بە ئانقەست ئەو چیرۆکانەم هەڵبــژاردووە کە زیاتر سەروکاریان دەگەڵ مەسەلە سایکۆلۆژییە هەستیارەکاندا هەیە تـا لــە گـەڵ دنیای دەرەوە. هەڵبەتە چەند نووسەرێك، هەر یەکەیان بـە چـیرۆکێك یـان زیـاتر لـەم گوڵبژێرەدا بەشدارن.. بۆیە بە پێویسـتم زانـی لێـرەدا و بـە مەبەسـتی ئاشـناکردنی رۆڵەکانمان بە نووسەرانی ئەم کۆبەرهەمە، کورتەیەکی ژیـانی هــەر یــەکێکیان بخەمــە خزمەتی خوێنەران، کەبریتین لە:

## ١- هانس کریستین ئاندرسن ( ١٨٠٥-١٨٧٥)

ئاندرسن, لە ساڵی ١٨٠٥دا لە شاری ئۆدینسەی دانیمـارك هاتووەتــە دنیــاوە. کوڕی کابرایەکی پینەدۆز بوو.لە تەمەنی چواردە ساڵیدا داك وبابی بەجێهێشت بــەرەو کۆبهاگن خۆی دایە دەم چارەنووسەوە.دوای ماوەیــەك کــاری قــورس و ســەخت, رووی کردە هونەرو ئەدەبیات و بووە مایەی سەرنجی خەڵکانێکی دەســەلاَتدارو دەســترۆ کــە یەکێك لەوانە پاشای دانیمارك بوو و،لە ساوپەنای ئەوانەوە درێژەی بە خوێندنی خــۆی داو دەستی بە کاری نووسین کرد.

ئاندرسن، شیعری دەگوت، چیرۆکی دەنووسی، شانۆنامەی ئامادە دەکـرد، بــەلاَم حیکایەتەکانی کە لە نەقڵی میللــی و چــیرۆکێن فۆلکلۆرییــەوە هەڵیــدەهێنجان، بــە کەلەپوورێکی زۆر گەورەو فرە دەوڵەمەنــدی تــیرەی بەشــەر دێنــە ژمــاردن و لەلایــەن گەلێك لە گەورە نووسەرانی ناودارەوە ستایش کراون، لەوانە : هنری وادسورت لــونگ فلۆ، ئیلەزابت بارت براونینگ، واڵت وایتمان، ئۆسکار وایلد و چارلز دیکنزەوە.جارێك دیکنز لە نامەیەکیدا پێی دەڵێت: " هەر کارێك دەکەیت، واز لــە نووســین مەهێنــە، چونکە ئێمە پێویستمان بە بیرو بۆچوونەکانی تۆ هەیە. چیرۆکەکانت زۆر سادەو جوانن و، نابێت هەر لە قەفەزی مێشکی تۆدا بەند بن"

ئاندرسن، چ لە ولاَتی خۆی و چ لە ولاَتانی دیکەی جیهان ناو وشۆرەتێکی فرەی پەیدا کرد. لە ساڵی ١٨٦٧دا بە هەشت ساڵ بەر لە مردنی، کلیلی شاری ئۆدینسەیان

پێشکەش کردو لە کەرنـەڤاڵێکی ڕێـز لێنانـدا، وەکـو نـاودارترین و خۆشەویسـتترین هاوولاتی پەیکەرێکی گەورەیان بۆ دروستکرد..

### ٢- جاکۆب و ویلهلم گریم:

ئەم جووتە برایە لە ساڵی ١٨١٢دا کتێبێکی چکۆلەیان بە بێدەنگی بلاّوکـردەوە کە لە پاش ئینجیل بوو بە یەکێك لە پڕ خوێنەرترین کتێبی جیهان. ئەم کتێبە ناوی : "چیرۆکێن گـویٚ ئـاگردان بـۆ منـدالاْن" بـوو. کتێبـی نـاڤبری هەنـدیٚ چـیرۆکی لـە خۆگرتبوو، کە بۆ یەکەمجار لەلایەن برایانی گریمەوە خرابوونە سەر کاغەز و پێشتر تەنیا بەسـەر زاری خەڵکیـەوە بـوون. برایـانی گـریم، بـە هـەوڵ و کۆششـێکی زۆر ئـەم چـیرۆکانەیان لـە زاری دێهاتیـان و جووتیـاران و شـوانان و پیرەمێـرد و پیرەژنـانی ئەڵمانیەوە وەرگرتبوو و، دایان ڕشتبووەوە.

جاکۆب لە ساڵی ١٧٨٥دا و ویلهلم لە ساڵی ١٧٨٠ لە دایك بوون. هەردووکیان بەشی مافناسییان تەواو کردووە. بەلاّم پاشان روویان کردووەتـە داسـتان و چـیرۆك و حیکایـەتی میللی و فۆلکلۆری ئەڵمانی..هۆی ڕەواج و برەوی ئەم چـیرۆکانەی برایـانی گـریم، لـەلای منداڵاْن، دەگەرێتەوە بۆ زمانە سادەکەیان، بۆ روونی ماناو نێوەرۆکیان، بۆ هەبوونی ئـاژەڵ و گیانلەبـەری قسـە وێـژ، بـۆ سـەرکەوتنی خـەڵکی چەوسـاوەو زۆرلێکـراو لـە کۆتـایی چیرۆکەکاندا. پاشان ئەم جووتە برایە، بوون بە دوو گەورە توێژەری مەیدانانی کەوناراناسـی وزماننـاسی و فەرهەنگێکی گەورەی زمانەوانیان لەپاش خۆ بەجێهێشت. ویلهلم لـە سـاڵی ١٨٥٨ و جاکۆب لە ساڵی ١٨٦٣دا کۆچی دواییان کـرد. بـەلاّم نـاوی برایـانی گـریم بـۆ هەتاهەتایە بە زندوویەتی چووە مێژووی دنیای چیرۆکی منداڵاْنەوە.

### ٣- پیترکریستین ئاسبجورنس، وجورجن ئینگربرتسن مو:

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا ، ئـەوروپا بزووتنـەوەو بووژانەوەیـەکی نەتـەوەیی تازەی بە خۆوە بینی و یەك یەك پەیان بە بایەخ و گرینگـی کەلـەپووری کولتـووری و

ڕۆشنبیریی خۆیان برد..یەکێك لە دەرهاویشتەکانی ئەم بووژانەوە نەتەوەییــە ئــەوەبوو کە ئەم دوو نووسەرە دەستیان دایە کۆکردنەوەی حیکایەت و نەقلّی فۆلکلۆری نەرویجی و کۆبەرهەمێکی گرینگیان کۆکردەوە.

ئاسبجورنس لە سالّی ١٨١٢ و مو لە سالّی ١٨١٣دا لە دایکبوون. ئەم دووانە، لە سەردەمی نۆلاویدا، لــە قوتابخانــەی (نوردرهــو) لــە بــاکووری ئۆســلۆ، لــە ســالّی ١٨٢٦دا یەکتر دەبینن و عومرێك بە یەکەوە وەکو دۆست و هاوکار کاریان کرد

یەکەمین کۆ چیرۆکی میللــی ئاســبجورنس و مــو لــە ســالّی ١٨٤٣و دووەمــین کۆچیرۆکیان لە سالّی ١٨٤٤دا بلاّوبوونەوە.

مو، لە سالّی ١٨٨٢دا کۆچی دوایــی کــرد و ئاســبجورنس لــە ســالّی ١٨٨٥دا مالاّوایی لە دنیا کرد.

## ٤- چارلز پرالت:

پرالت، گەورەترین نووسەری فەرەنسی بــوو لــە مەیــدانی ئــەدەبیات و چــیرۆکی پەرییان و حیکایەت و نەقلاّندا. لە سالّی ١٦٢٨دا لە بنەماڵەیەکی دیار و ناسراو لــە دایك بووە. پرالت، لە دەرباری پاشایەتی فەرەنســادا کــاری دەکــرد، ســکرتێری (جــین بابتیست کولبرت) ی وەزیری دارایی بە دەسەلاّت و دەســترۆی شــا لویســی شــازدەیەم بوو. کە کولبرت لە سالّی ١٦٨٣دا مرد، پرالت بوو بــە ئەنــدامی کــارای ئــەکادیمیای زانستی فەرەنسا. ئیدی لەوە بەدواوە خۆی بۆ ئەدەبیات تەرخان کرد و وتاری ئەدەبی، شیعر و بیرەوەرییەکانی خۆی نووسین. پرالت، لە ســالّی ١٦٩٧دا کــۆ چــیرۆکێکی بــە نێوی: (دووچیرۆك یان چیرۆکێن ئەخلاقی فۆلکلۆر)ییــەوە کــۆکردەوە. ئــەم کتێبــە دوو حیکایەتی یەجگار بە ناوبانگی لە خۆگرتبوو، بە ناونیشانی ( پشیلەی چەکمە پــۆش، و سەندریلا).. پرالت لە سالّی ١٧٠٣دا کۆچی دوایی کرد..

## ٥- ئاندرۆلانگ:

ئانـــدرۆلانگ، باشـــترین کۆچـــیرۆکی جـــن و پـــەرییانی بـــە زمـــانی ئینگلیـــزی کۆکردووەتەوە. بـاوکی ئانـدرۆلانگ شـەریکی بازرگـانی ( سـێر والترسـکات) بـوو. ئاندرۆلانگ لە سـالّی ١٨٤٤دا لـە شـاری سـالکیرکی سـکۆتلاندا لـە بنەماڵەیـەکی ئەدەبناس و بە دەسەلاّت هاتووەتە دنیاوە. لانگ پـاش ئـەوەی زانکـۆی ئۆکسـفۆردی تەواوکرد و چەند ساڵێك مامۆستایەتی کرد، چوو بۆ ناوەند و سەنتەری رۆژنامـەوانی( فلیت ستریت) لە لەندەن، چـل دانـە سـالّی لەوێنـدەر، وەکـو یـەکێك لـە نووسـەرە گەورەکانی ئەو سەردەم و رۆژگارە بەسەربرد. لانگ، هەواڵە گوتار، رەخنەی ئەدەبی و شیعر و چیرۆکی زۆری نووسیوە.

یەکەمین کۆچیرۆکی لانگ " کتێبی پەرییانی شین" بوو کە لـە سـالّی ١٨٨٩دا بلاّو بووەوە. لانگ لە سالّی ١٩١٢دا کۆچی دوایی کرد..

جا خوێنەری هێژا، من ئیـدی لێـرەوە بـە خواتـان دەسـپێرم، فـەرموون ئێـوەو چیرۆکەکان..کە ناوم ناون ***(کۆڵوانە سوور)*** هیوادارم بە دلّتان بێت..

تێبینی: بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

*- سرزمین افسانها،بهترین قصەهای پریان جهان/هانس کریستین اندرسن/برادران گریم/ اندرۆلانگ...ودیگران..ترجمەی سید احمد وکیلیان/ سامرند سلیمی/ ازیتا عباسیان.
چاپ دوم/ ١٣٨٥ (هەموو چیرۆکەکانم لەم سەرچاوەیەوە پاچڤە کردوون)
*- کودکان به قصه نیازدارند/ کاربردهای افسانه و افسون/ برنۆیتلهایم/ ترجمەی کمال بهروزکیا /چاپ اول: ١٣٨٤/ نشر افکار
*- چهل قصه/ گزیدەی قصەهای عامیانه ایرانی/ پژوهش و بازنویسی منوچهر کریم زاده/ چاپ چهارم: ١٣٧٩/ انتشارات طرح نو
*- زارۆکستان/ پێنج کتێب لە یەك بەرگدا/ و: حەمەکەریم عارف/ چ ٢٠٠٨/١ بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان
*- دەیڤید کۆپەرفیلد/ چارلز دیکنز، پێشەکی و پاچڤەی حەمەکەریم عارف/ چ ٢٠١٠/١

(١)

# سەندرێلا

رۆژێ لـە رۆژان پیـاوێکی دەوڵەمەنـد دەیویسـت بـۆ جـاری دووەم ژن بـێنێ و ئـەو هاوسەرەی کە ئەو هەڵی بژاردبوو، لە خۆبایی ترین‌و لووتبەرزترین ژنی دنیا بوو، ئـەو ژنـە لە مێردی پێشووی دوو کیژی هەبوو کە ئەداو ئەتواریان دەقـاو دەق وەکـو دایکیـان بـوو. پیاوەکەش کیژۆڵەیەکی لە ژنی یەکەمی هەبوو کە لە باشیدا کوت‌و مت چوو بـووەوە سـەر دایکی.

دوای زەماوەندی ئەو دووە، بە ماوەیـەکی کـەم، بـاوەژن سـیمای راسـتەقینەی خـۆی دەرخست. چاوی بەرایی نەدەدا خەسـڵەتە باشـەکانی زڕکیـژە جوانەکـەی بـدینێ، چـونکە خەسڵەتە باشەکانی ئەو، دەبووە مایەی ئەوە کە کیژەکانی باوەژن قێزەون بێنە بەرچاو.

ئەو ژنە، هەرچی خزمەتکارییەکی ماڵ هەبوو دەیدا بەسەر زڕکیژەکەیدا، وەکـو قـاپ‌و ئامان شتن، خاوێنکردنەوەی مێزو گسکدانی ژوورەکەی خۆی‌و جووتە کیژەکەی . ئەم کیـژە لە پەرپوت ترین‌و خراترین ژووری ژێر جەمەلۆنێکدا لەسەر تەختەشڕێك دەنووست، کەچـی زڕخوشکەکانی باشترین ژوورو تازەترین تەختە خەویان هەبوو،و ئاوێنەی باڵانمـای گـەورەیان لە ژوورەکانیاندا هەبوو،و دەیانتوانی سەراپای خۆیانی تێدا بدینن.

کیژەی داماو، بەوپەڕی سەبرو حەوسەڵەوە هەموو ئـەم رەفتارانـەی تەحـەمول دەکـردو زاتی نەدەکرد هیچ شتێك بۆ بابی بگێڕێتەوە. چونکە بابی لە ژێر فەرمانی ژنەکەیدا بـوو و کیژەکەی خۆی سەرزەنشت دەکرد. هەموو رۆژێ کاتێ کیژێ لە کارەکانی دەبـووەوە دەچـوو لە سووچێکی ژوورەکەدا، لە پاڵ کوانگەو لە نێـو خۆڵـەمێش‌و خـەڵوزە نیـوە سـووتەکاندا دادەنیشت، بۆیە بە "سەندرە پەسپەندە" بانگیان دەکرد. بەڵام خوشکە بچووکترەکەی، کـە

وەکو خوشکە گەورەکە، گۆساخو شرِندە نەبوو بە "سەندریلا"ی بانگ دەکرد. بە هەر حالْ، هەر چەندە سەندرێلا، جلکی کۆنی لەبەر دەکرد، بەلاّم سەدقاتی خوشکەکانی کە هەمیشە گرانبەهاترین جلکیان لەبەر بوو، جوانتر بوو.

بە رێکەوت رۆژێ کورِی پاشا ئاهەنگێکی گێڕاو هەموو خەلْکی ناوداری دەڤەرەکەی دەعوەتکرد. جووتە خوشکەکەی سەندرێلاش کە هەمیشە خۆ نوێنیان دەکرد، لە دەعوەتکراوەکان بوون.

خوشکەکانی سەندرێلا، زۆریان کەیف بەم دەعوەتە هات،و بە گەرمی کەوتنە هەلْبژاردنی جلکی شەوی‌و تەنوورەو مۆدێلی قژ. ئەمە زێدە زەحمەتێکی تر بوو بۆ سەندرێلا، چونکە دەبوایە جلکی خوشکەکانی ئوتو بکاتو شالْو کۆلْوانەکانیان قەد بکات و ئەوانیش تەنیا باسی هەلْبژاردنی جلکیان بۆ بەشداری لە ئاهەنگی ناو براودا، دەکرد.

خوشکە گەورەکە دەیگوت: "من جلە مەخمەلە سوورە بە حەریر چندراوەکەم لەبەر دەکەم."

خوشکە بچووکەکە دەیگوت: "من تەنوورە ئاوریشمەکەم لەگەلْ پالْتۆ گولْ زێرِینەکەم لەبەر دەکەم و ملوانکە ئەلْماسە بێ وێنەکەم لە مل دەکەم".

جووتە خوشك ناردیان بە دووی باشترین ئارایشتکاری ژنانەدا تا قژیان ئارایشت بکاتو کلاّوەکانیان مێزان بکات، سوراوو کەرەستەی مکیاجی خۆیان، لە باشترین موغازەو فرۆشگەدا بەرِادان دا.

لە هەموو ئەم کارانەدا پرسیان بە سەندرێلاش دەکرد، چونکە زەوقی جوانو خۆش سەلیقە بوو و لە هەلْبژاردنی جلەکانیانو رێکخستنی قژیان دا، سوودیان لێوەردەگرت.

لە کاتێکا کە سەندرێلا ئەم کارانەی ئەنجام دەدا، زرِ خوشکەکانی پێیان دەگوت: "سەندرێلا، تۆ حەز ناکەی بۆ ئەم ئاهەنگە برِۆی؟".

گوتی: "مخابن کە ناتوانن بێم."

گوتیان: "راست دەکەی، ئەگەر خەلْکی ببینن سەندرە پەسپەندە بۆ ئاهەنگی کورِی پاشا هاتووە، گالْتەی پێدەکەن."

جووته خوشك، نزيكەی دوو دانە رۆژ هيچيان نەخواردو لە كەيفان لە پێستی خۆ نەدەهێورين، يەكی چەند قەد پشتێنيان لە قەدی خۆ ئالآند تا باريكو قەڵەمی بنوێنن و بەردەوام لە ئاوێنە گەورە بالآنماكەدا تەمەشای خۆيان دەكرد.

سەرەنجام رۆژی ئاهەنگەكە هاتو ئەوان بەرەو كۆشك وەڕێكەوتنو تا لە چاو ون بوون سەندرێلا لە دواوە تەمەشای دەكردنو كە لە چاو ون بوون، ئەوسا دەستی بە گريان كرد.

لەو كاتەدا كە فرمێسك لە چاوانی سەندرێلا دەهاتە خوارێ، فريشتەيەك لە ئاسمانەوە بينیو لێی پرسی كە كێشەت چيەو چيت لێ قەوماوە؟

سەندرێلا وەڵامی دايەوە:" بريا دەمتوانی، كاشكێ دەمتوانی" بەڵام گريان ئەوكی (قورگ) دەگرتو قسەكەی پێ تەواو نەدەكرا.

فريشتەكە گوتی: "تۆ خۆزی دەخوازی كە بۆ ئاهەنگەكە چووبای، وانييە؟"

سەندرێلا ئاهێكی دوورو درێژی هەڵكێشاو گوتی: "ئەرێ".

فريشتەكە گوتی: "تۆ كيژێكی باش بە، بە گوێم بكە، منيش كارێكی وەها دەكەم كە بتوانی بۆ ئاهەنگەكە بڕۆيت"و ئەوجا بە سەندرێلای گوت: "بچۆ بۆ باخەكەو كولەكەيەكم بۆ بێنە".

سەندرێلا، هەرچی سەری دێناو دەبرد نەيدەزانی كە ئەم كولەكەيە چۆن يارمەتی ئەو دەدات تا بۆ ئاهەنگەكە بڕوات، بەڵام بێ چەندو چوونو يەكسەر رۆيیو باشترين كولەكەی دۆزييەوەو بۆ فريشتەكەی هێنا.

فريشتەكە، كولەكەكەی هەڵكۆڵیو تەنيا قاوغەكەی مايەوە. بە دارعاساكەی خۆی يەكێكی بە كەوڵو قاوغی كولەكەكەدا كێشا، كولەكەكە لە پڕ گۆڕاو بوو بە گاليسكە. ئەوسا فريشتەكە، شەش دانە مشكی لە تەڵە مشكێكدا پەيدا كردو بە سەندرێلای گوت كە دەرگا چكۆلەكەی تەڵەكە بكاتەوە. فريشتەكە مشكەكانی وەرگرتو بە دار عاساكەی يەكێكی پێدا كێشانو هەر مشكێك بوو بە ئەسپێكی جوان، بەمجۆرە شەش دانە ئەسپی جوانی ياڵ سپی ئامادە بوون.

سەندرێلا کـە بـینی پێویسـتیان بـە گالیسکەچـیەکە گـوتی: "دەڕۆم بـزانم لـە تەڵـە مشکەکەدا جرجێك پەیدا دەبیّ یان نا؟ بەڵکو بیکەین بە گالیسکەچی خۆمان!"

فریشتەکە گوتی: "باشە برۆ".

سەندرێلا تەڵە مشکەکەی بۆ فریشتەکە هێنا، سیّ دانە جرجی گەورە لە نێو تەڵەکـەدا بوون، فریشتەکە کە سەیری کرد یەکێکیان لـەوانی تـر گـەورەترە، عاسـاکەی خـۆی پێـدا کێشاو جرجەی کرد بە گالیسکەچیەکی قوتو قەڵەوی، خۆ شرەفتاری، سمێڵ جوانی ئـەوتۆ کە تا ئەو دەمە کەس نەیدیتبوو. ئەوسا فریشتەکە بە سەندرێلای گوت: "دیسـان بـڕۆ بـۆ باخەکە، شەش مارمیلۆکی لێیە، هەموویانم بۆ بێنە".

سەندرێلا بەلەز (بەپەلە) مارمیلۆکەکانی هێناو فریشتەکە هـەر شەشـیانی گـۆڕی بـە شەش پێشخزمەتی جلو بەرگ سەوزی بە زیو چنراو و یەکسەر لـە پشـتی گالیسـکەکەوە جێی خۆیان گرت.

فریشـتەکە، بـە سـەندرێلای گـوت: "ئێسـتا گالیسـکەیەکی لـە بـارت هەیـەو بـۆ ئاهەنگەکەت دەبات."

سەندرێلا هاواری کرد: "وایە، بەڵام بەم هەر بەم جلە کۆنانەوە بڕۆم!"

فریشتەکە، بە ئەسپایی عاساکەی بـە سـەندرێلادا کێشـاو یەکسـەر جلـە کۆنـەکانی گۆڕانو بوون بە جلی زیوینی بە زێرو جەواهێر چندراو و ئەنجام جووتیّ سـەندەڵی (قاپقـاپ) بلوورینی دا بە سەندرێلا، کە جوانترین سەندەڵی بلوورینی دنیا بوو.

سەندرێلا، کە بـە تـەواوەتی خـەملی بـوو (رازابـووەوە) سـواری گالیسـکەکە بـوو و فریشتەکە دوا دوا ئامۆژگاری کردو گوتی: نابیّ لە نیوەشەو بە دواوە، لە کۆڕو ئاهەنگەکـە وەمێنیّ، ئەگەر یەك سات دێر بکەویّ گالیسکەکەت دەبێتەوە بە کولەکـەو ئەسـپەکان بـە مشك، گالیسکەچییەکە بە جرجو نۆکەرو پێشخزمەتەکانت بـە مـارمیلۆكو جلەکانیشـت دەبنەوە بە هەمان جلە کۆنەکانی جاران.

سەندرێلا بەڵێنی بە فریشتەکەدا کە بەر لە نیوە شەو ئاهەنگەکە بەجیّ بێڵـیّ. ئەوسـا سەندرێلا کە لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوریو لە خۆشیان پێی بە عاردی نەدەکەوت

به گالیسکەکەی کەوتەڕێ، کۆشکی پاشا خۆت بگـرە وا هـاتم. خەبـەریان بـە شـازادەدا، جوانترین کچ کە هیچکەسێك نایناسێت بـۆ ئاهەنگەکـە هـاتووە. شـازادە هاتـە دەرێ تـا پێشوازی بکات. لەو کاتەدا کە سەندرێلا لە گالیسەکەکە دابەزی، شازادە دەستی گرت بـۆ هۆڵەکە، بۆ ناو میوانەکانی برد.

ئامادەبووان بە جۆرێ مەستی جوانی بێ وێنـەی کچـەی نـەناس بـوون، کـە یەکسـەر بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشـا و ئـەو میوانانـەی کـە خـەریکی رەقسـینو هەڵپەڕکێ بوون، دەستیان بەردا، کەمانچەژەنان دەستیان لە ژەنین هـەڵگرت. لـەم کاتـەدا جگە لە ورتەو سرتەی **"کە جوانە! تەحا لەو جوانیە!"** گوێت لە هیچی تر نەدەبوو.

تەنانەت خودی پاشاش کە پیرە پیاوێك بووو نەیدەتوانی بە باشی سەندرێلا بـدینێ، بـە ئەسپایی ولە بن لێوانەوە بە شابانۆی گوت: دەمێ بوو مـەخلووقی وا جـوانم نـەبینی بـوو. هەرچی ژن لەوێ بوون نقومی تەمەشای جلو بەرگو مۆدێلی قژی سەندرێلا بوون تا بەڵکو لە ئاهەنگی رۆژی دواتردا چاو لە هەمان جلو بەرگو مۆدێلی قژی ئـەو بکـەن، هەڵبەتـە ئەگەر بیان توانیبا ئەو قوماشە جوانە پەیدا بکەن و خـەیاتێك بدۆزنـەوە کـە بتـوانێ ئـەو مۆدێلە جلە جوانە بدورێت!.

شازادە، سەندرێلای بۆ شوێنی ئەشرافان رێنوێنی کردو دوای تۆزێـك داوای لێکـرد کـە سەمای لەگەڵدا بکات. سەندرێلا هێندە بەجوانی سەمای دەکـردو دەرەقسـی کـە ئامـادە بووان هێندەی دیکە دڵبەندی بوون. لە دوای سەما، شیوێکی یەجگار بـاش دانـراو خـورا، بەڵام شازادەی لاو بە جۆرێ نقومی تەمەشای سەندرێلا بوو بوو کە هیچی نەخوارد.

سەندرێلا، لەلای زڕ خۆشکەکانی خۆیەوە دانیشت، هەندێ لەو لیمـۆو پرتەقاڵـەی کـە شازادە دابویە، دا بەوانو ئەوپەڕی رێزی لێگرتن. ئەم رەفتـارو هەڵوێسـتەی سـەندرێلا, زڕ خوشکەکانی زۆر سەرسام کرد، چونکە ئەوان نەیاندەناسیەوە.

لەو کاتەدا کە سەندرێلا هەردوو خوشکەکە سەرگەرم کردبوو گوێی لە زەنگی سـەعات بوو کە چـارەکی دەویسـت بـۆ دوانـزە. یەکسـەرو بەوپـەڕی نەزاکەتـەوە دوعـاخوازی لـە میوانەکان کردو بەلەز لە کۆشکەکە وەدەرکەوت.

کاتیٚ سەندرێلا گەییشتەوە ماڵیٚ، هەوڵیدا فریشتەکە بدۆزێتەوە، پاش ئەوەی سوپاسی کرد گوتی: "پڕ بە دڵ حەز دەکات کە سبەینێش بۆ ئاهەنگ‌و دەعوەتەکە بڕوات، چونکە شازادە دەعوەتی کردووە. بەڵام مخابن کە ناتوانیٚ بڕوات". ئەوسا سەندرێلا، بە تاسەوە، هەر هەموو رووداوەکانی ئەو شەوەی بۆ فریشتە گێڕایەوە. لەم کاتەدا زڕ خوشکەکانی سەندرێلا لە دەرگایان داو سەندرێلا چوو دەرگای لێکردنەوە.

سەندرێلا، کە وای دەنواند تازە لە خەو هەستاوە، چاوەکانی هەڵگڵۆفت‌و کێشمانێکی خۆی داو گوتی: "زۆر دێر کەوتوون".

یەکێك لە خوشکەکان بە سەندرێلای گوت: "ئەگەر لە ئاهەنگەکە بایت، هەرگیز بێتاقەت نەدەبووی. یەکێك لە شازادەخانمە هەرە جوانەکان لە ناکاو بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو خۆی بە ئاهەنگەکەدا کرد. بە عەمراتی خۆمان کیژی وا جوانمان نەدیتووە. زۆر دەگەڵ ئێمەدا میهرەبان‌و بە نەزاکەت بوو و لیمۆو پرتەقاڵیشی داینیٚ."

سەندرێلا، بە رواڵەت، بیٚ موبالات‌و خەمسارد بوو، بەڵام ناوی ئەو شازادە خانمەی لیٚ پرسین. جووتە خوشك گوتیان کە ناوی نازانن. بەڵام شازادە ئامادەیە هەموو دنیای لە قەبێڵ بکات تا بزانێت ئەو کیژە کێیە. سەندرێلا، بزەیەکی بۆ کردو گوتی: "کەواتە دەبیٚ بەڕاستی زۆر جوان بیٚ، خەنی لە خۆتان کە خۆشتان لێگوزەراوە!" هەنگیٚ لە سەری رۆیی: " باشە من ناتوانم بدینم؟ کارلێت گیان، بێزەحمەت، بە ئەرك نەبیٚ، تۆ ئەو جلە زەردەی خۆت کە هەموو رۆژیٚ لە بەری دەکەی، بە قەرز بدە بە من."

کارلێت هاواری کرد: "دڵنیابە کاری وا ناکەم. جلەکانی خۆم بە قەرز بدەمە سەندرە پەسپەند! خۆ کەر نەبووم."

سەندرێلا، لە راستیدا چاوەڕوانی ئەو جۆرە وەڵامەی دەکرد و بەلایەوە سەیر نەبوو، بە ناڕازی بوونەکەی ئەو خۆشحاڵ بوو، چونکە ئەگەر خوشکەکەی داواکەی ئەوی، کە سوعبەتێك بووو هیچی تر، قەبوڵ کردبا، هەنگیٚ بە نیگەرانی بۆ ئاهەنگەکە دەڕۆیی.

بۆ سبەینیٚ هەردوو خوشك‌و سەندرێلاش لە ئاهەنگەکە بوون. بەڵام جل‌و بەرگەکەی سەندرێلا لەوەی دوێنێش جوانترو بە شکۆتر بوو. شازادە بەردەوام دەهاتە لای سەندرێلاو

قسەی خۆش‌و شیرینی بۆ دەکرد. بەڵام سەندرێلا کە نقومی شـکۆی ئاهەنگەکـە بـوو، لـە بیری چوو بوو کە فریشتەکە چ ئامۆژگارییەکی کردووە. سەرەنجام سەندرێلا دەنگی زەنگـی سەعاتەکەی ژماردو کاتێ زانی کە چیوای بۆ سەعات دوازدە نـەماوە، یەکسـەر لـە جێـی خۆی هەستاو بە خێرایی‌و چەلەنگی کارمامزێك هەڵات، شازادەش دوی سـەندرێلا کـەوت بەڵام پێیا نەگەیی. سەندرێلا، لە پەلەپەلی خۆیدا، تاکێك لـە سـەندەڵە بلوورینـەکانی لـێ بەجێماو کوڕی پاشا هەڵیگرەتەوە.

سەندرێلا، بە جلکە کۆنەکانیەوە و بە هانکە هانك، بێ ئەوەی هیچ زێڕو زیوێکی پێـوە مابێ جگە لە تاکێکی سەندەڵە بلوورینەکەی، گەییە ماڵەوە.

لە پاسەوانانی دەروازەی کۆشکی پاشایەتیان پرسی کە شازادە خانمێکیان نـەدیتووە کـە لە کۆشك وەدەرکەوتبێ. بەڵام، نا، پاسەوانەکان هـیچ کەسـێکیان نـەبینی بـوو جگـە لـە کیژێکی گەنجی شڕپۆش کە زیاتر لە کیژە گەدایەکی بێ نەوا چووە تا لە خـانمێکی پۆشـتەو پەرداخ.

کاتێ جووتە خوشك لە ئاهەنگەکە گەڕانەوە، سەندرێلا لێی پرسین کـە ئـاخۆ خۆشـیان لێ گوزەراوەو ئەو خانمە جوانەی دوێ شەو هاتبووەوە؟ وەڵامیـان دایـەوە: "بـەڵێ هـاتبوو، بەڵام کاتێ کە زەنگی سەعات دوازدە لێی داوە بەلەز ڕۆییوەو دیار نەماوە، هێنـدە شـپرزە بووە کە تایەك لـە سـەندەڵە بلورینـە (شوشـەیی) ناسـکەکەی لـێ بـە جێمـاوەو شـازادە هەڵیگرتووەتەوە. کوڕی پاشا بە درێژیی ماوەی ئاهەنگەکە هەر تەمەشای ئـەوی کـردووەو ئاشقی خاوەنی ئەو سەندەڵە بلورینە بووە."

قسەی خوشکەکانی سەندرێلا ڕاست بوو. چونکە شازادە دوای چەند ڕۆژێك فەرمانی دا کە جاڕچی بە شەیپورەوە بکەونە ناو شارو ڕای بگەیەنن کە شازادە بـە نیـازە ئەگـەر ئـەم سەندەڵە بەپێی هەر کیژێك بکات زەماوەندی لەگەڵدا بکات. مامورو کاربەدەستان کەوتنە تاقیکردنەوەی سەندەڵی نێوبراو، هەوەڵجار بەپێی شازادەخانمانو ئەوجا ئەشرافزادانو پاشان هەموو کیژانی شاریان گرت. سەندەڵە بلورینەکە هێنرایـە لای خوشـکەکانی سـەندرێلاش، هەر یەکەیان هەوڵی دا بە تۆپزی (بە زۆر) سەندەڵەکە بکاتە پێی، بەڵام بێهودە. سـەندرێلا

که سەندەڵەکەی خۆی دەناسییەوە، بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: "با منیش تاقی بکەمەوە بزانم بە پێم دەکات؟"

خوشکەکانی لە قاقای پێکەنینیان داو کەوتنە توانج لێدانی سەندرێلا. بەڵام ئەو پیاوەی کە ماموری تاقیکردنەوەی سەندەڵەکە بوو، نیگایەکی وردی سەندرێلای کردو سەیری کرد یەجگار جوانو دڵڕفێنە. ئەو پیاوە گوتی: "هەقی خۆیەتی ئەو سەندەڵە تاقی بکاتەوە، چونکە فەرمانی شازادەیە کە هەموو کەس بۆی هەیە تاقی بکاتەوە."

ئەوسا ماموری ناوبراو داوای لە سەندرێلا کرد، دانیشێتو سەندەڵەکە لە پێبکات و زۆری پێ سەیر بوو کە سەندەڵەکە زۆر بە ئاسانی بە پێی سەندرێلای کرد، دەتگوت لە بیلادەوە بۆ ئەویان دروستکردووە.

جووتە خوشك زۆریان پێ سەیر بوو، بەڵام کاتێ کە دیتیان سەندرێلا تاکە سەندەڵەکەی تری لە گیرفانی خۆی دەرهێنا، هێندەی دی واقیان وڕما. لەم کاتەدا فریشتەکەش پەیدا بوو، دار عاساکەی بە جلەکانی سەندرێلادا داو جلەکانی لە هەموو کاتێکی تر جوانتر کرد.

خوشکەکانی سەندرێلا، کەوتنە سەر دەستو پێیو داوای بوردنیان لێکردو لە تێکرای بەدڕەفتارییەکانی پێشوویان پەشیمان بوونەوە. سەندرێلا دەستی لە ملی خوشکەکانی وەریناو گوتی لە کانگای دڵەوە بەخشیونیو گەردنی ئازا کردوون،و داوای لێکردن کە هەمیشە خۆشیان بوێ.

سەندرێلا، بۆ کۆشکی شازادە برا، لە هەموو جارەکانی دی جوانتر هاتە بەرچاوی شازادەو دوای چەند رۆژێك زەماوەندی دەگەڵ کرد. سەندرێلا چەند جوانو خشکۆك بوو، دوو ئەوەندە مێریڤانو دڵپاقژو بە روحم بوو.

لە کۆشکەکەی شازادەدا، خانوویەکی دا بە هەردوو خوشکەکەیو زوو بە زوو هەردووکیانی لە دوو ئەشرافزادە مارە کرد.

***چارلز پرالت***

***کۆچیرۆکی ئاندرۆلانگ***

**(٢)**

# سێ بێچووه بەراز

بەرازێك سێ بێچوولەی جوانی خۆشەویستو ئازیزی هەبوو کە سالأنێك بوو بە خۆشی پێکەوە دەژیان، تا رۆژێ هات کە بەرازەکە توانای بەخێوکردنی بێچووەکانی نەماو لە مالٚ وەدەری نان تا مشوری خۆیان بخۆنو خۆیان بە چارەنووسی خۆ بسپێرن.

یەکەمین کودەلّە، تووشی کابرایەك بوو کە گورزەیەك زەلو جەگەنی پێ بوو. کودەلّەکە بە کابرای گوت: "دەکرێ ئەم زەلانە بدەی بە من، تا خانوویەکی بۆ خۆم پێ دروست بکەم؟"

کابرا زەلەکانی دایە. کودەلّەکەش خانوویەکی پێ دروست کرد. زۆری پێنەچوو کە گورگێك لەلاوە هاتو لە دەرگای مالّی کودەلّەکەی داو گوتی: "کودەلّە، کودەلّە! دەرگام لێ بکەوە با بێمە ژووری".

کودەلّە وەلاّمی دایەوە: "نا، نا، قەسەم بەو موانەی لە چەناگەم رواون دەرکە ناکەمەوە."

گورگەکە گوتی: "دەیسا منیش توورە دەبمو بە یەك فوو مالّەکەت وێران دەکەم."

گورگە، توورە بوو، بە فوویەك مالّی کودەلّەکەی تەفرو تونا کردو کودەلّەکەی خوارد.

کودەلّەی دووەم، تووشی کابرایەك بوو کە بارێك لقو پۆپی درەختی پێ بوو. بە کابرای گوت: "بێزەحمەت ئەم لقوپۆپ و هەژگانە بدە بە من، با بۆ خۆم خانوویەکی پێ دروستبکەم."

کابرا، هەژگ،و لقو پۆپەکانی دایە و ئـەویش بـۆ خـۆی خانوویـەکی دروسـتکرد. گورگەکە هەمدیس هاتەوەو گوتی: "کودەڵە، ئەهای کودەڵە! دەرگا بکەوە با بێمـەوە ژوورەوە."

گوتی: "نە، قەسەم بەم مووانەی لە چەناگەم رِوواوە، دەرگات لێناکەمەوە".

گورگەکە گوتی: "دەیسا منیش تووڕە دەبم‌و بە یەك فوو گەردەلوولێك هەڵدەکەم‌و ماڵەکەت تەفروتونا دەکەم."

گورگە تووڕە بوو، بە فوویەك ماڵی کودەڵەی دووەمیشی تەفروتونا کرد و ئەویشی خوارد.

بێچووە بەرازی سێیەمیش تووشی کابرایەك بوو کـە کۆڵێـك خشـتی پـێ بوو.بـە کابرای گوت: "دەکرێ ئەم خشتانە بدەیت بە من تا بۆ خۆم خانوویەکیان پـێ دروسـت بکەم؟".

کابرا خشتەکانی دایە، ئەویش خانوویەکی پێ دروست کردن، هەمدیس پیرە گورگ پەیدا بووەوە، بە هــەمان شـێوەی جـاران، بـە بێچـووە بـەرازی سێیەمیشـی گـوت: "کودەڵە، ئەهای کودەڵە! (بێچووە بەراز) دەرگا بکەوە با بێمە ژوورەوە."

کودەڵـە وەڵامــی دایــەوە: "قەســەم بــە مووەکــانی ســەر چــەناگەم، دەرگــات لێناکەمەوە."

گورگە دیسان گوتی: "کەواتە منیش تووڕە دەبم‌و بە فوویەك ماڵەکەت تەفرو تونا دەکەم."

ئەمجارەیان گورگە گوڕی بەستەوەو فووی کرد، بـەڵام ماڵەکـەی پـێ تێـك نـەدرا، گورگە کە زانی فوو کردن و هەڕو گیف (هەڕەشە) دادی نادات‌و ماڵەکەی پــێ تــەفرو تونا ناکرێت، گوتی: "کودەڵە، من دەزانم، بێستانی شێلم لە کوێندەرە!".

کودەڵە گوتی: "لە کوێیە؟"

گورگە گوتی: "لە زەویەکانی ئاغای (اسمیت) دایە. ئەگەر تۆ سبەی بەیانی ئامادە بیت، من دێم بە دووتاو پێکەوە دەڕۆین، بۆ شام (شیو) هەندێ شێلم دەهێنین."

کودەڵە گوتی: "زۆر چاکە من ئامادە دەبم. سەعات چەند بڕۆین؟"

گورگە گوتی: " سەعات شەشی بەیانی!"

کودەڵە، بەیانی سەعات پێنج لە خەو هەستاو بەر لەوەی گورگەکە بێت، رۆیی‌و لە بێستانی ناوبراو شێلمی هێنا، گورگەش سەعات شەش هات‌و گوتی: "کودەڵە، ئامادەیت؟".

کودەڵە گوتی: "ئامادەی ئامادە! من چووم بۆ ئەوێندەرو گەڕایشمەوەو یەك قاپی پڕ لە شێلمم بۆ شیوی ئێوارە هێناوە."

گورگە زۆری لەبەر گران بوو، بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی: " بە هەر شێوەیەك بووە، سەرەنجام ئەم کودەڵەیەش بەگیر دێنم، ئەوسا گوتی: "کودەڵە، من دەزانم کە درەختی جوانی سێو لە کوێ هەیە."

کودەڵە گوتی: "لە کوێ هەیە ؟".

گورگە گوتی: "لە خوار پارکە (باخ) گەورەکەوە، ئەگەر تۆ فێڵم لێنەکەیت‌و نەمخەڵەتێنی، سبەینێ سەعات پێنج دێم‌و پێکەوە دەچین هەندێك سێو دێنین.

کودەڵە، بەیانی سەعات چوار لە ماڵ هاتە دەرێ‌و چوو بۆ شوێنی سێوەکان و دەیویست پێش هاتنی گورگەکە بۆ ماڵ بگەڕێتەوە. بەڵام رێگە دوور بوو، ناچار بوو رێگەیەکی زۆر ببڕێ تا بگاتە دار سێوەکە و دەبوایە بەدارەکەدا سەر بکەوێ، بۆیە رێك لەو کاتەدا کە دەیویست لە درەختەکە بێتە خوارێ، سەیری کرد گورگەکە وا خەریکە دێت، وەکو چاوەڕوان دەکرا، کودەڵەکە زۆر ترسا.

کاتێ گورگەکە گەییە جێ گوتی: "چی! کودەڵە، ئەوە تۆ پێش من هاتوویت؟ سێوەکان بەتامن؟"

کودەڵە گوتی: "بەڵێ، زۆر! فەرموو وا سێوێکت بۆ هەڵدەدەمە خوارێ"و سێوەکەی زۆر دوور هەڵدا. کاتێ گورگەکە چوو سێوەکە هەڵگرێ، کودەڵە خۆی هەڵدایە خوارەوەو پێی وەغارەوە ناو تاکو ماڵ نەوەستایەوە.

ڕۆژی دواتر پیرە گورگ جارێکی دی هاتەوەو گوتی: "کودەڵە، سبەی دوا نیوەڕۆ دێی بڕۆین بۆ بازاڕو شت کڕین؟

کودەڵە گوتی: "ئۆو بەڵێ! دەڕۆین،تۆ سەعات چەند ئامادە دەبیت؟"

گورگەکە گوتی: "سەعات سێ"

کودەڵە، وەکو هەمیشە زووتر لە قەرارەکەیان لە ماڵ وەدەرکەوتو گەییە بازاڕ، پیپێکی (بەرمیلی بچووك) کەرەسازی کڕیو لەو دەمەدا کە بەڕێوە بوو بۆ ماڵ بگەڕیتەوە، سەیری کرد گورگەکە بەرەو رووی دێت. کودەڵەکە نەیدەزانی چ بکاتو چ بڵێت، خۆی بە پیپەکەدا کردو غلی کردەوە. پیرە پیپ بە کودەڵەوە لە سەرێ را بەرەو خوار غل دەبووەوە، گورگەکە کە ئەمەی بینی ترسی لێنیشتو بازاڕەکەی نەکردو بۆ ماڵ گەڕایەوە. پاشان گورگە چوو بۆ ماڵی کودەڵەکەو بۆی گێڕایەوە کە چۆن شتێکی گەورەی دیتووە لەسەر گردەکەوە بە دوای ئەودا غل بووەتەوەو ئەویش ترساوە.

کودەڵە گوتی: "دەزانی ئەوە من بووم تۆم ترساند؟ من چوو بوومە بازاڕو پیپێکی کەرەسازیم بۆ خۆ کڕیو کە تۆم بینی، چوومە ناویەوەو لەسەر گردەکەوە خۆم غل کردەوە."

گورگەکە یەجگار تووڕە بوو و گوتی کە لە لوولەی دووکەڵکێشەکەوە دەچمە خوارێو کودەڵەکە دەخۆم. کاتێ کودەڵەکە سەیری کرد گورگەکە گەرەکیەتی لە دووکەڵکێشەکەوە بێتە خوارێ، مەنجەڵێکی پڕ لە ئاو کردو ئاگرێکی زۆر گەورەی رێك لە ژێر دووکەڵکێشەکەدا کردەوە، مەنجەڵە ئاوەکەی خستە سەریو سەری مەنجەڵەکەشی لادا.

گورگەی بێ ئاگا لە هەموو شتێك، رێك کەوتە ناو مەنجەڵەکەوەو کودەڵە خێرا سەرەکەی نایەوەو کوڵاندیو بۆ شام خواردیو ئیدی لەوە بە دواوە سەر سووكو دڵ رەحەت ژیانی گوزەراند.

***لە فۆلکلۆری کۆنی ئینلیزییەوە***

***گێڕانەوەی:جۆزیف جاکوبز***

## (٣)

# سپی بەفرینو سۆرگوڵ

ڕۆژگاریٚ بێوەژنێکی دەسکورت لـە کوختەیـەکی چـکۆلەدا دەژیـا. لـە بەرانبـەر کوختەکەی ئەودا دوو بنجە گوڵەباخ ڕووا بوو، یەکێکیان گوڵی سوورو ئەویتریان گوڵی سپی دەگرت. ئەم بێوەژنە دوو کیژی هەبوون وەکو ئەو دوو بنجە گوڵـە جـوان بـوون. ناوی یەکێك لە کیژەکان سپی بەفرین و نـاوی ئـەویتریان سـۆرگوڵ بـوو. ئـەم جووتـە خۆشەویستترینو باشترین منداڵی دنیا بوون.

ئەم کچانە زۆربەی کـات بـە لێـڕەوارو دارسـتانەکاندا دەسـووڕانەوەو تووتڕکیـان دەچنیو هەرگیز هیچ حەیوانو گیانلەبەرێك ئازاری نەدەدان، بەڵکو گیانلەبەرەکان بـە کەماڵی ئاسوودەیی لێیان نزیك دەبوونەوە. کەروێشکی خرپن بە دەستی ئەوان پەلکـە کەلەرمی دەخـوارد، بزنـەکێوی لەلایانـەوە دەلـەوەڕاو کەڵـەکێوی لـە دەوروبەریانـدا هەڵبـەزو دابـەزی دەکـردو باڵنـدان بەسـەر چـڵو لقـی درەختـانی نزیکـی ئەوانـەوە دەیانخوێندو ئیدی سپی بەفرینو سۆرگوڵ، سەرسووكو دڵڕەحەت، بـیٚ خـەمو خـەیاڵ، هەمیشە دوور بوون لە هەر ڕووداوێکی ناخۆش. خۆ ئەگەر کاتیان فـەرامۆش کردبـاو درەنگ کـەوتبانو شـەویان بەسـەردا هاتبـا، لـە دەشـتو دەران لەسـەر سـەوزەگیان دەنووستنو دایکیـان هـیچ ناڕەحـەتو نیگـەران نـەدەبوو، چـونکە دەیزانـی کـە لـە جێگایەکی ئەمنو ئـەمانن. جارێکیـان کـە سـپی بـەفرینو سـۆرگوڵ لـە لێـرەواردا نووستبوون، بەیانی کە دەگـەڵ گزنگـی هـەتاودا خەبـەریان بـووەوە، هەسـتیان کـرد منداڵێك بە جلێکی سپی بریقەدارەوە لـە نزیکـی ئـەوان دانیشـتووە. منداڵەکـە بـە میهرەبانی تەمەشای دەکردن، بەڵام هیچی نەدەگوت، لە پڕ بەناو لێڕەوارەکە کـەوتو

لە چاو ون بوو. کیژەکان کاتیّ سەیری دەوروبەری خۆیان کرد، سەیریان کرد کە شەویّ لەسەر هەلّدێرێکی هەزار بە هەزار نووستبوون،و ئەگەر لەو تاریکییەدا چەند هەنگاوێك چووبانە پێشیّ، لە هەلّدێرەکەوە بەر دەبوونەوە.

وەختیّ جووتە کیژ بۆ مالّ گەڕانەوەو حالّو حیکایەتەکەیان بۆ دایکیان گێڕایەوە، دایکیان گوتی هەبیّو نەبیّ ئەو مندالّە، فریشتەی نیگابانی (پاسەوان) مندالاّن بووە.

سپی بەفرینو سۆرگولّ، هەمیشە بە جۆریّ کوختەکەی دایکیان خاوێن دەکردەوەو ڕێکیان دەخست، کە هەر کەسێك ڕێی بکەوتایەتیّ، دلّی دەکرایەوە. لە هاویندا سۆرگولّ هەموو ڕۆژیّ بەیانی زوو پێش ئەوەی دایکی لە خەو رابیّ دوو چلّە گولّی سپیو سۆری لە تەنیشت تەختە خەوەکەیەوە دادەنا. سۆرگولّ، ئەم گولاّنەی لە بنجە گولّە باخەکەی بەرانبەر کوختەکە دەچنی. لە زستانیش دا سپی بەفرین، ئاگری دەکردەوەو کترییەکی برنجەی بریقەداری پڕ لە ئاوی دەخستە سەر ئاگرەکە تا بکولێت.

لە شەوانی درێژی زستاندا، کاتیّ کلو بەفران لە ئاسمانیّ را دەهاتە خواریّ، دایکیان دەیگوت: "ئادەی سپی بەفرین، بڕۆ هەموو دەرگاو پەنجەرەکان دابخە".

پاشان هەموو لە دەوری ئاگرەکە دادەنیشتنو دایکیان عەینەکەکەی لە چاوانی دەکردو بە دەنگی بەرز کتێبی چیرۆکی بۆ دەخوێندنەوە. بەرخۆلەیەك لە تەنیشت ئەوانەوە لە عاردی رادەکشاو کۆترێکی چکۆلەی سپیش لە سەر تاقەکەی پشتیانەوە هەلّدەنیشتو سەری وەبن بالّەکانی دەنا.

شەوێك کە بەو گەرمو گوڕیو خۆشییە لە دەوری یەکتر دانیشتبوون، دەنگێك هات. دایکیان گوتی: " سۆرگولّ دەرکە وەکە، بێگومان ڕێبوارێکی لێقەوماوە کە لەم سەرماو بەفرەدا بۆ دالّدەو پەناگەیەك دەگەڕیّ." سۆرگولّ بەلەز (پەلە) ڕۆییو دەرکەی وەکرد. بەو نیازە دەرکەی کردەوە کە کابرایەکی هەژاری بێنەوا، بەو تاریکەشەوە لەبەر دەرکە وەستا بیّ، بەلاّم کە دەرکەی وەکرد ورچێکی بینی کە کەللە زەلامە قاوەییەکەی بە دەرگاکەدا دەکێشێت. سۆرگولّ، قیژەیەکی کردو لە ترساندا بە پەلە گەڕایەوە، بەرخۆلەکەش دەستی بە بارە باڕ کردو کۆترەکەش بالّەکانی بە یەکدا دان، سپی

بەفرین، رایکردو خۆی لە پشت تەختە خەوەکەی دایکییەوە وەشێرت (شاردەوە). بەڵام ورچەکە گوتی: "مەترسن! هیچ ئازارێکتان ناگەیەنمێ، خەریکە لە سەرما رەق دەبمەوە، تەنیا گەرەکمە تۆزێ خۆم گەرم بکەمەوە".

دایکیان گوتی: "ورچی بەلەنگاز (بێچارە) وەرە لە پاڵ ئاگرەکە پاڵبکەوە، بەڵام ئاگات لە خۆ بێ کوڵکەکانت (موو) نەسووتێت." هەنگێ دایکەکە، سپی بەفرینو سۆرگوڵی بانگ کرد کە لە پەناگاکانتان وەرنەدەر، ئەم ورچە هیچ ئاسیوێکتان (ئازار) پێناگەیەنێ، گیانلەبەرێکی مێریڤان (میهرەبان)و بێ وەیە.

سپی بەفرینو سۆرگوڵ لە پەناگە هاتنە دەرێو بەرە بەرە بەرخۆلەکەو کۆترەکەش لێیان نزیك بوونەوەو هەموو ترسیان رەوییەوە. ورچەکە داوای لە منداڵەکان کرد کە بەفری سەر مووەکانی بتەکێنن. ئەوانیش هێندەیان ڕنەك بە مووەکانیا هێنا تا وشك بووەوە. ئەوسا ورچەکە بێ خەمو خەیاڵ، ئاسوودە دڵو سەر رەحەت لە پاڵ ئاگرەکەدا راکشاو کەوتە پرخە پرخ.

زۆری نەبرد، کچەکان خوویان بە ورچەکەوە گرتو زۆری پێ شادبوون و وەکو سەگێکی گەورە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد. کچەکان، ورچەکەیان بەم دیوو بەو دیودا تل دەداو سەریان دەکردە سەری،و کاتێ کە دەی مڕاندو دەی پرخاند، نەك نەدەترسان، بەڵکو پێدەکەنین، ورچە هەموو شتێکی بە روو خۆشی تەحەمول دەکرد، تەنیا کاتێ منداڵەکان زۆریان ئەزیەت دابا، هاواری دەکرد:

***ئاها! بەرۆکم بەردەن***

***سپی بەفرین گیان، سۆرگوڵ گیان***

***سەر مەخەنە سەرم، خەریکە دەدەم گیان***

سەرەنجام کاتی خەو هات، هەموو چوونە ناو جێگاوە. دایکیان بە ورچەکەی گوت: "تۆش دەتوانی لەسەر قالیچەکەی پاڵ سۆپاکە. بخەوێ، ئەوێ پەناگەیەکی باشە لە بەفرو سەرمای دەرێت دەپارێزێ."

هەرکە دنیا رووناك بووەوە، منداڵەکان ڕێگەی ورچەکەیان دا، کە لە ماڵ وەدەربکەێ... ئەویش بەکاوەخۆ بە نێو بەفرەکەدا بەرەو لێرەوار (دارستان) وەڕێکەوت. لەوشەوە بەدواوە، ورچە هەموو شەوێك لە هەمان کاتو سەعاتدا دەهاتو لە پاڵ سۆپاکەدا رادەکشاو ڕێگەی بە سپی بەفرینو سۆرگوڵ دەدا تا بە کەیفی دڵی خۆیان گەمەی (یاری) لەگەڵ دا بکەن، بە رادەیەك هۆگری ورچە بوو بوون کە شەوان تا ئەو کاتەی کە ئەو دەهات، دەرکەیان کلیل نەدەدا.

کە بەهار هاتو دنیا سەوز بوو، بەیانییەك ورچە بە سپی بەفرینی گوت: "ئیتر دەبێ من ئێوە بەجێ بێڵمو بە درێژایی هاوینەکە ناگەڕێمەوە."

سپی بەفرین پرسی: "ورچی مێریڤان بۆ کوێ دەڕۆی؟"

ورچە گوتی: "دەبێ بڕۆم بۆ دارستانو ئاگاداری عەمارەکەی خۆم بکەم، تا کورتە باڵا یانی نارەسەن دەستیان نەبەنێ" ورچە لەسەری رۆیی: "لە زستاندا کە بەفر دەکەوێو زەوی دەیبەستێ، کورتە باڵایان دەچنە ژێر عاردی، چونکە ناتوانن بە عاردی بەستەڵەکدا سەر بکەون. بەڵام هەنووکە کە بەفر تواوەتەوەو هەتاو عاردی گەرم کردووە، کورتە باڵایان دێنە دەرێو هەر شتێکیان لەسەر عاردی دەست بکەوێ دەیدزنو لە غارو شکەفتاندا دەیشارنەوەو بە ئاسانی نادۆزرێنەوە."

سپی بەفرین، بە رۆییشتنی دۆستەکەیان زۆر نیگەرانو نارەحەت بوو. کاتێ دەرگای بۆ ورچەکە کردەوە، لە کاتی چوونە دەرەوەدا لایەکی پێستی ورچەکە لە دەسکی دەرگاکە گیر بوو، و سپی بەفرین تەسەوری کرد کە لە ژێر پێستی ورچەکەوە چاوی بە درەوشانەوەی زێڕ کەوتووە، بەڵام دڵنیا نەبوو.

ورچە بەلەز دوورکەوتەوە، زۆری نەبرد کە لە نێو دارو درەختەکاندا ون بوو. ماوەیەکی زۆر بەسەر رۆییشتنی ورچەکەدا نەڕۆیی بوو، کە دایکی کچەکان، منداڵەکانی بۆ لێرەوار نارد، تا چیلکەو دار کۆبکەنەوە، لە دارستانەکەدا تووشی دارێك بوون کە بڕا بووەوەو لە عاردی کەوتبوو، سەیریان کرد شتێك لە پاڵ دارەکەدا، لە نێو گیاو دەوەناندا هەر هەڵبەزو دابەزیەتی، بەڵام بۆیان مەعلووم نەبوو کە ئەو

شته چییه. کاتێ سپی بەفرینو سۆرگوڵ، چوونە پێشترەوە بە سەرسامی روانیان کە کورتە باڵایەکی رەنگو روو سیسەڵەو چرچەڵەی ردێن درێژی یەك مەتری لەوێیەو سەری ردێنی (ریش) لە قلێشی دارەکە گیر بووە، ئەم پیاوە چکۆلەیە، ئەم کورتە باڵایە وەکو سەگێك کە بە قرێتە بەسترا بێتەوە هەر هەڵبەزو دابەزی دەکردو نەیدەزانی چ بکات. چاوە قرمزە (سوور) ئاگرینەکانی بڕی بووە کیژەکانو هاواری دەکرد: "بۆچی لەو دوورە وەستاون؟ وەرن یارمەتیم بدەن!".

سۆرگوڵ پرسی: "پیاوی چکۆلە، تۆ لێرە چ دەکەی؟"

کورتە باڵا، بەرسڤی (وەڵامی) دایەوە: "هەی گەوجی فزوڵی لاپرەسەن! دەمویست ئەم دارە بشکێنمو هەندێ چیلکەو دار بۆ ئاشخانەکەم ببەمەوە، ئیدی پوازێکم خستە درزی دارەکە، بەڵام پوازەکە زۆر لووس بوو و لە دەستم دەرپەڕیو ئیدی فریا نەکەوتم ردێنم لە درزو قلێشی دارەکە دەربێنمو گیرم خواردووەو ناتوانم لە جێی خۆ بجووڵێم، ئێستاش ئێوە ئەی کچانی گەوجو دەموچاو ڕچیوی بێ تام، رەق راوەستاونو تەمەشای من دەکەنو پێم پێدەکەنن! تەحا کە خەڵکێکی بەدو خراپن!"

کچەکان، چەندیان کردو کۆشا، نەیانتوانی ردێنی کابرای کورتە باڵا دەربێنن، چونکە ردێنی زۆر خراپ لە درزی دارەکە گیر بوو بوو.

سۆرگوڵ گوتی: "من هەنووکە دەچم نەفەرێکی دی دێنم تا یارمەتیمان بدات".

کورتە باڵا هاواریکرد: "ناماقوڵت کرد، گەوجینە، هێنانی نەفەرێکی دی چ سوودێکی هەیە؟ ئێوە بۆ من سەرو زیادن. هیچ بیرێکی ترتان بە مێشکا نایەت؟"

سپی بەفرین گوتی: "خۆت نیگەران مەکە، من یارمەتیت دەدەم"

مقەسێکی لە بەرکی (گیرفان) دەرهێناو سەری ردێنی بڕی، کورتە باڵا، هەرکە رزگاری بوو، یەك کیسەی پڕ لە زێڕی کە لە ناو رەگو ریشەی درەختەکەدا شاردرا بووەوە، هەڵگرتو بەدەم خوتەو بۆڵەوە گوتی: "نەفرەت لەم کیژە لاسارانە کە ریشە جوانەکەمیان بڕی". هەنگێ کیسە زێڕەکەی لە پشتی بەستو بێئەوەی گوێ بە سپی بەفرینو سۆرگوڵ بدات، رۆییو لە چاو ون بوو.

دوای چەند رۆژێکی دی جووتە خوشك رۆیيشتن بۆ شیوی ئێواریٚ ماسی بگرن.

کاتیٚ گەییینە نزیکی رووبارەکە بوونەوەرێکی وەکو کولۆیەکی گەورە کە بە هەڵبەز هەڵبەز بەرەو رووبارەکە دەڕۆیی، سەرنجی راکێشان. بەغار بەرەو بوونەوەری ناوبراو چوون، سەیریان کرد، هەمان کابرای کورتە باڵای کۆنە ئاشنای خۆیانەو بە تەمایە خۆی هەڵداتە ئاوەکەوە.

سۆرگوڵ، لە کورتە باڵای پرسی: " ئەوە چ دەکەی؟ خۆ بە تەما نیت خۆت هەڵدەیتە ئاوەکەوە؟.

کورتە باڵا بەرسڤی دایەوە: "من ئەوەندە گەوج نیم کە کاری وا بکەم! چما نابینی کە ئەو ماسیە بەدفەڕە گەرەکیەتی رام بکێشێتە ناو ئاوەکەوە!".

بەڵام حاڵو حیکاتەکە بەم جۆرە بوو، کە ئەم کابرا کورتە باڵایە لە کەنار رووبارەکە دانیشتبوو،و سەرقاڵی راوە ماسی بوو بوو. بە رێکەوت بایەك هەڵدەکاتو ردێنی لە قولاپەکە گیر دەبێتو رێك لەو کاتەدا ماسییەکی گەورە قەپ بە قولاپەکەدا دەکات. بەڵام چونکە ئەم کابرا کورتە باڵایە دەرەقەت نایایەت ماسیەکە راکێشێتو لە ئاوەکەی دەربێنیٚ، ماسییەکە ئەو بۆ لای خۆی رادەکێشێت. کابرای کورتە باڵای بەلەنگازو بێنەواش بە هەموو هێزو قوەتی خۆیەوە هەر دڕكو داڵو بنچكو دەوەنێکی بەر دەستدەکەویٚ، توند دەیگرت، بەڵام فایدەی نەبابیٚ و ناچار دەبیٚ ماسییەکە بە هەر لایەکدا بجولٚیٚ، بەولایەدا بڕواتو لەزگ بوو (وەخت بوو) بکەوێتە ئاوەکەوە.

کیژەکان، رێك لە کاتی خۆیدا گەیی بوونە ئەوێندەرو کابرای کورتە باڵایان توند گرتو هەرچیەکیان لە دەسەڵاتو توانادا هەبوو درێغیان نەکرد بۆ ئەوەی ردێنی لە قولاپەکە بکەنەوە. بەڵام سوودی نەبوو، چونکە ریشی کابراو پەتەکە زۆر خراپ تێك ئاڵا بوون، ئیدی بیریان بە هیچ کویٚ رانەگەیی، تەنیا ئەوە نەبیٚ کە بە مقەست تۆزیٚ لە ردێنی ببڕن. بەمجۆرە کابرای کورتە باڵا هەمدیس تۆزێکی تری لە ریشی لە دەست دا.

کابرای کورتە باڵای سپڵەو پێنەزان کە بینی کیژەکان تۆزێکی تریان لە ردێنی بڕی، هاواری کرد: "باشە ئێوە گەرەکتانە بەم کارانەتان سیمای من ناشیرین بکەن؟ جاری پێشوو ئەوەندەتان لە ردێنم بڕی بەس نەبوو، وا ئەمجارەش لێم پەیدا بوونەوەو باشترین بەشی ردێنمتان هەڵپاچی. من لە ئێستا بە دواوە رووم نایە خۆم پیشانی هاوڕەگەزانی خۆم بدەم. سەد بریا ئێوە بۆ ئێرە هەر نەهاتبان." ئەوسا کابرای کورتە باڵا بە دەم خوتەو بۆڵەوە کیسەیەکی پڕ لە مرواری لە نێو نەیجەزارەکە (قامیشەڵان) هەڵگرتو بەناو درەختەکان کەوتو لە چاو ون بوو.

کیژەکان کە بە سپڵەیی کابرای کورتە باڵایان دەزانی، هیچیان نەگوتو ملی رێگەیان گرتو بۆ شار رۆیشتنەوە.

سپی بەفرینو سۆرگوڵ، لە رێگەی گەڕانەوەیاندا بۆ ماڵ، بە هەمان شوێندا تێپەڕین و سەیریان کرد کورتە باڵا، بێ خەمو خەیاڵ، مرواریەکانی لەو گۆڕە هەڵڕشتووەو تەسەوری نەدەکرد کە بەو ئێوارە درەنگە، هیچ کەسێك بەوێدا تێپەڕێت.

تیشکی زەردەپەڕی رۆژاوا لە مرواریيەکانی دەداو بە جۆرێ دەبریقانەوەو پرشنگیان دەدا کە کیژەکان بە ناچاری وەستانو ماتو حەیران چاویان بڕیيە ئەو جەواهێراتە.

کابرای کورتە باڵا، کە لە نیگەرانیو پەرێشانیدا دەموچاوە کەوەييەکەی، سوور هەڵگەڕا بوو، هاواری کرد: "ئەرێ ئەنگۆ بۆچی وا حەپەساوو حەیران وەستاون؟" کابرای کورتە باڵا هێشتا بە تەواوەتی لە قسەکانی نەبوو بووەوە کە لەپڕ دەنگێکی گڕ بەرز بووەوە، ئەوسا ورچێکی قاوەیی لە دارستانەکەوە هاتە دەر. کابرای کورتە باڵا لە ترسا کەوتە هەڵبەزو دابەز، بەڵام فریا نەکەوت خۆی بخزێنێتە پەناگەیەکەوە، چونکە ورچەکە رێك گەیی بووە دیار سەری. کورتە باڵا لە ترسا هاواریکرد: "ئاغای ورچی ئازیز، ببوورە! من هەموو گەنجێکی خۆم دەدەم بە تۆ. تەمەشای ئەم جەواهێراتو بەردە جوانانە بکە! ببوورە! خواردنی بوونەوەرێکی لاوازو بێ تواناو بچووكو بێنەواو بەلەنگازی وەکو من چ لەزەتێکی هەیە! من گۆشتم چییەو گۆشتاوم چیە! تۆ لە بەینی ددانەکانتا هەر هەستم پێناکەیت! لە جیاتی من ئەو دوو کیژە نارەسەنە بگرە. ئەوانە

پارووی چەورن بۆ تۆ، وەکو پۆرێکی قەڵەو لە جیاتی من بیـان خـۆ." بـەڵام ورچـەکە گوێی بە قسەکانی نەداو بە چنگە تیژەکانی چەپۆکێکی وای بـەو بوونـەوەرە بەدفـەڕو نارەسەنەدا کێشا کە جارێکی دی هەڵناسایەوە.

لەو کاتەدا کە کیژەکان پێیان وەغارەوە نا، ورچەکە گازی کـردنو گـوتی: "سـپی بەفرین، سۆرگوڵ مەترسن، سەبرکەن منیش دەگەڵتاندا دێم.

کیژەکان، کە دەنگی ورچەکەیان ناسییەوە وەستان. هەرکە ورچـەکە لـە کیـژەکان نزیك بووەوە، لە پڕ لە پێستی ورچایەتی دەرچـوو و بـوو بـە کـوڕێکی گـەنجی قـۆزی کەڵەگەتو پۆشتەو پەرداخی جلو بەرگ بە زێڕو زیو چنراو،و گوتی: "من شازادەیەکم کە لەلایەن ئەو کورتە بالاّ نارەسەنو بەدفەڕەوە ئەفسـوون کـرا بـووم. جـا نـەك هـەر گەنجەکەمی دزی بوو، بەڵکو گۆڕی بوومیشی بە ورچێکی کێوی،و ئەگەر نەم کوشتبا، دەبوایە بە درێژایی تەمەنم ئاوارەو دەربەدەری لێرەواران بم".

دوای ماوەیەك سپی بەفرین دەگەڵ شـازادە و سـۆرگوڵ دەگـەڵ براکـەی شـازادەدا زەماوەندیان کردو هەموو ئەو جەواهێراتەیان، کە کابرای کورتە بالاّ لـە شـکەفتان دا (ئەشکەوت) شاردبووەیەوە، لە بەینی خۆدا دابەش کرد. دایکە پیرەکەی سپی بەفرینو سۆرگوڵ-ش تا چەندین ساڵ بە خۆشیو شادی دەگەڵ منداڵەکانیا ژیاو ئەو دوو بنجـە گوڵەباخەشی دەگەڵ خۆدا بۆ کۆشكو مـاڵی کچـەکانی هێنـاو لـە قـەراخ پەنجـەرەی ژوورەکەیدا رواندنیو هەموو ساڵێك جوانترین گوڵی سپیو سووریان دەگرت.

***جاکوبو ویلهلم گریم***

(٤)

# بولبول

لە وڵاتی چیندا کە قەیراڵو هەموو دەرباریان چینین، لە رۆژگارانی زوودا، چیرۆکێك رووی داوە و بۆ ئەوەی لەبیر نەچێتەوە، وا جارێکی دیکە دەی گێڕینەوە.

کۆشکی قەیراڵی چین، بەشکۆترین کۆشکی جیهان بوو، دیوارەکانی لە چینی زۆر گران بەها دروست کرابوو، بەڵام ئەوەندە ناسكو شکەستەنی بوو، کە هەر کەسێك بیویستبا دەستی لێبدایا، دەبوایە زۆر وریا بێ. لەو باخەدا کە کۆشکەکەی قەیراڵی تێدا بوو، ئەوەی مایەی سەرنج بوو، ئەو گوڵە هەرە جوانانە بوو کە بە زەنگوڵەی زیوین درابوونە دەم یەکەوە، کاتێ کەسێك بەلایاندا دەڕۆیی، سەدای زەنگوڵەکان بەرز دەبووەوە. لەم کۆشكو باخەدا هەموو شتێك هێندە وەستایانە رێکخرا بوو کە هەر تەماشاڤانێکی (بینەر) سەرسامو حایر دەکرد. باخەکە هێندە گەورە بوو کە تەنانەت باخەوانەکەش نەیدەزانی ئەو سەری لە کوێیە. لە پشت ئەم باخەوە لێرەوارێکی بە سامو شکۆی چڕە درەختانی گەورە و دەریاچانی شینباو هەبوو. ئەو لێرەوارە لە کەناری دەریایەکی شینباوی سافو گەشدا تەواو دەبوو. گەورەترین کەشتی دەیانتوانی بە ژێر درەختەکاندا تێپەڕن. بولبلێك لە نێو لقو پۆی ئەم درەختانەدا دەژیا، ئەم بولبلە دەنگو ئاوازێکی هێندە دڵڕفێنو دڵگیری هەبوو کە تەنانەت ئەو ماسیگرە هەژارو بەلەنگازەی کە شەوان دەهات تا تۆڕەکەی لە ئاوەکە دەربێنێ، بەو هەموو سەرقاڵییەی خۆیەوە، دەوەستا تا گوێ لە ئاوازی بولبلەکە بگرێتو دەیگوت: "چەند جوان دەخوێنێ!" بەڵام ناچار بوو بە دووی کارەکانی بکەوێو باڵندەکە بۆ شەوی داهاتوو بەجێ بێڵێ.

ئەو میوانو ڕێبوارو گەشتیارانەی کە لە وڵاتانی جیاوازەوە بۆ پایتەختی قەڕاڵی (پاشا، ئیمپراتۆر) دەهاتن, بە دیتنی دیمەنی ئەو کۆشکو باخە جوانە، حایر دەمان، بەڵام کاتێ کە گوێیان لە ئاوازی بولبولەکە دەبوو، هەموو دەیانگوت: "دەنگو ئاوازی ئەم بولبولە، لە هەموو شتێك دڵگیرترە."و کاتێ بۆ شارو وڵاتی خۆ دەگەڕانەوە، باسی ئەو کۆشكو تەلارەیان بۆ خەڵکانی تر دەگێڕایەوە. ئەو نووسەرو زانایانەی کە شارەزاییان دەربارەی وڵاتی چین هەبوو، کتێبی زۆریان لەبارەی ئەو شارەو باخەکەی نووسی، بەڵام ئەوانیش لە کتێبەکانیاندا، بولبلەکەیان فەرامۆش نەدەکرد.

لە قەڕاڵنشینی چیندا، ئەو بولبلە لە هەموو شتێك پتر مایەی ستایش بوو،و شاعیران، شیعری جوانیان بە بولبولەکەو جەنگەڵو لێرەوارەکەو دەریای شینباوی سافو گەشی کەنار کۆشکەکە هەڵدەدا. ئەم کتێبانە بۆ هەموو شوێنێکی دنیا دەنێردرانو هەندێکیان دەگەییندە دەستی قەڕاڵی چین. قەڕاڵ لەسەر کورسیە زێڕینەکەی دادەنیشتو ئەو کتێبانەی دەخوێندەوەو دەخوێندەوەو جار جارێ سەری دەلەقاندو زۆر خۆشحاڵ دەبوو کە لەو کتێبانەدا ئەو هەموو ستایشەی شارو کۆشكو باخەکەی دەکرا. لە کتێبەکاندا نووسرابوو! " دەنگو ئاوازی بولبولەکە لە هەموو شتێك جوانترو عەجیب ترە."

ڕۆژێ قەڕاڵ گوتی: "باشە بۆچی من هیچ شتێك لەبارەی ئەم بولبولە نازانم؟ ئایا شتی واهی لە ئیمپراتۆریەتو باخەکەی مندا هەیە؟ ئەدی بۆچی من هەرگیز هیچم لەبارەی ئەم بولبولە نەبیستووە؟ سەیرە بۆچی دەبێ من بۆ یەکەمجار لە کتێبی کەسێکەوە کە هەرگیز لێرە نەژیاوە، باسی ئەم بولبولە ببیستم!"

قەڕاڵ، سەرەك وەزیرانی دەربارەکەی بانگ کرد. ئەم وەزیرە هێندە غەڕاو لە خۆبایی بوو، کاتێ کە ژێر دەستەکانی زاتیان دەکرد قسەی دەگەڵ بکەن، ڕووی نەدەدانێو سەرێکی تەکان دەداو دەیگوت "پیف".

قەڕاڵ بە سەرەك وەزیری گوت: "دەڵێن لێرە باڵندەیەکی نا ئاسایی بە نێوی بولبلەوە هەیەو دەڵێن ئەم باڵندەیە بەشکۆترین شتی ناو ئیمپراتۆریەتەکەی منە.

بۆچی تا ئێستا هیچ کەسێك باسی ئەم باڵندەیەی بۆ نەکردووم؟" سەرۆك وەزیران گوتی: "من تا ئێستا هیچم لەبارەی ئەم بولبولەی کە تۆ دەیڵێی، نەیبستووە،و بێگومانم کە شتی وا هەرگیز لە دەربااردا (بارەگای پاشایەتی) نەبووە! دەبێ لە دەرێی دەرباردا بۆی بگەڕێین!" بەڵام ئەو بولبلە لە کوێ بدۆزنەوە؟ سەرەك وەزیران بە قاڵدرمەکاندا هەڵگەڕاو داگەڕا، هەموو هۆڵو هەیوانو ڕارەوەکان گەڕا، پرسیاری لە هەر کەسێك دەکرد، هیچی دەربارەی ئەو بولبلە نەدەزانی. سەرەنجام سەرەك وەزیران چووەوە بۆ لای قەڕاڵو گوتی لەوەیە ئەم بولبلە زادەی خەیاڵی نووسەرانی ئەو کتێبانە بووبێ.

ئەوسا سەرەك وەزیران لەسەری ڕۆیی: "خاوەنشکۆ! نابێ هەر شتێك کە دەنووسرێت، ئێوە باوەڕی پێبکەن. هەندێ چیرۆکانی ساختەو درۆینە هەن کە هونەری ڕەشیان پێدەگوترێ.

قەڕاڵ گوتی: "بەڵام یەکێك لەو کتێبانە لەلایەن قەڕاڵی خاوەن دەسەڵاتی ژاپۆنەوە بۆ من نێردراوە، بۆیە نابێ درۆ بێ. دەبێ ئەم بولبولە، ئەمشەو بهێنرێتە ئێرە! ئەگەرنا، هەموو دەرباریەکان پامااڵ دەکرێن (لە ناودەبرێن)".

سەرەك وەزیران، ئاهێکی هەڵکێشاو بە قاڵدرمەکاندا کەوتە سەرکەوتنو دابەزین. هەموو هۆڵو رارەوەکان گەڕا. نیوەی دەرباریەکانیشی لەگەڵ بوون، چونکە نەیاندەویست پاماڵ بکرێنو تیا بچن. هەموو دەرباریانی قەڕاڵ، لە بەینی خۆیاندا پرسیاری ئەو بولبولە سەیرەیان دەکرد کە نەیاندەناسی. ئەنجام یەکێك لە خزمەتچیانی موبەق کە کچۆڵەیەکی هەژارو بێنەوا بوو گوتی: "من، ئەم بولبلە باش دەناسمو دەزانم چتۆ (چۆن) ئاواز دەخوێنێ! هەموو شەوێ کە تۆزێك لە بەرماوەی شیوی سەر خوانی دەربار، بۆ دایکە نەخۆشەکەم دەبەم، کاتێ هیلاكو ماندوو، دڵتەنگو خەمین بەرەو ماڵ دەبمەوە، تاوێك لە بێشەو لێرەوارەکەدا دەوەستم. لەو کاتەدا ئاوازی بولبولەکە دەژنەوم (دەبیستم)، کە گوێم لە ئاوازی بولبولەکە دەبێ، چاوانم تەژی ڕۆندك (فرمێسك) دەبنو لەو دەمەدا وا هەستدەکەم کە دایکم ماچم دەکات."

سەرەك وەزیران گوتی: "بچكۆل گیان، ئەگەر تۆ بمانبەی بۆ ئەو شوێنەی كە بولبولەكەی لێیە، من ژوورێكی وەكو ژووری موبەقی دەربارت دەدەمێ و هەموو شەوێ كاتی شیو رێگەت دەدرێ كە قەراڵ بدینی. ئەم بولبولە ئەمشەو دەعوەتی دەربار كراوەو." ئەوسا هەمووان، روویان كردە لێرەوارەكە، روویان كردە ئەو شوێنەی كە بولبولەكەی لێ بوو،و لەوێندەر دەیخوێند. لە رێگادا گوێیان لە دەنگی بۆرەی گایەك بوو

یەكێك لە دەرباریيەكان گوتی: "ئەها، دۆزیمەوە! ئەم بوونەوەرە چكۆلەیە، چ دەنگێكی قەبەی هەیە! دڵنیام كە پێشتر گوێم لە دەنگی بووە."

كچۆڵەكە گوتی: "نا، ئەمە دەنگی بۆرە بۆری گایە، هێشتا رێگەیەكی زۆرمان ماوە." ئەوسا قورباقەی گۆلان دەستیان بە قیرە قیران كرد.

رۆحانی دەربار گوتی: "چەند بەشكۆیە، هەبێ و نەبێ دەنگی بولبولەكەیە، لە دوورەوە لە دەنگی زەنگی كلێسا دەچێت!"

كچۆڵەكە گوتی: "نا، نا، ئەمە دەنگی قورباقانە (بۆق)، بەڵام پێموایە، دوای تۆزێكی دی گوێمان لە دەنگی دەبێت."

زۆری پێنەچوو كە بولبلەكە كەوتە نەغمەخوانی. كیژێ هاواری كرد: "ئەوەتا لەوێندەر هەڵنیشتووە"و ئەوسا ئاماژەی بۆ باڵندەیەكی چكۆلەی كەوەیی كرد كە لەسەر چڵی دارێك هەڵنیشتبوو.

سەرەك وەزیران گوتی: "باشە شتی وا دەبێت؟ من هەرگیز وێنام نەدەكرد كە بولبل بەمجۆرە بێ، چەند ئاساییە! دیارە دەبێ لە دیتنی ئەم هەموو گەورە پیاوو پایەرزانە ترسابێت رەنگی پەری بێت!"

كارەكەرە چكۆڵەكە گوتی: "ئەی بولبولی چكۆلەی ئازیز! قەراڵی بەخشندەو دڵاوای ئێمە، حەز دەكات تۆ ئاوازی بۆ بخوێنی." بولبولەكە گوتی: "من زۆر خۆشحاڵ دەبم ئاواز بۆ قەراڵ بخوێنم." ئەوسا هەڵیكردە نەغمەخوانیەكەی ئەوتۆ، كە هەر هەموویان بە بیستنی مەست بوون. سەرەك وەزیران گوتی: "دەنگی ئێژی (دەڵێی)

دەنگی زەنگی بلوورینە، تەمەشا گەروی ناسكو بچووكی چۆن دەجولێ! بە ڕاستی عەجایەبە كە ئێمە هەرگیز گوێمان لە دەنگی نەبووە. ئەم بولبولە بۆ دەربارەكەمان بەختەوەریو شادمانیەكی گەورەیە." بولبولەكە، كە وایدەزانی قەڕاڵ یەكێكە لەو پیاوانەی كە لەوێدا وەستاون، گوتی: "دەتوانم جارێكی دیكەش بۆ قەڕاڵ بخوێنم؟"

سەرەك وەزیران گوتی: "ئەی بولبلی بەڕێز، من شانازی دەكەم بەوەی كە ئەمشەو بۆ دەربار دەعوەتت بكەم. قەڕاڵی جوامێرو میرەبانی ئێمە، هانیس، بێگومان ئاشقی ئاوازی دڵگیرو دڵڕفێنی تۆ دەبێت."

بولبولەكە گوتی: "دەنگی من لە نێودارو درەختاندا باشترە." بەڵام كاتێ بولبول زانی قەڕاڵ دەیەوێ لە دەرباردا بیبینێ، بە خۆشحاڵیەوە لەگەڵیاندا بەڕێكەوت.

لە كۆشكدا هەموو شتێك بە شێوەیەكی پڕ شكۆو جوان ئامادە كرابوو، دیوارە چینییەكانو ناو كۆشكەكە بە رووناكیو تیشكی هەزاران چراو چڵچرای زێرین بەوپەڕی شكۆوە دەدرەوشایەوەو پرشنگی دەدا. ڕارەوەكان بە گوڵو ئینجانەی یەجگار جوان رازابوونەوەو گوڵەكان زەنگوڵەیان پێوەكرابوو و زرینگە زرینگیان سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی.

ئیدی جۆشو خرۆشو بەزمو رەزمێكی وەها بەرپابوو كە دەرگاكان لێكدا لێكدا دەكرانەوەو دادەخران و گشت زەنگۆڵەكان، بە جارێ دەزرینگانەوەو كە پیاو قسەی دەكرد، تەنانەت دەنگی خۆیشی بە زەحمەت دەژنەوت (دەبیست).

لە ناوەندی هۆڵە گەورەكەدا، لەو شوێنەی كە قەڕاڵ لەسەر تەخت دادەنیشت، بالیفۆكەیەكی زێرینیان بۆ بولبولەكە دانـاو هەر هەموو دەربارییان ئامادەبوونو كارەكەرە چكۆڵەكەی موبەقیش كە ئێستا بوو بوو بە یەكێك لە ئاشپەزەكان، رێگە درابوو كە لەپشت دەرگاكەوە دانیشێت. هەمووان جوانترین جلكیان لەبەر كردبوو و ئەو باڵندە چكۆڵە كەوەییە كە قەڕاڵ بە دلۆڤانیو مێریڤانی رەفتاری دەگەڵ دەكرد، سەرنجی هەموویانی بۆ خۆ ڕاكێشابوو.

بولبولەکە، بەجۆرێ کەوتە نەغمەخوانی کە رۆندك (فرمێسك) لە چاوانی قەراڵ قەتیس ماو ئەوسا بە گۆنایدا هاتە خوارێ. ئەوسا بولبولەکە ئاوازێکی لەوەش جوانتری خوێندو بە دەنگە پڕ جۆش‌و خرۆشەکەی سوکنایی‌و ئارامی بە دڵو دەروونی هەموو دەربارییەکان بەخشی.

قەراڵ هێندەی لەزەت لە دەنگ‌و ئاوازی بولبولەکە بینی بوو کە گوتی: "ئەم بولبولە دەبێ گەردنبەندە زێرەکەی ئەو لە مل بکات" لێ (بەڵام) بولبولەکە سوپاسی کردو گوتی: "من پاداشتی خۆم بە زیادەوە وەرگرتووە،و فرمێسکەکانی پاشا باشترین پاداشتە بۆ من، چونکە فرمێسکی قەراڵ، کاریگەریی‌و مانای زۆری هەیە."و بەجۆرە بولبولەکە چەند جارێکی دی بەو دەنگە ئەفسوناوی‌و دڵگیرەی خۆی کەوتە نەغمەخوانی.

خانمانی دەربار دەیانگوت:" ئەمە خۆشترین دەنگە کە تا ئێستا گوێمان لێبووە."و هەر هەموویان خۆزیایان دەخواست، دەنگێکی خۆشی وەکو دەنگی بولبولەکە یان هەبوایە، تا بەرامبەرەکەیانی پێ بدوێنن.

پێشخزمەت‌و پێشکاران دەیان گوت کە دەنگی خانمەکانیان لە گیان خۆش بووەو ئەم ستایش‌و تاریفە بۆ خانمەکان سەرکەوتنێکی گەورە بوو و زۆری دڵخۆش دەکردن. بەڵام دەنگی بولبولەکە بە بەهرەیەکی راستەقینە دەهاتە ژماردن. ئێستا بولبولەکە دەبوا لە کۆشکدا بژی. قەفەزێکی تایبەتی خۆی هەبوو، بۆی هەبوو بە رۆژ دوو جاران‌و بەشەو جارێك لە قەفەزەکەی بێتە دەرێ‌و پیاسە بکات. دوانزە خزمەتکاریان بۆ بولبولەکە دانا کە هەر یەکێکیان بە هەودایەکی ئاوریشمین، کە لە یەکێك لە لاقە ناسکەکانی بولبولەکە بەسترابوو، بولبلەیان بۆ گەڕان دەبرد، پیاسە کردن بەو هەودایەوە بۆ بولبولەکە کارێکی ئاسان نەبوو. هەموو خەڵکی شار باسی ئەم باڵندە خۆشخوانەیان دەکرد، کە دوو کەس دەگەیشتنە یەکتر لە جیاتی سڵاوو ئەحواڵپرسی وشەی بولبولیان بەکار دەبردو ئاهێکیان هەڵدەکێشاو هەر کەسەو بەرێی خۆیدا

دەڕۆیی. یازدە منداڵ، بەناوی بولبولەوە ناو نران، ئەگەرچی شتاقیان وەکو بولبولەکە دەنگیان خۆش نەبوو،و بە تۆزی پێی ئەودا نەدەگەیین.

تا ڕۆژێ قەراڵ، بەستەیەکی گەورەی پێگەیی کە لەسەری نووسرا بوو: "بولبول". قەراڵ بەخۆشییەوە گوتی: "دڵنیام ئەمە کتێبێکی تازەیە لەربارەی باڵندە بەناوبانگەکەی ئێمە." بەڵام کە بەستەکەی کردەوە کتێب نەبوو، بەڵکو گەمەیەك بوو و لە پاکەت نرابوو، یانی بولبولێکی دەستکرد بوو و لە بولبولی راستەقینە دەچوو،و بە ئەڵماس‌و یاقووتی پیرۆزەیی رازا بووەوە، کاتێ کە کۆکیان دەکرد، دەیتوانی یەکێك لە نەغمەو ئاوازەکانی بولبولە راستەقینەکە بڵێتەوە. کلکی بولبولە دەستکردەکە بەرزو نزم دەبووەوە، زێڕو زیوی سەر کلکی بولبولەکە دەدرەوشایەوە. گەردنبەندێکیان لە ملی کردبوو کە لێی نووسرا بوو: "بولبولی قەراڵی ژاپۆن، لە چاو بولبلی قەراڵی چین دا هیچ نییە."

هەموو دەیانگوت: "ئەگەر ئەم دوو بولبولە بە جووتەو پێکەوە بخوێنن، چ چریکەو ئاوازێکمان گوێ لێدەبێت!".

ئەنجام جووتە بولبول پێکەوە خوێندیان، بەڵام دەنگیان هاوئاهەنگ نەبوو. بولبلە راستەقینەکە بە شێوەی سروشتی‌و ئاسایی دەیخوێندو بولبولە دەستکردەکە بە سێ ریتم دەیخوێند.

مامۆستای مۆسیقا دەیگوت: "خەتای بولبولە دەستکردەکە نییە! بولبلی دەستکرد هەمیشە، زەمەن رەچاو دەکات‌و لە هەموو بارێکدا بە دروستی کار دەکات."

پاشان بولبولە دەستکردەکە بە تەنیا ئاوازی خوێندو بە رواڵەت لە بولبلە راستەقینەکە رێکوپێکتر دەیخوێندو هەندێکیش پێیان وابوو رواڵەتی ئەو جوانترە، چونکە وەکو جەواهێر دەدرەوشایەوە. بولبولە دەستکردەکە سی‌و سێ کەڕەت بێ وەستان‌و بێ ئەوەی ماندوو بێت، پارچە ئاهەنگێکی خوێند. پیاوانی دەربار دەیانویست جارێکی دیکەش بخوێنێ، بەڵام قەراڵ گوتی: "هەنووکە نۆرەی بولبولە

راستەقینەکەیە، با ئەو بۆیان بخوێنێ". بەڵام بولبولەکە کێوە (بۆ کوێ) چوو بوو؟ کاتێ کە ئەو لە پەنجەرە کراوەکەوە بەرەو لێرەوارە سەوزەکەی خۆی فڕی بوو، هیچ کەسێك هەستی پێنەکردبوو.

قەراڵ گوتی: "چ بکەم؟"

هەموو دەربار گازاندەیان لە بولبولەکە کردو گوتیان: "ئەو بولبولە زۆر سپڵەو پێنەزان دەرچوو، بەڵام هەر باشە ئەم بولبولە دەستکردەمان هەیە کە لەو باشتر دەخوێنێ."

دەبوایە باڵندە دەستکردەکە هەمدیس بخوێنێ، ئەم کەرەتە سیو چوار جاری لەسەر یەك، هەمان ئاوازی دووبارە کردەوەو هێشتا ئاوازەکەیان لەبەر نەکردبوو.

مامۆستای مۆسیقا، ستایشێکی زۆری باڵندەکەی کردو هەموانی دڵنیا کرد کە ئەم باڵندەیە لە بولبولە راستەقینەکە باشترە. نەك هەر لەبەر ئەڵماسو یاقوتەکانی سەر باڵەکانی، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە بولبولە دەستکردەکە لە راستیدا بۆ خۆی ئامێرێك بوو کە بە پێچەوانەی بولبولە راستەقینەکەوە، هەرگیز لە نێو نەدەچوو،و نەدەفەوتا.

مامۆستای مۆسیقا گوتی: "خانمان، سەروەرانو خاوەنشکۆ! وەکو خۆتان دەبینن، هەرگیز ناتوانرێ بزانێ کە بولبولە راستەقینەکە دەیەوێ چ ئاهەنگو ئاوازێ بخوێنێ، واتا مەعلوم نییە دەیەوێ چ ئاوازێ بخوێنێ، بەڵام سەبارەت بە باڵندە دەستکردەکە، هەموو شتێك پێشوەختە رێکخراوە. دەتوانی باسی چۆنیەتی کارکردنەکەی بۆ خەڵکی بکەیتو ئەوە نیشان بدەیت کە چۆن لێهاتووییو داهێنانی مرۆڤ، ئاهەنگو ئاوازی سێ ریتمی خستووەتە ناو سینەی بولبولە دەستکردەکەوەو یەك لە دوای یەكو بە شێوەیەکی رێكوپێك لێدەدرێن."

هەموو گوتیان: "ئێمەش قەناعەتمان وایە!"

مامۆستای مۆسیقا داوای کرد کە رێی بدەن رۆژی یەك شەممەی داهاتوو، باڵندەکە بە جەماوەری خەڵك نیشان بدات. قەراڵیش فەرمانی دا کە هەمووان گوێ لە

ئاوازەکەی بگرن. ڕۆژی یەك شـەممە جـەماوەری خـەڵك گوێیـان لـە دەنگـی بولبولـە دەستکردەکە گرتو لەزەتیان لێ بینی. زۆریان پێ سەیر بوو و بە قامکـان ئاماژەیـان بۆ دەکرد. لەو بەینەدا ماسیگرێکی هەژار کە گوێی لە دەنگی بولبولە راستـەقینەکە بوو بوو، لە پـڕ نەغمەکـەی ئـەوی وەبـیر هاتـەوەو گـوتی: "ئـەم بولبولـە زۆر بـاش دەخوێنێ، بەڵام لە شتێکی کەمە کە من نازانم ئەو شتە چییە؟"

بولبولە راستەقینەکە لە قەڵەمڕەوی قەڕاڵ دوورکەوتەوە، بەڵام باڵندە دەستکردەکە لەلای تەختەکەی قەڕاڵەوە بالیفۆکەیەکی ئاوریشمیان بۆ تەرخان کـرد،و هـەر هـەموو ئەو زێڕو زومڕدو جەواهێراتەیان، کە بە دیاری بۆیان هێنا بوو، لە دەوری داناو نازناوی یەکەمین ئاوازخوانی دەستەچەپی شەوانی قەڕاڵی درایە. قەڕاڵ وای بیر کردبـووەوە کـە دەستەچەپ شایستەترە، چونکە دڵیش لەلای چەپی سینەدایە.

مامۆستای مۆسیقا، بیستو پێـنج دانـە کتـێبی لـەبارەی باڵنـدە دەسـتکردەکە نووسیو دەرباریان وێڕای ئەوەی کتێبەکان پڕ بوون لە پەیڤو زاراوەی قـورسو گرانـی چینی، دەیانگوت، خوێندویاننەتەوەو لێیان تێگەییشتوون.

ساڵێك بوری. قەڕاڵو دەربـاریـانو هـەموو خـەڵکی چـین، دەیـانتوانی ئاهـەنگو ئاوازەکانی باڵندە دەستکردەکە لەبەر بخوێنن، بۆیە زۆریان خـۆش دەویسـتو حـەزیان لێدەکرد. منداڵو تواڵێش لە شەقامەکاندا دەیانخوێند: "ترا- لا- لا- تـرا- لا- لا"و هەندێجار قەڕاڵێش لەگەڵ باڵندەکەدا ئاوازەکەی دەگوتەوەو زۆری لەزەت لێدەبینی.

بەڵام شەوێك، کاتێ کە باڵندە دەستکردەکە باشترین ئاوازی خۆی دەخوێندو قەڕاڵ لەسەر تەختەکەی خۆ راکشا بوو گوێی لێدەگرت، پارچەیەکی ناوەوەی باڵندەکە شـکا! باڵندە دەستکردەکە کەوتە خڕە خڕ. ئەنجام هەموو پارچەکانی لە کار کەوتنو دەنگـی مۆسیقاو ئاوازەکە بڕا. قەڕاڵ لە جێـی خـۆی راپـەڕیو پزیشـکە تایبەتیەکـەی خـۆی گازکرد، بەڵام ئەو چی لە دەست دەهات! چی پێدەکرا!.

ئەوسا سەعاتساز هاتو دوای پشکنینو تاقیکردنەوەیەکی فرە، هەموو توانایەکی خۆی خستەگەڕو بە گوێرەی توانای خۆی باڵندەکەی چاك کردەوە، بەڵام گوتی: "دەبـێ

ئەوەندەی دەكرێت، كەمتر بەكار بهێنرێ، چونكە پارچەكانی سكراب‌و سیلاك بوون‌و ناگۆڕدرێن."

ئەمە كارەسات‌و نسیبەتێكی گەورە بوو! باڵندەی دەستكرد، بۆی هەبوو لە ساڵێكدا یەك جار ئاواز بخوێنێ، تەنانەت ئەو یەك جارەش بۆ ئەو زیاد بوو! لەو رۆژە گرینگەدا، مامۆستای مۆسیقا، وتارێكی كورتی داو لە وتارەكەیدا كۆمەڵێك وشەی دژوارو قورسی بەكار بردو بەڵێنی دا باڵندەكە وەكو جاران بە چاكی بخوێنێ.

پێنج ساڵ بوری، خەم‌و پەژارەیەكی گەورە باڵی بەسەر خەڵكی چیندا كێشا. چینییەكان، قەڕاڵەكەی خۆیان خۆشدەویست، قەڕاڵ نەخۆش كەوتبوو،و دەیانگوت لەوەیە بمرێت.

جا دەبوایە بە زووترین كات قەڕاڵی تازە هەڵبژێردرێ و خەڵكی لە جادەو باندا هەواڵی قەڕاڵی كۆنیان لە سەرەك وەزیران دەپرسی و ئەویش سەری بادەداو دەیگوت: "پیف!"

قەڕاڵ، لاوازو رەنگزەرد، لەسەر تەختەكەی راكشا بوو. هەموو دەرباریان پێیان وابوو دەمرێت‌و یەك لە دوای یەك بە جێیان دەهێشت‌و دەڕۆییشتن تا سۆز بە قەڕاڵی تازە بدەن. لە هەموو هۆڵ‌و ڕاڕەوەكاندا پەردەكان دادرابوونەوەو هیچ دەنگێك نەدەهات‌و هەموو شوێنێك كش‌و مات بوو.

قەڕاڵ، خۆزی دەخواست كە شتێك ئەم بێدەنگی‌و خامۆشییە یەكهاوی‌و یەك دەستە مەرگ ئاسایە، بشڵەقێنێ، ئەگەر كەسێك پەیدا بوایە قسەی بۆ كردبا یان سترانی بۆ چڕی با، لەوە بوو بیری مژول كردباو نەخۆشیەكەی پەڕی باو ئەفسوونی نەخۆشیەكەی بشكێنێ‌و بە تاڵ بكاتەوە. مانگ لە پەنجەرەیەكی كراوەوە دەیدا لە ناو ژوورەكە، بەڵام ئەویش بێدەنگی بوو، بێدەنگی بێدەنگ.

سەرەنجام رۆژێ قەڕاڵ هاواری كرد، مۆسیقا! مۆسیقا. ئەی باڵندەی چكۆلەی زێڕین‌و گرانقەدری من بخوێنە! بخوێنە! من زێڕو جەواهیراتت وێدەدەم، بەم دەستانەی خۆم گەردنبەندەو میداڵە زێڕینەكەمت لە مل دەكەم، بخوێنە، بخوێنە.

بەڵام باڵندەکە بێدەنگ بوو، چونکە کەس نەبوو کۆکی بکات. هەموو شتێك کش‌و مات بوو، بێدەنگ بوو، بێدەنگێکی ترسناك! لە پڕ لە پەنجەرەکەوە ئـاوازێکی خـۆش هاتە گوێ. ئەمە دەنگی بولبولە چکۆلە راستەقینەکە بـوو، کـە لـە دەرەوە لەسـەر چڵەدارێك هەڵنیشتبوو. بولبولەکە بە حاڵی قەراڵی زانی بوو و هاتبوو تـا بـە زەبـری نەغمەخوانی یارمەتی بدات. کاتێ باڵندەکـە هـەڵیکردە چـریکەی گـۆرانی، خـوێنی بەدەنی قەراڵی رەنگ‌و روو سیسەڵەو چرچەڵە، هاتەوە جۆش‌و گیانێکی تـازەی وەبـەر کەوتەوەو بوژایەوە.

قەراڵ گوتی: "سوپاس، منەتبارم, ئەی باڵندەی چکۆلەی ئاسمانی، من تۆم لە خۆم دوور خستەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە تۆ ژیانی منت کڕییەوە، ژیانت وێدامـەوە. نـازانم چۆن چاکەت بدەمـەوە؟". بولبولەکـە گـوتی: "تـۆ پێشـتر پاداشـت‌و چـاکەی منـت داوەتەوە. یەکەمجار کە ئاوازم بۆ تۆ خوێند، رۆندك لـە چـاوانت هاتنـە خـوارێ. مـن هەرگیز ئەو ساتە لـە بـیر ناکـەم. ئـەو فرمێسـکانە جـەواهێراتێکن کـە دڵـی هـەر نەغمەخوانێك، هەر ئاوازخوانێك خۆش دەکات، بەڵام ئێستا بخوەوە با جارێکی دیکـە لای لایەیەکت بۆ بڵێم‌و بخوێنم."

کە بولبلەکە هەڵیکردە چریکەی ئاواز، قەراڵ نقومی خەوێکی قووڵ‌و ئاسوودە بوو.

سپێدە، کە قەراڵ، ساغ‌و سەلامەت، لە خەو رابوو، تیشکی رۆژ لە پەنجەرەکەوە لە ناو ژوورەکەی دەدا، هیچ یەکێك لە خولام‌و نۆکەران نەگەڕابوونەوە، چونکە وایاندەزانی کە قەراڵ مردووە، بەڵام بولبلەکە هێشتا ئاوازی بۆ دەخوێند".

قەراڵ، بە بولبولەکەی گوت: "تۆ هەر کاتێك کە ئارەزووت لێبـوو ئـاواز بخوێنـە، من ئەم باڵندە دەستکردە دەشکێنم."

بولبولەکە گـوتی: "کـاری وا نەکـەیت، ئـەم باڵنـدە دەسـتکردە، ئـەرکی خـۆی، ئەوەندەی لە توانایدا بووە، ئـەنجام داوە، وەکـو جـاری جـاران رایبگـرە. مـن نـاتوانم هێلانەی خۆم بگوازمەوە کۆشك‌و لێرە بژیم، بەڵام رێگەم بدەن کە هەر کاتێ ئـارەزووم کرد بۆ کۆشکەکەتان بێم. من دوا نیوەڕوان دێم و لەسەر ئـەو چـڵەی بـەر پەنجەرەکـە

دەنیشمەوەو ئاواز دەخوێنم تا تۆ خۆشحاڵ بکەم. مـن دەربـارەی ئـەو شـادی، خـەم، خراپی‌و باشیانە دەخوێنم کە لـە تـۆ پـەنهانن‌و دیـار نـین، چـونکە مـن باڵندەیـەکی بچووکم، بۆ هەموو شوێنێ دەڕۆم، بـۆ مـاڵی ماسـیگری هـەژار، یـان بـۆ کوختـەی کابرایەکی دێهاتی‌و بۆ ماڵی هەموو ئەو کەسانەی کە تۆو دەرباریانتان لێیانەوە دوورن دەفڕم‌و دەچم. من دڵی تـۆم لـە تاجەکـەتان خۆشـتر دەوێ، چـونکە دڵ رووناکییـەکی تایبەتی وەکو نوری خودای تیایە."و بولبلەکە ئاوازێکی دیکەشی بۆ قەڕاڵ خوێند."

قەڕاڵ، کە جلکی درێژو جوانی پاشایەتی لە بەردا بوو، و شمشێرە زێڕنیشانەکەی بە قەدیا کردبوو، وەستاو گوتی: "ئەی بولبولی ئازیز هەرچیەکت بوێ بـە دڵو بـە گیـان بۆتی جێبەجێ دەکەم."

بولبولەکە گوتی: "من تەنیا یەك تکاو داوام لە تـۆ هەیـە، ئـەویش ئەوەیـە کـە هەرگیز بە هیچ کەسێك نـەڵێی کـە باڵندەیـەکی بچـووکت هەیـەو هـەموو شـتێکت پێدەڵێت، وا چاکە کەس بەم رازو نهێنییە نەزانێ."

ئەوسا بولبولەکە لە شەقەی باڵی داو رۆیی.

لەم کاتەدا هەموو نۆکەرو خولامان‌و خزمـەتکاران هـاتن تـا دوا نیگـای قـەڕاڵی مردوو بکەن، کەچی قەڕاڵ گوتی: "رۆژ باش."

*هانس کریستیان ئاندرسن*

*کۆ چیرۆکی ئاندرولانگ*

## (٥)

# جاكو لاسكه لۆبیا

هەبوو نەبوو، رۆژو رۆژگارێ بێوەژنێكی هەژارو بەلەنگاز لە كوختەیەكی بچووكدا، دەژیا، ئەم بێوەژنە تاقە كوڕێكی بچووكی هەبوو، ناوی جاك بوو. جاك كوڕێكی ساویلكەی دڵساف بوو. بە رێكەوت زستانێكی تووش دەستی پێكرد، ژنەی بەلەنگاز سەیری كرد، بۆ ئەوەی لە برسا نەمرن، هیچ چارێكیان نییە جگە لەوەی تاقە چێڵەكەیان بفرۆشن. بەیانییەك بە جاكی گوت: "من شنگم لەبەر بڕاوەو ناتوانم بڕۆم چێڵەكە بفرۆشم، تۆ بیبە بۆ بازاڕو بیفرۆشە".

جاك گوتی: "دایكە خەمت نەبێ، خەیاڵت تەخت بێ، من ئەم كارەت بۆ دەكەم."

بێوەژن گوتی: "ئێمە، پێشتر چێڵو گامان فرۆشتوون، بەڵام تا ئێستا تۆم لەگەڵ خۆدا نەبردووە تا ئەم كارە فێر ببی، بۆیە ئاگادار بە فریو نەخۆی."

جاك، پیرە چێڵی وەپێش داو بەرەو بازاڕ رۆیی. لە رێگەدا تووشی قەساوێك (قەساب) بوو كە چەند دەنكە لۆبیایەكی جوانی بە دەستەوە بوو. جاك بە دیار لۆبیاكانەوە وەستاو كەوتە تەمەشا كردنیان. قەساوەكە بە جاكی گوت: "ئەو لۆبیایانە یەجگار بە نرخن."و قەناعەتی بە جاك كرد كە چێڵەكەی لە جیاتی ئەو لۆبیایانە پێ بفرۆشێت.

كاتێ جاك لە جیاتی پارە, لۆبیاكانی دایە دایكی، دایكە زۆر نارەحەت بوو و دەستی بەگریان كرد،و كەوتە سەرزەنشتی جاك كە منداڵێكی گەوجە. بێوەژن، لۆبیاكانی لە جاك وەرگرتو بە دەم گریانەوە لە ژوورەكە وەدەركەوتو فڕێی دانە

باخچەکەوە... ئەوسا بە نیگەرانی گوتی:"کوڕە گەوجەکەم ئیدی لە برسا دەمرین."

جاك-یش کە تازە بۆی دەرکەوتبوو چ کارێکی گەوجانەی کردووە، زۆر نیگەران بوو.

ئەو شەوە، دایكو کوڕ کە دوا هیواو ئومێدی خۆیان لە دەست دابوو، لە حاڵێکا کە دەیانزانی بۆ سبەینێ هیچ شتێکیان نییە بۆ خواردن، سەریان نایە سەر سەرینو بە نیگەرانی خەوتن. بەڵام جاك لە داخو سوێیاندا خەوی لێنەکەوت، سپێدە زوو لە خەو ڕابوو و سەرێکی باخچەکەی دا، بەوپەڕی سەرسامی دیتی لۆبیاکان شەوێ روواونو لاسکەکانی لۆبیا ئەوەندە بەرز بوونەتەوە کە تاوێرەکەی پشت کوختەکەیان بە تەواوەتی داپۆشیوە. لاسکی لۆبیاکە دوو دوو تێك ئاڵا بوونو پەیژەیەکی قایمیان دروستکردبوو.

جاك بیری کردەوە کە دەتوانێ بە سانایی بەلاسکی لۆبیاکەدا هەڵزنێو بچێتە سەرێ، بۆیە بێ چەندو چوون, بڕیاری دا ئەم کارە بکاتو ئیدی بە لاسکە لۆبیاکەدا هەڵگەڕا، هێندە بەرز بووەوە کە هەستی کرد هەموو شتێك لە ژێر پێی ئەودایە، کوختەکەی خۆیان، گوندەکەو تەنانەت بورجە بەرزەکەی کڵێساکەش بچووك دەهاتنە بەرچاو، بەڵام هێشتا ترۆپکی لاسکە لۆبیاکەی لێوە دیار نەبوو،و نەی دەبینی.

جاك، هەستی کرد ماندوو بووە، لە پڕ هات بە سەریا کە بگەڕێتەوە، بەڵام زۆر بە ورە بوو،و دەیزانی کلیلی سەرکەوتن لە هەر کارێکدا، کۆڵ نەدانە. دوای پشوویەکی چەند دەقیقەیی، درێژەی بەسەرکەوتن دا.

جاك هەر سەرکەوتو سەرکەوت، گەییە ئاستێك کە ئیدی لە ترسی ئەوەی سەری نەسوڕێت، تەمەشای خوارەوەی نەدەکرد. ئەنجام جاك گەییە ترۆپکی لاسکە لۆبیاکەو بەوپەڕی سەرسامی بینی کە گەییوەتە سەر زەمینێکی فرە جوان. تا چاو بڕکات چیمەنو سەوزەزار بوو، پەزو مەڕ خەریکی لەوەڕان بوون. ڕۆخانەیەکی (رووبار) بچووکی پڕ ئاوی زووڵاڵ بە ناوەڕاستی سەوزەزارەکەدا تێدەپەڕی، قەڵایەکی گەورەش لە نزیکی چەمەن زارەکە بوو.

لەو کاتەدا کە جاك نقومی تەمەشای قەڵاکـە بـوو، ژنێکـی یـەجگار سـەیر کـە کڵاوێکی سووری قووچەکی لەسەر بوو،و قژەکـەی بەسـەر شـانو ملیـا رژا بـوو، دار عاسایەکی بە دەستەوە بوو و لە بێشەو دارسـتانێکی پشـت قەڵاکـەوە وەدەرکـەوتو بەرەو لای جاك هات.

جاك، بەوپەڕی نەزاکەتەوە، کەوتە مینگە مینگو گوتی: "ببوورە، ئەمـە مـاڵی تۆیە؟"

پیرەژن گوتی: "نە، گوێ بگـرە بـا مـن چیرۆکی ئـەم قەڵایـەت بـۆ بگێڕمـەوە، رۆژگارێك، سوارچاکێکی نـەجیمزادە لـەم قەڵایـەدا دەژیـا، ئـەم قەڵایـە کەوتووەتـە قەڵەمڕەوی وڵاتی جنو پەرییانەوە. ئەو نەجیمزادەیە ژنێکی جوانو چـەند منـداڵێکی باشی هەبوو. دراوسێکانی خەڵکانی کورتە بـاڵا بـوون، کـە زۆر دۆسـتانە رەفتاریـان دەگەڵ دەکردو دیاری یـەجگار گرانبـەهاو بـەنرخیان دەدایـە. هـەواڵی ئـەم قەڵایـەو گەنجینەکانی، لە هەموو شوێنێکدا بڵاوبووەوە،و دێوێکی ترسناك کە لەو دەوروبەرانـە دەژیا و یەجگار بەدفەڕو ناجسنو ناڕەسەن بوو، لێبڕا (بڕیاری دا) کـە قـەڵای نـاوبراو داگیر بکاتو دەست بەسەر گەنجینەو سەروەتو سامانەکەیدا بگرێ. دێوەکە، بەرتیلی بە خوڵامێکی خیانەتکاری نەجیمزادە دا، تا رێگەی بدات بچێتە ناو قەڵاکەوە. کـاتێ کە دێوە چووە ناو قەڵاکە، نەجیمزادە لە غـوڕابی خـەودا بـوو،و لـە شـیرینی خـەودا کوشتی. ئەوسا دێوە خۆی بە ژووری نووستنی منداڵە بێتاوانەکانی نەجیمزادەدا کـردو هەر هەموو ئەو وردیلە بەلەنگازانەشی کوشت.

خۆشبەختانە هاوسەرەکەی نەجیمزادە لەوێ نـەبوو، دەگـەڵ کـوڕە سـاوا دوو سـێ مانگانەکەیدا چوو بوو بۆ دیدەنی دایەنە پیرەکەی خۆی کە لە خوار دۆڵەکـەوە دەژیـا. ئەوشەوە، تۆفانێکی یەجگار توند هەڵدەکاتو هاوسەری نەجیمزادە ناچار دەبێـت لـە ماڵی دایەنەکەی وەمێنێ.

بەیانی رۆژی دوایی، هەرکە دنیا رووناك بووەوە، یەکێك لە خوڵامەکان کە تـوانی بووی لە قەڵاکە هەڵێ، هایمو سەرگەردان خۆی بە مـاڵی دایەنەکـەدا کـردو هـەواڵی

جەرگبڕی کوژرانی نەجمیزادەو منداڵەکانی پێدان. ژنە لە سەرەتاوە نەیدەتوانی باوەڕ بە قسەکانی یارۆی خولام بکات، بەڵام کاتێ کە دڵنیا بوو مێردەکەی‌و منداڵەکانی کوژراون، خەم‌و پەژارە دایگرت‌و لێبڕا یەکسەر بۆ قەڵاکە بگەڕێتەوە تا ئەویش وەکو ئازیزەکانی گیانی خۆی بەخت بکات. بەڵام پیرەدایەن، بەدەم فرمێسك هەڵڕشتنەوە، لە خانم پاڕایەوە کە بۆ قەڵا نەگەڕێتەوەو ئەوەی بیر خستەوە کە ئەو هێشتا منداڵێکی دیکەی هەیەو پێویستە لەبەر خاتری ئەو بژی. ژنە قاییل بوو کە بە نهێنی لە ماڵی پیرە دایەنەکەی وەمێنێ، چونکە خولامەکە پێی گوت کە دێوەکە سوێندی خواردووە کە ئەگەر هاوسەرو منداڵەکەی نەجیمزادەی چنگ بکەون، ئەوانیش دەکوژێت.

ساڵان تێپەڕین، پیرە دایەن مرد و کوختەکەی بۆ خانمی خۆی بەجێهێشت. ژنەی بێچارە بۆ دابینکردنی ژیان، وەکو گوندییان کاری دەکرد. پارەیەکی کەمی هەبوو، چێڵێکی (مانگا) کڕی ,بە شیری چێڵەکەو خەرەکەکەی خەرجی ژیانی خۆی‌و کوڕەکەی دابیندەکرد. باخێکی چکۆلەو جوانیش بە تەنیشت کوختەکەوە بوو کە نۆك‌و لۆبیاو کەلەرمی تیا دەڕواند. جارجاریش بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی کوڕەکەی لە دەرێی ماڵش کاری دەکرد."

ژنە درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: "جاك! ئەو ژنە بەلەنگازە، ئەم دایکەی تۆیە. ئەم قەڵایە رۆژێ لە رۆژان هی دایکت بووەو تۆ لەسەرتە جارێکی دی وەدەستی بێنیتەوە."

جاك بەدەم گریانەوەو بە سەرسامی هاواری کرد: "ئۆه، دایکی من! م، م، من دەبێ چ بکەم، تەگبیرم چیە؟!"

ژنە گوتی: "ئەرکی تۆ ئەمەیە کە ئەو قەڵایە بۆ دایکت بگێڕیتەوە، بەڵام ئەمە کارێکی گەلەك سەخت‌و ترسناکە.جاك!ئایا تۆ زاتی ئەنجامدانی ئەم کارەت هەیە؟"
جاك بێ ترس‌و دوو دڵی گوتی: "من لە هیچ کارێکی دروست‌و ڕەوا ناترسم".

ژنە گوتی: "تۆ کەسێکی دەتوانی دێوان بکوژیت. تۆ دەبێ خۆت بە قەڵاکەدا بکەی، مریشکێکی لێیە کە هێلکەی زێڕین دەکات‌و سازێکی لێیە کە قسان دەکات،

دەبێ ئەو دووانە بەدەست بێنی، داگیریان بکەی، چونکە نەك ئەو دووانە، بەڵکو هەر هەموو دارایی‌و موڵك‌و ماڵی دێوەکە هی تۆیە."

کاتێ ئەو ژنە کڵاو سوورە لە قسەکانی بووەوە، لە پڕ دیار نەما و جاك یەکسەر تێگەیی کە ئەو ژنە (پەری) بووە.

جاك، لێبڕا، هەر هەموو ڕێنماییەکانی پەری (فریشتە) ئەنجام بدات. ئیدی چووە بەر دەرگای کۆشکەکەو لە تەقەی دەرگای دا. دێوێکی ترسناکی بە سام دەرکەی کردەوە. جاك، هەرکە ئەو دێوەی بینی، گەڕایەوەو ویستی هەڵێت. بەڵام دێوەکە گرتی‌و رایکێشایە ناو قەڵاکە.

دێوەکە لە قاقای پێکەنینێکی ترسناکی داو گوتی: "ها، ها، تۆ چاوەڕوانی دیتنی من نەبوویت، وانیە ؟من نایەڵم تۆ بڕۆی، بەڕاستی بە دەست کارکردنەوە هیلاك‌و ماندووم. نازانم بۆچی منیش وەکو هەموو خانمان نۆکەرم نەبێت. تۆ دەبێ کێردو چەقۆیان پاك بکەیتەوە، چەکمەو پێڵاو بۆیاخ بکەیت، ئاگر بکەیتەوەو کە مێردەکەم لە ماڵ نەبێت، یارمەتی من بدەیت. بەڵام کاتێ کە مێردەکەم لە ماڵ بێت، دەبێ تۆ بشارمەوە، چونکە هەموو نۆکەرەکانی پێشووی منی خواردوون. کوڕە چکۆل تۆ پارووپەکی بە لەزەت‌وبەتامی !"

دێوەکە بە دەم ئەم قسانەوە، جاکی رایکێشایە ژوورەوە. کوڕەی بەلەنگاز زۆر ترسا بوو، بەڵام هەوڵی دەدا نەترە بەر نەدات‌و هەموو کارەکان بە باشی ئەنجام بدات. جاك گوتی: "من ئامادەم، چەندی بتوانم، کۆمەکی تۆ بکەم، یارمەتیت بدەم، تاقە تکام ئەمەیە کە لە مێردەکەتم وەشێرە، چونکە حەزناکەم بخورێم."

دەڵە دێوە لە دڵی خۆیدا گوتی ئەمە کوڕێکی چاکە و سەرێکی لەقاندو بە جاکی گوت: "وەرە ئێرە، بچۆرە ناو ئەو سەندوقەی منەوەو خۆت لەوێندەر وەشێرە. مێردەکەم هەرگیز بۆی نییە بیکاتەوە, ئەوێ بۆ تۆ شوێنێکی ئەمینە." ئەوسا دەرگای سەندوقەکەی کردەوەو جاکی خستە ناوی. کونی کلیلی سەندووقەکە ئەوەندە گەورە بوو

که به ئەندازەی پێویست هەوا دەچووە ژوورەوەو جاك دەیتوانی هەر شتێك کە لە ژوورەکەدا رووی دەدا ببینێ.

زۆری پێ نەچوو، کە دەنگی پێیەکی قورس کە بە قالدرمەکاندا سەر دەکەوت، هاتە گوێو پاشان دەنگی هەڕەشە بەرز بووەوە: "بۆن دێ، بۆنی بێگانان دێ، لەم دەورومەکانان دێ، بۆنی ئادەمیزاد دێ، چ زندوو بێ چ مردوو بێ، ئێسكو پرووسکی تێك دەشکێنمو دەیکەم بە یەك پاروو".

نێرە دێو هاواری کرد: "ئافرەت، ژنەکە! ئادەمیزاد لە قەڵاکەدایە، دەمەوێ بیخۆم."

دێڵە دێو بە دەنگی بەرز هاواریکرد: "تۆ پیرو خڵەفاوی ئەمە بۆنی گۆشتی تازەی فیلە، دانیشەو تێشتەکەت (نانی بەیانی) بخۆ." ئەوجا دەڵە دێو، بەلەمێکی گەورەی، کە هالاوی گۆشتی لێ هەڵدەستا، نایە بەردەم نێرە دێو. نێرە دێو بە دیتنی گۆشتی فیل زۆر خۆشحاڵ بوو،و بیری بوونی ئادەمیزادی لەسەر دەرچوو.

کاتێ کە نێرە دێو قاوەڵتی (نانی بەیانی) خوارد، بۆ پیاسە لە قەڵاکە وەدەرکەوت، دەڵەدێو، جاکی لە سەندوقەکە هێنانە دەرێ و خواردنێکی باشی دایە جاكو ئێواری دووبارە جاکی خستەوە ناو سەندوقەکە.

شەوێ نێرە دێو بۆ خواردنی شیو هاتەوە بۆ قەڵاکە. ئێسکی مریشکێکی شکاندەوەو نیوەی مریشکەکەی کرد بە یەك پاروو و جاك لە کونی سەندووقەکەوە بەسەرسامی تەمەشای دەکرد. کاتێ نێرە دێو شیوەکەی (خواردنی ئێوارە) خوارد داوای لە ژنەکەی کرد ئەو مریشکەی، کە هێلکەی زێر دەکات، بۆ بێنی. دێوە گوتی: "ئەم مریشکە وەکو ئەو رۆژگارەی کە هی ئەو نەجیمزادە خوێڕیە بوو، هێلکە دەکات، پێم وایە هێلکەکانی لە جارانیش گەورەترن."

دەڵە دێو، یەکسەر بە مریشکێکی قاوەیی بچکۆلەوە هاتەوەو لەسەر مێزێك، لەبەردەم مێردەکەیدا دایناو گوتی: "ئەگەر کارت بە من نییە، دەچمە دەرێ پیاسەیەك دەکەم."

نێره دێو گوتی: "برۆ، منیش حەزم لێیه سەرخەوێ بشکێنم." ئەوسا مریشکه قاوەییەکەی هەڵگرتو گوتی: "هێلکه بکه". مریشکەکه لەپڕ هێلکەیەکی زێڕی کرد. نێره دێو دووباره گوتی: "هێلکه بکه"و مریشکەکه هێلکەیەکی تری کردو بەمجۆره نێره دێو بۆ جاری سێیەم داوای له مریشکەکه کرد هێلکه بکات،و مریشکەش سێیەمین هێلکەی زێڕینی کرد.

ئیدی جاك دڵنیا بوو که ئەمه هەمان ئەو مریشکەیه که پەرییەکه (فریشته) باسی کرد. دێوه مریشکەکەی له عاردی داناو خەو بردییەوەو دوای ماوەیەکی کەم پرخ‌و هۆڕی، وەکو هەروه تریشقه، بەرز بووەوه.

کاتێ جاك، بینی که نێره دێو له غوڕابی خەودایه، دەرگای سەندووقەکەی پاڵ ناو هاته دەرێ‌و هێدی هێدی هاته ناوەندی ژوورەکەو مریشکەکەی هەڵگرت‌و بەلەز (بەپەله) له دەرگای ئاشخانەکەوه (موبەق) بەرەو لاسکه لۆبیاکه هەڵهات‌و بەپەله بەلاسکی لۆبیاکەدا چووه خوارێ.

کاتی دایکی جاك، جاکی بینی، له خۆشیا دەستی به گریان کرد، چونکه لەوه ترسابوو که نەبادا جن‌و پەری جاکیان بۆ شوێنێکی دوور بردبێ‌و دێوەی نارەسەن‌و بەدفەڕ گرتبێتی. هەمیشه ترسی ئەو دێوەی له دڵدا بوو. جاك مریشکه قاوەییەکەی لەبەردەم دایکیدا داناو بۆی گێڕاوه چۆن چووەته ناو قەڵاکەو هەرچیەکی بەسەر هاتبوو، له سیری تا پیازی بۆ دایکی گێڕایەوه. دایکی جاك، به دیتنی مریشکەکه زۆر خۆشحاڵ بووو دڵنیا بوو که ئەو مریشکه دەوڵەمەندیان دەکات.

ڕۆژێ که دایکی جاك بۆ بازار چوو بوو، جاك جارێکی دی به لاسکه لۆبیاکەدا هەڵگەڕاو خۆی به قەڵاکەدا کرد، بەڵام سەرەتا قژی خۆی بۆیه کردو شێوەی خۆی گۆڕی، ئەوجا چووه ناو قەڵاکه.

دەڵه دێوه، جاکی نەناسییەوەو وەکو جاری پێشوو دەرگای قەڵاکەی بۆ کردەوه، تا له کاری ماڵدا یارمەتی بدات. دەڵه دێو هەرکه گوێی له دەنگی پێی مێردەکەی بوو، جاکی له سەندووقەکەدا شاردەوەو نەیزانی که ئەمه هەمان ئەو کوڕەیه که

مریشکەکەی دزی بوو. دەڵە دێو بە جاکی گوت: "لە نێو سەندووقەکەدا خۆت مەلاس بدە، فزە نەکەی، ورتەت لێوە نەیەت، چونکە ئەگەر مێردەکەم بتدۆزێتەوە، دەتخوا."

نێرە دێو خۆی بە ژوورا کردو گوتی: "بۆن دێ، بۆنی بێگانان دێ، لەم دەورومەکانان دێ، بۆنی ئادەمیزاد دێ، چ مردوو بێ و چ زندوو، دەیگرمو ئێسكو پروسكی تێکدەشکێنمو دەیکەم بە یەك پاروو." دەڵە دێو گوتی: "قسەی بەلاش مەکە، چەڵتە چەڵت! ئەمە بۆنی گوشتی برژاوی گایە کە بۆ شیو ئامادەم کردووە. دانیشە تا بۆتی بێنم."

نێرە دێو دانیشت، دەڵە دێو یەکسەر گۆشتە برژاوەکەی نایە سەرقاپێکی گەورەو هێنایو بە دوو قۆڵی کەوتنە خواردنی. جاك کە دەیبینی ئێسکی گایەکەیان وەکو باڵندەیەکی بچووك، دەکرۆشتو دەخوارد، بە تەواوەتی حەپەسا بوو. کە لە خواردن بوونەوە، دەڵە دێو هەستاو بەمێردەکەی گوت: "گیانەکەم من دەچمە ژوورەکەی سەرەوە تا ئەو چیرۆکەی کە دەم خوێندەوە، تەواو بکەم، ئەگەر ئیشێکت بە من هەبوو، گازم (بانگم) بکە!"

نێرە دێو گوتی:" جارێ کیسە پارەکانم بۆ بێنە، با بەر لەوەی بخەوم پارەکانم بژمێرم."

دەڵە دێو، یەکسەر دوو کیسەی گەورەی، کە نابوونیە سەرشانی، هێناو لەلای مێردەکەیەوە دایناو گوتی: "ئەمە هەموو ئەو پارەیەیە کە لە میراتی نەجیمزادە کەوتووە، ئەگەر ئەمانەش خەرج بکەی، ئەوا دەبێ بچی قەلاّی کەسێکی دیکە داگیر بکەیت!"

جاك لە دڵی خۆیدا گوتی:" هەڵبەتە من نایەڵم کاری وا بکات." نێرە دێو، کاتێ کە ژنەکەی رۆیی، پارەکانی هەڵڕشتو ژماردنی. ئەوسا هەمووی لەسەر یەك کەڵەکە کرد تاماندوو بوو. ئەوسا هەموو سکەو دراوەکانی کۆ کردەوەو لە کیسەکانی کردەوەو پشتی دا بە کورسیەکەیەوەو زۆر زوو خەو بردییەوەو، بە جۆرێ دەی پرخاند، پیاو جگە لە پرخەی ئەو هیچی تری گوێ لێنە دەبوو.

جاك، بە ئەسپایی لە سەندووقەکە هاتە دەرێو ئەو کیسە پارانەی کە نێرە دێو لە بابی ئەوی دزی بوو، هەڵگرتو قووچانی. پاش ئەوەی جاك بە زەحمەتێکی زۆر بەلاسکی

لۆبیاکەدا داگەڕاو چووە خوارێ، چوو بۆ لای دایکیو کیسە پارەکانی، لەسەر مێزێـك، لـە بەردەم دایکی دانا. دایکی جاك تازە لە شار هاتبووەوەو چونکە جـاك لـە ماڵـەوە نـەبوو، دەگریا.

جاك گوتی: "دایکە، ئەو پارانەم، کە باوکم لە دەستی دابوون، بۆ هێناویتەوە.

دایکی گوتی: "ئۆ، جاك تۆ کوڕێکی زۆر باشی، بەڵام من حەزناکەم تـۆ گیـانی خـۆت بخەیتە مەترسییەوەو بۆ قەڵای دێوە بڕۆیت! تۆ پێم بڵێ بزانم تۆ چۆن دووبـارە بـۆ ئەوێنـدەر چوویت؟"

جاك، هەموو شتەکەی، لە سیری تا پیازی، بـۆ دایکـی گێڕایـەوە، دایکـی جـاك زۆر خۆشحاڵ بوو کە دووبارە پارەکانی وەدەست هێنا بووەوە. بەڵام حـەزی نـەدەکرد کـە جـاك لەبەر خاتری ئەو خۆی بخاتە تالوکەوە (خەتەر، مەترسی).

دوای ماوەیەك، جاك دیسان لێبرا کە بۆ قەڵای دێوەکە بروات. وەکو جارەکانی پێشـوو، هەمدیس بە لاسکە لۆبیاکەدا سەرکەوتو لـە دەرگـای قـەڵای دێوەکـەی دا. دەڵـە دێـو، دەرگای کردەوە، بەڵام ئەو دەڵە دێوە هێندە گەوج بوو کـە ئـەمجارەش جـاکی نەناسـییەوە، تەنیا پێش ئەوەی جاك بەرێتە ناو قەڵاکە، کەمێك لە فکران ڕاچوو کە نەبا ئەمەش دزێکی دیکە بێت، بەڵام سیمای تازەی جاك هێندە بێگەردو پاك دەهاتـە بەرچـاو کـە دەڵـە دێـو داوای لێکرد وەژوور بکەوێ و دیسان لە سەندووقەکەی ناو شاردییەوە.

نێرە دێو، زوو بۆ ماڵ گەڕایەوە، هەرکە لە دەرگای قەڵاکە وەژوورکەوت، هاواری کـرد: "بۆن دێ، بۆنی بێگانان دێ، لەم دەورومەکانان دێ، بۆنی ئادەمیزاد دێ، چ زندوو بـێو چ مردوو، ئێسكو پروسکی دەهاڕم بەسەر یەکاو دەیکەم بە یەك پاروو."

هاوسەرەکەی گوتی: "ئەی دێوی گەوج! بۆنی چیو ئادەمیزادی چی! ئەمـە بـۆنی ئـەو مەڕەیە کە بۆ شام (شیو) بۆم برژاندوویت."

نێرەدێو دانیشت و ژنەکەی مەڕێکی بیلبتونی (تەواو) بۆ هێنا، کە هـەموو مەڕەکـەی خوارد، بەژنەکەی گوت: "دەی ئێستا چەنگەکەم بۆ بێنە تا تۆ پیاسەکەت دەکەی، منـیش کەمێك گوێ لە مۆسیقا دەگرم."

دەڵە دێو رۆیی و بە چەنگێکی یەجگار جوانەوە گەڕایەوە. چەنگەکە بـە ئـەڵماس و یـا قووتی ڕەخشان و پرشنگدار رازێنرابووەوە و ژێیەکانیشی هەمووی لە زێڕ بوو.

نێرە دێو گوتی: "ئەمە جوانترین شتە کە من لەو نەجیبزادەیەم سەندووە. زۆرم حەز لـە مۆسیقایە و فرە دڵم بەم چەنگە خۆشە!"

ئەوسا نێرە دێو، چەنگەکەی بردە لای خۆیەوە و گوتی: "لێدە!"

چەنگەکەش ئاوازێکی نەرم و خەمناکی لێدا.

نێـرە دێـو هـاواری کـرد: "ئێسـتا ئاهـەنگی لای لایـەم بـۆ لێبـدە" و چـەنگەکەش ئاهەنکێکی دلنەوازی بۆ لێداو دێوە بەدەم ئەو نەواو ئاوازەوە خەوی لێکەوت.

کاتێ نێرە دێو، بە تەواوەتی خەوت، جاك بە ئەسـپایی لـە سـەندووقەکە هاتـە دەرێ و چوو بۆ موبەقەکە تا بزانێ کە ئاخۆ دەڵە دێوە چووەتە دەرێ یان نا. کـە جـاك بینـی هـیچ کەسێك لەو ناوە نییە، بە ئەسپایی دەرکەی ماڵەکەی کردەوە، پاشان خـۆی بـە ژوورەکـەی نێرە دێودا کرد، چەنگەکەی هەڵگرت و هەڵات. بەڵام لەو کاتـەدا کـە جـاك بـەرەو دەرگـا هەڵات، چەنگەکە بە دەنگی بەرز هـاواریکرد: "سـەروەرم، سـەروەرم!" دێوەکـە خەبـەری بووەوە، بەدەم نەڕەیەکی ترسناکەوە لە جێـی خـۆی ڕاپـەڕی و بـە دوو شـەقاوان (هـەنگاو) گەییە بەر دەرگای چـوونە دەرەوە. بـەڵام جـاك زۆر چـالاك بـوو وەکـو بروسـکە بـە خـۆو چەنگەکەی دەستیەوە هەڵات. جـاك کەوتـە گفتوگـۆ دەگـەڵ چـەنگەکەدا، چـونکە بـۆی دەرکەوت کە ئەو چەنگە پەرییە (فریشتە). جاك، بـە چـەنگەکەی گـوت کـە مـن کـوڕی خاوەنی پێشووی تۆم، یانی کوڕی هەمان سوار چاکی نـەجیمزادەم. دێوەکـە هێنـدە بەلـەز غاری دا کە بە تەواوەتی لە جاکی بەلەنگاز نزیك بووەوە و دەستە زەلامەکەی (گەورە) درێژ کرد تا بیگرێت، بەڵام خۆشبەختانە رێك لەم دەمەدا پێی نایە سـەر بـەردێکی لـەق و بـەو هەیکەلە زەلامەیەوە تەختی سەر عاردی بوو.

جاك دەرفەتی هێنا کە خۆی هەڵبداتە سەر لاسکی لۆبیاکە و بە پەلە پێیـدا داگـەڕێت. کاتێ جاك گەیشتەوە باخچەکەی ماڵی خۆیان، سەیری کرد دێوەکە بە دوویدا دێـت. جـاك هاواری کرد:

"دایکە، دایکە! خێرا تەورەکە بێنە."

دایکە، تەور بە دەست بەرەو لای جاك غاری دا و جاك بە زەبری تەور، هەموو لاسکەکانی لۆبیاکەی بڕی‌و بە دایکی گوت لاکەوێتە لاوە.

ڕێك لەم دەمەدا، لە کاتێکا نێرە دێو خۆی بە دوا لاسکی لۆبیاکەوە گرتبوو، جاك بە پەلە ئەویشی بڕی‌و نێرە دێو شلّپ کەوتە سەر عاردی‌و حەیاتی لەبەر بڕا.

جاك‌و دایکی زۆر ترسا بوون، بەلاّم لەم دەمەدا، خانمێکی جوان، هاتە بەردەمیان‌و گوتی: "جاك! تۆ وەکو کوڕی سوار چاکێکی دلێرو مەرد ڕەفتارت کردو هەقی خۆتە میراتی بابت بە تۆ ببڕێ. دەی ئێستا عاردی هەڵکەنەو نێرە دێو لە چاڵ بنەو بڕۆ ژنەکەشی بکوژە."

جاك گوتی: "من دەستم ناچێتە خوێنی کەس، ناتوانم کەس بکوژم، مەگەر شەرم پێ بفرۆشێت. من ناتوانم شمشێرەکەم لە ژنێك هەڵکێشم. ژنی دێوەکە بە هەموو ناشیرینییەکیەوە زۆرم دەگەڵ مێریڤان‌و دلۆڤان بوو."

پەرییەکە، بەدەم جاکەوە پێکەنی‌و گوتی: "من زۆر خۆشحالّم کە تۆ دلێکی بەخشندەت هەیە، بە هەرحالّ بۆ قەلاّکە بگەڕێوەو هەر کارێك کە پێویستە ئەنجامی بدە."

چونکە لاسکی لۆبیاکە بڕا بوو، جاك داوای لە پەری کرد تا ڕێگەی قەلاّکەی پێ نیشان بدات. پەری گوتی کە بە گالیسکەکەی خۆی کە تاوسان دەیهاژۆن، بۆ ئەوێندەر دەبات. جاك سوپاسی پەری کردو دەگەڵ ئەودا سواری گالیسکەکە بوو.

هەر ڕۆییشتن‌و ڕۆییشتن تا گەیینە گوندێکی بناری گردێك. کۆمەڵێك خەڵکی بێچارەو بێنەوا لەوێندەر خڕبووبوونەوە. پەری، گالیسکەکەی ڕاگرت‌و روو لەو خەڵکە گوتی: "دۆستان! ئەو دێوە ستەمکارەی کە غەدری لە ئێوە کرد بوو مێگەلە مالاّتەکانی خواردبوون، مرد. پێویستە سوپاسی ئەم کوڕە گەنجە بکەن کە دێوەکەی کوشت‌و لە کۆڵی کردنەوە. ئەمە کوڕی سوار چاکی نەجیمزادە، یانی هەمان سەر گەورەی پێشووی ئێوەیە."

خەڵکەکە، بەو قسانەی پەری، زۆر خۆشحالّ بوون‌و گوتیان: "وەکو چۆن ڕاستگۆیانە خزمەتی بابی ئەم گەنجەیان کردووە، بەو ئاوایە خزمەتی ئەویش دەکەن." ئەوسا پەری

داوای لێکردن کە جاك بۆ قەڵاکە ببەن. کاتێ گەیینە قەڵاکە، جاك لە تەقـەی دەرگـای داو ویستی وەژوور بکەوێ. بەڵام هاوسەرە پیرەکەی نێرە دێو، کە لەسەر قوللەی دێدەوانیەکـەوە حەشاماتەکەی بینی بوو، زۆر ترسا بوو و یەکسـەر دڵـی خەبـەری دا کـە شـتێك بەسـەر مێردەکەی هاتووە. ئەو دەڵە دێوە کاتێ بە پەلە لە قاڵدرمەکان دەهاتـە خـوارێ، پێـی لـە جلەکانی خۆی گیر بووو لە قاڵدرمەکانەوە سەرنگون بوو. کاتێ خەڵکەکـە سـەیریان کـرد، دەرگای قەڵاکە ناکرێتەوە، بـە زەبـری لۆسـەو باریـە دەروازەکـەیان کـردەوە و رووبـەڕووی جەستەی بێ گیانی دەڵە دێـوە بەدفـەڕو بەدخواکـە بوونـەوە کـە لەسـەر قاڵدرمەکانـەوە کەوتبوو خوارەوە.

لەوە بەدواوە جاك، بەقەڵاو ماڵەکەی بابی شاد بـووەوەو پـەری، چـوو دایکـی جـاك و چەنگەکەو مریشکە قاوەییەکی بۆ هێنان بۆ قەڵاکە. جاك ژنـی دێوەکەشـی لـە چـاڵ نـاو یارمەتی هەر هەموو ئەو کەسانەشی دا کە دێوەکە ماڵو سامانی بە تالآن برد بوون.

پەری بەر لەوەی بۆ مەملەکەتو قەڵەمڕەوی پەریان بگەڕێتەوە، بۆ جاکی گێڕایەوە کە ئەو، ئەو قەساوەی بەو لۆبیانەوە هێنابووە سەر رێی جاك تـا تـاقی بکاتـەوەو بزانـێ چـتۆ (چۆن) کوڕێکە.

پەری گوتی: "ئەگەر تۆ بێ ئەقڵانە تەمەشای ئەو لاسکە لۆبیا زۆر گەورەیەت کردبـا، من ئیدی کارم بە کارتەوە نەدەبوو، بە دەردی خۆتەوە بـە تـەنیا جـێم دەهێشـتی و تـەنیا چێڵکەم بۆ دایکت دەگێرایەوە. بۆیە تـۆ شایسـتەی سـەرفرازیتو کاتـێ کـە بـە لاسـکی لۆبیاکەدا سەردەکەوتی، لە ڕاستیدا بە پەیژەی بەختەوەریدا سەردەکەوتیت."

ئەنجام، پەری، جاكو دایکی بەجێهێشتو بۆ مەملەکەتو وڵاتی خۆی گەڕایەوە.

***حیکایەتی فولکلۆری ئینگلیستان***
***کۆ چیرۆکی ئاندرولانگ.***

## (٦)

# پشیلەی چەکمەپۆش

هەبوو نەبوو ئاشەوانێك هەبوو، ئەم ئاشەوانە سێ کوڕی هەبوو. کە مرد لە دارای دنیادا تەنیا ئاشێك و کەرێكو پشیلەیەکی بۆ کوڕەکانی لە پاش بەجێ مابوو. کوڕەکان، ئەم میراتو کەلە پورە ناچیزەیان خێرا لە بەینی خۆیاندا دابەش کردو چاوەڕوانیان نەکردو کە پارێزەرێك بێتو یارمەتیان بداتو ئەو میراتەیان لێ بەش بکات.

کوڕی گەورە ئاشەکەی هەڵگرت، کوڕی دووەم کەرەکەو لە ئەنجامدا هیچ شتێك بۆ کوڕە چکۆلەکە نەمایەوە تەنیا پیشلەکە نەبێت، کە بەم بەشە ناچیزە قاییل نەبوو.

کوڕی بچووك لە دڵی خۆیدا گوتی: "برایەکانم دەتوانن بە یارمەتی یەکتر ژیانی خۆ بەڕێوە بەرن، بەڵام من کاتێ کە پشیلەکەم خواردوو کەوڵەکەیم کرد بە دەستکێش، ئیدی لە برسا دەمرم!"

پشیلەکە، کە وای دەنواند گوێی لە قسەکانی ئەو نییە، هەر هەموو ئەو قسانەی ژنەوت (بیست)و بە هۆشمەندیو جددی گوتی: "ئاغا، پێویست ناکات بە هیچ جۆرێ بە بەشە میراتەکەی خۆت ناڕازی بیت، یەك زەڕە خەمت نەبێ. تۆ تەنیا ئەوە بکە کە خورجینێكو جووتێ چەکمە بۆ من پەیدا بکەیت تا بتوانم بە ئاسانی بە بێشەو جەنگەڵاندا ڕێبکەم ئیدی هەقت نەبێ."

ئەم پشیلەیە پێشتریش سەلماندبووی کە لە فێڵو دەهۆیاندا یەجگار زیرەكو بە توانایە. بۆ نموونە کاتێ دەیویست کەروێشکێك یان مشکێك ڕاو بکات، خۆی لە نێو گیاو رووەکاندا مەڵاس دەداو بە جۆرێ لاقەکانی بەرز دەکردەوە، لە تۆ وایە مردووە.

کوڕە، متمانەی بە زیرەکی پشیلەکەی پەیدا کردو هەموو ئەو شتانەی کە داوای کرد بوون، بۆ پەیدا کرد.

پشیلەکە، بە خۆشحاڵیەوە چەکمەکانی لە پێکردو خورجەکەی لە مل کردو چوو بۆ شوێنی ڕاگرتنو بە خێوکردنی کەروێشکان. پشیلەکە، هەندێك کەپەكو گێزەری کردە خورجینەکەی خۆیەوەو بە جۆرێ لە عاردی ڕاکشا کە وا بێتە بەرچاو مردووە. نەخشەو پلانەکەی ئەمە بوو کە چاوەڕوان بکات تا کەروێشکێکی چکۆلەی کەم ئەزموون بێتو بۆ ملّو موش خۆی بەناو خورجینەکەی ئەودا بکات.

دوای تۆزێك، تەگبیرەکەی پشیلەی ناوبراو سەری گرت. کەروێشکێکی چکۆلەی نەزان خۆی بە خورجەکەدا کردو ئاغای پشیلەش خێرا دەرکی خورجینەکەی (تورەکە) بەستو لە چاوترووکانێکا کەروێشکەکەی کوشت.

پشیلەکە کە لە ڕاوو شکارەکەی خۆی رازی بوو، بەرەو کۆشکی پاشا وەڕێکەوتو داوای دیتنی پاشای کرد. پشیلەیان بە قالّدرمەکاندا سەرخست. خۆی بە ژووری پاشادا کردو ئیکلامێکی کردو گوتی: "سەروەرم من لە لایەن ئاغامەوە، لەلایەن کارابس ی نەجیمزادەوە -پشیلە ئەو ناوەی لە ئاغای خۆی نابوو- کەروێشکێکم بە دیاری بۆ هێناوی."

شا وەلّامی دایەوە: "بە ئاغات بلّێ من سوپاسی لوتفو کەرەمی ئەو دەکەم."

ڕۆژێکی دیکە پشیلەکە، خۆی لە نێو تەبارە گەنمێکدا حەشارداو سەری خورجینەکەی بە تەواوەتی کردەوە. ئەمجارەیان دوو کەوی قوتو قەلّەو خۆیان بە خورجینەکەدا (تورەکە) کردو پشیلەکە خێرا دەمی خورجینەکەی بەستو هەردووکیانی گرت. دووبارەو بەهەمان شێوەی کە کەروێشکەکەی بە دیاری بۆ شا بردبوو، بەو ئاوایە رۆییو کەوەکانیشی پێشکەش بە پاشا کرد. شا کە زۆر دلّی بەو جووتەکەوە خۆش بوو بوو، دیارییەکی بە پشیلەکەدا.

پشیلەکە، بەمجۆرە تا دوو سێ مانگی دیکەش، هەر ماوە نا ماوەیەك، جارێك دەچووە دیدەنی شاو بە ناوی ئاغایەوە دیارییەکی بۆ دەبرد. ئەم دیاریانە بریتی بوون

لەو گیانلەبەرانەی ئەو ڕاوی دەکردن. ڕۆژێ پشیلە زانی کە شا دەخوازێت کیژەکەی خۆی، کە جوانترین شازادە خانمی دنیا بوو، بە نیازی پیاسەو گەڕان، بۆ بەستێنی (کەنار، ڕۆخ) رووبار ببات. پشیلەکە، بە ئاغاو خاوەنەکەی خۆی گوت: "تۆ ئەگەر بە گوێی من بکەیتو ئەوەی من پێتی دەڵێم، ئەنجامبدەی، چارەنووسێکی باشت دەبێت، تۆ تەنیا ئەوەندەت لەسەرە بڕۆی لە فلان شوێنی رووبارەکە مەلە بکەیتو ئیدی هەموو کارەکانی دی بە من بسپێرە." ئاغای پشیلەکە، کە هەنووکە بە نەجیبزادە کارابس ناو دەبرا، نەیدەزانی پشیلەکە چ نەخشەیەکی لە سەردایە، بەڵام پشیلەکە هەرچیەکی پێگوت، ئەنجامی دا.

کاتێ کە کوڕە بەدەم مەلەکردنەوە لە ئاوەکە دا بوو، شا لە رووبارەکە نزیك بووەوە، پشیلەکە دەستی بە هاتو هاوار کرد: "عەشرەت هاوارە، فریاکەون، نەجیمزادە کارابس خەریکە دەخنکێ." کە شا گوێی لەم هاوارە بوو، دەستووری دا گالیسکەکەی ڕابگرن. شا، پشیلەکەی ناسییەوە، فەرمانی بە دەستو پێوەندەکانی دا بە پەلە بڕۆنو کۆمەکی (یارمەتی) ئەو نەجیمزادەیە بکەنو رزگاری بکەن.

کاتێ کە نەجیمزادەی نەگبەتیان لە رووبارەکە دێنایە دەرێ، پشیلەکە، لە گالیسکەکە نزیك بووەوەو بۆ شای گێڕایەوە کە کاتێ ئاغای خەریکی مەلە بوو دزان هاتنو جلەکانیان دزی و ئەم بۆ دەستگیرکردنی دزەکان هاواری کردووە. جا پشیلەی فێڵباز جلەکانی ئاغای لە ژێر بەردێکی گەورەدا شاردبووەوە. شا یەکسەر فەرمانی بە نۆکەرو خولامەکانی خۆی دا بڕۆن دەستێك جلکی باش بۆ ئەم نەجیمزادە نەگبەتە هەڵبژێرن.

شا بەڕێزو حورمەتێکی زۆرەوە رەفتاری دەگەڵ نەجیبزادەدا کرد. جا چونکە نەجیمزادە گەنجێکی قۆزو لەبار بوو، هەرکە ئەو جلکە باشانەی، کە نۆکەرانی شا بۆیان هێنابوو، لەبەر کردبوو سەرو سیمایەکی جوانو دڵگیری پەیدا کرد بوو و کیژی پاشاش زۆری چووە دڵەوە. لە راستیدا نەجیمزادە تەنیا دوو سێ جار نیگای شازادە خانمی کردو ئەویش نیگا کردنێکی بەڕێزو نەزاکەتەوە، بۆیە ئەمە کردیە کارێك کیژی

شا بە تەواوەتی حەزی لێبکاتو ئاشقی ببێ. شاش داوای لە کوڕە کرد کە دەگەڵیاندا سواری گالیسکە ببێو پێکەوە بچنە سەفەر.

پشیلەکە بینی نەخشەکەی بە تەواوەتی سەری گرتووە، زۆر خۆشحاڵ بوو. لە پێش گالیسکەکەی شاوە بە رێکەوتو سەیری کرد ژمارەیەك جوتیارو دێهاتی لە کێڵگەیەکدا خەریکی گیادرون بوون، خۆی گەیاندنێو گوتی: "دۆستان گوێ بگرن، ئەگەر بە شا نەڵێن کە ئەم کێڵگەو مەزرایە هی نەجیمزادە کارابسە، هەمووتان وەکو قیمە ئەنجن ئەنجن دەکات."

شا لە کاتو ساتی خۆیدا گەییە ئەوێندەر، لە گیاکەرەکانی پرسی کە ئەو کێڵگەو مەزرایە هی کێیە؟ هەموویان لە ترسا بە یەك دەنگ گوتیان: "ئەمە مەزرای نەجیمزادە کارابسە." شا بە کارابس ی گوت: "مەزرایەکی باشت بە میرات بۆ ماوەتەوە."

نەجیبزادە بەرسڤی (وەڵام) دایەوە: "جەنابت وەکو دەبینیت ئەم مەزرایە، ساڵانە بەروبوومێکی زۆر دەدات."

پشیلەی فێڵباز هەمدیس لە پێش شاوە کەوتە رێو تووشی ژمارەیەك درۆینەوان بووو پێی گوتن: "گوێ بگرن دۆستانی ئازیز، ئەگەر بە شا نەڵێن کە هەموو ئەم مەزرایانە هی نەجیمزادە کارابسە هەمووتان دەکوژێت." زۆری نەبرد کە شا گەییە ئەوێندەرو پرسی کە ئەم مەزرایانە هی کێن؟

دروێنەوانەکان گوتیان: "هەمووی هی نەجیمزادە کارابسە."

شا، هێندەی دی نەجیمزادەی چووە دڵەوە. پشیلە، هەمدیس لە پێش گالیسکەکەوە کەوتە رێو و هەر کەسێکی بینی بە هەمان شێوە ترساندی، شا سەری لەو هەموو سەروەتو سامانە زۆرەی نەجیمزادە سوڕمابوو. سەرەنجام ئاغای پشیلە، گەییە کۆشكو قەڵایەکی گەورە کە هی دێوێك بوو. ئەم دێوە، دەوڵەمەندترین دێوی دنیا بوو، هەر هەموو ئەو دەڤەرو ناوچانەی کە شا پێیاندا تێ پەڕی بوو، لە قەڵەمڕەوی قەڵاکەی ئەودا بوو.

پشیلەی گۆڕین کەوتە سۆراغو سووسەی ئەوە کە بزانێت ئەم دێوە کێیەو چ توانایەکی هەیە؟ داوای کرد کە دێوە بدینێ‌و گوتی نایەوێ بەبێ پرسی خاوەنی ئەم قەڵایە، لە قەڵاکە نزیك ببێتەوە. دێوە بەو پەڕی رێزو نەزاکەتەوە پێشوازی کردو خولکی کرد کە دابنیشێت.

پشیلەکە گوتی: "من بیستوومە کە گوایە تۆ توانای ئەوەت هەیە بچیتە پێستی هەر گیانلەبەرێکەوە. بۆ نموونە خۆت بگۆڕێت‌و شێوەی شێر یان فیل وەربگریت.

دێوە گوتی: "ئەمە زۆر ڕاستە، جا بۆ ئەوەی بۆتی بسەلمێنم ئێستا دەچمە پێستی شێرێکەوە!"

پشیلەکە، کە شێرێکی لەبەردەم خۆیدا بینی، زۆر ترساو لە ترسا خۆی هەڵدایە بن میچەکە، دیارە ئەم کارە بۆ ئەو کارێکی ئاسان‌و بێ مەترسی نەبوو، چونکە چەکمەکانی بۆ ئەو کارە لە بارو گونجاو نەبوون.

پشیلەکە کە بینی دێوەکە گەڕایەوە دۆخی خۆی، لە شێرەوە بووەوە بە دێو، لە بن میچەکە هاتە خوارێ‌و گوتی کە بەڕاستی ترساوە. پشیلەکە جارێکی دی گوتی: "من بیستوومە کە گوایە دەتوانی بچیتە پێستی بچووکترین گیانلەبەرانی وەکو کەروێشك یان مشکەوە، جا من پێم وایە ئەم کارە مەحاڵی مەحاڵە."

دێوە هاواریکرد: "مەحاڵ؟ ئێستا پێتی نیشاندەدەم!" دێوە، یەکسەر خۆی گۆڕی‌و چووە قاڵبی مشکێکەوە کە بە ژوورەکەدا غاری دەدا. پشیلەکە، هەرکە چاوی بە مشکەکە کەوت یەکسەر پڕی دایەو خواردی.

زۆری پێ نەچوو شا لە ڕێوە گەییە ئەوێندەرو کە چاوی بە کوشك‌و قەڵا جوانەکەی دێوە کەوت، ویستی بیبینێ‌و تەمەشای بکات. پشیلەکە، کە گوێی لە دەنگی تەق‌و هۆڕی گالیسکەکە بوو، کە بەسەر پردە بزۆزەکەی قەڵاکەدا تێدەپەڕی، رایکردە ناو حەوشی قەڵاکەو هاواریکرد: "خاوەنشکۆ بە خێر هاتی بۆ کۆشك‌و قەڵای نەجیمزادە کارابس!"

شا هاواریکرد: "ئەمە چییە؟ نەجیمزادە ئەم کۆشكو قەڵایەش هی تۆیە؟ بە عەمراتم کۆشكو قەڵای وا جوانو خۆشم نەدیتووە. بە یارمەتیت دەچینە ناو قەڵاکە با تەمەشایەکی بکەین."

نەجیمزادە، دەستی شازادەخانمی گەنجی گرتبوو، لە دوای شاوە بە قاڵدرمەکاندا سەردەکەوتن. کاتێ کە چوونە ناو هۆڵە گەورەکەی قەڵاوە، لەوێندەر زیافەتو دەعوەتێکی گەورە رێکخرا بوو، ئەم میوانییە لەلایەن دێوەکەوە رێك خرا بوو، چونکە ئەو رۆژە قەرار وا بوو چەند کەسێك لە دۆستەکانی بێنە دیدەنی ئەو. دۆستانی دێوە کاتێ دیتیان کە شا لە قەڵاکەدایە، زاتیان نەکرد بێنە ژوورەوە.

ئێستا شاو کیژەکەی هەردووکیان بە تەواوەتی شەیدای رەوشتی بەرزی ئەم نەجیمزادەیە بوو بوون. شا کە چەند پیاڵەیەك شەرابی نۆشی بوو، کە ئەو هەموو سەروەتو سامانە مۆڵەی نەجیمزادەی بینی، رووی تێکردو گوتی: "ئەگەر بتەوێو حەز بکەی ئامادەم بتکەم بە زاوای خۆم, ئیدی بە خۆت سەرپشکی."

نەجیمزادە، ئیکلامێکی (کڕنۆش بردن) کێشاو ئەو کەرەمەی قەبووڵ کردو هەر ئەو رۆژە زەماوەندی دەگەڵ شازادە خانمدا کرد.

پشیلەش بوو بە کەسایەتییەکی سەنگینو بە قەدرو تەنیا بۆ کەیفو خۆشی راوە مشکی دەکرد.

**چارلز پرا لْت**

(٧)

# پاڵتۆ سوور

هەبوو نەبوو، رۆژگارو سەردەمانێك كچـۆڵەیەكی قشـتیلەی خۆشەویسـت لـە گوندێكـدا دەژیا، هەر كەسێك ئەم كیژەی ناسیباو دیتبا، خۆشی دەویسـت. بـەڵام داپـیرەی لـە هـەموو كەسێكی خۆشتر دەویستو هەر كارێكی لە دەست بهاتبایە بـۆی دەكـرد. رۆژێ دایـە گـەورە (داپیرە) پاڵتۆیەكی مەخمەڵی سووری دا بە نەوەكەی. ئەم پاڵتۆیە زۆر لە كچـۆڵەكە دەهـات، بۆیە لەوە بە دواوە بە پاڵتۆ سوور ناوی دەركردو هەموو كەسێك بە پاڵتۆ سوور بانگی دەكرد.

رۆژێ دایكی پاڵتۆ سوور، كیژەكەی گاز (بانگ) كـردو گـوتی: "وەرە ئـەم كێـكو بوتڵـە شەرابە بۆ داپیرەت ببە. چونكە نەخۆشو بێتاقەتە، بەڵكو بەم شـتانە تـۆزێ ببووژێتـەوە. تـا دنیا گەرمی نەكردووە، خێرا برۆ. لە رێگەش لاساریو ئەملاو ئەولا مەكـە، غـاریش مـەدە نەبا بكەویتو بوتڵەكە بشكێو شەرابەكە لە كیس داپیرە بچێتو چـاك نەبێتـەوە. لـە بـیرت نەچێ كە گەییتە ماڵی داپیرە رۆژ باشو سلاوی لێبكەو سەر بەم كونو بەو كوندا نەكەی."

پاڵتۆ سوور بەڵێنی بە دایكی دا كە هەموو فەماریشتەكانی (قسەكانی) بە جێدێنیو بـە گوێی دەكات.

داپیرە لە بێشەو دارستانێكا دەژیا كە نیو سەعاتە رێیەك لە گونـدو ئـاوەدانی دوور بـوو. كاتێ پاڵتۆ سوور گەییە بێشەو دارستانەكە تووشی گورگێك بـوو، بـەڵام نەیـدەزانی گـورگ، حەیوانێكی نارەسەنو درندەیە، بۆیە هیچ نەترساو بـەرەو لای گورگەكـە چـوو و گـوتی: "رۆژ باش." گورگە وەڵامی دایەوە: "رۆژ باش، سـوپاس."و ئەوسـا پرسـی: "پـاڵتۆ سـوور، بـەم بەیانی زووە، بۆ كوێ دەچیت؟"

"دەڕۆم بۆ ماڵی داپیرەم."

"ئەدی ئەم زەمیلەیە چی تێدایە؟"

"کێك‌و شەراب، بۆ داپیرەمی دەبەم، پێویستی بەم شتانەیە تا بووژێتەوە."

"پالتۆ سوور، نەنکت (داپیرە، دایە گەورە) لە کوێ دەژی؟"

پالتۆ سوور، وەڵامی دایەوە: "لێرەوە تا ئەوێ چارەکە سەعاتێك دەبێ. ماڵەکەی لە دارستانێکدایە، لە ژێر سێ دار بەرووی گەورەدایەو نزیکی چەند دار گوێزێکە کە بێگومان تۆ پێی دەزانی."

گورگە لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەم کچۆڵە قشتیلە دڵپاکە پاروویەکی بەتام و لەزەتە! هەڵبەتە زۆر لە داپیرەی پیری بە تام‌و لەزەت ترە، من دەبێ فێڵێك بدۆزمەوەو بەکار بێنم کە کەسیانم لە دەس دەرنەچێت."

ئەوسا گورگەکە، کەمێك لەگەڵ پالتۆ سووردا رێی کردو گوتی: "پالتۆ سوور تۆ تەمەشای ئەو گوڵە جوانانە بکە، بۆچی تەمەشای دەوروبەرت ناکەی؟ وا تەسەور دەکەم تەنانەت گوێ لە ئاوازی باڵندەکانیش نەگریت، رەفتارت ئەوەندە جدیە کە پێموایە نەچوویتە قوتابخانەش. زۆر شتی جوانی دیکەش لە دارستانەکەدا هەن کە تۆ نەت دیتوون."

پالتۆ سوور ڕوانییە دەوروبەری خۆی، کە سەیری کرد تیشکی هەتاو بەدەم سەماوە خۆی بە نێو لق‌و چڵی درەختەکاندا دەکات و دەدا لە گوڵە گەش‌و پاراوەکان، لە دڵی خۆیدا گوتی: "بۆچی چەپکە گوڵێکی گەش‌و تازە بۆ داپیرم نەبەم، بێگومان زۆری پێ خۆش دەبێ. خۆ هێشتا زووە، تازە هەوەڵی رۆژە، فریا دەکەوم چەپکێ گوڵ بکەم."

پالتۆ سوور لە رێگاکە لایدا، بە مەبەستی گوڵ چنین بە ناو چڕە دارستانی بێشەکە کەوت. هەر گوڵێکی دەچنی، گوڵێکی دوورتری بەدی دەکردو جوانتر دەهاتە بەرچاوی. بەجۆرە بەرەبەرە کەوتە ناو قووڵایی بێشەکە. گورگەش ئەم دەرفەتو دەلیڤەیەی قۆستەوەو یەکڕاست چوو بۆ ماڵەکەی داپیرەو لە دەرکەی دا.

"ئەوە کێیە لە دەرگا دەدا؟"

"منم، پالتۆ سوور، کێکێك و کەمێ شەرابم بۆ هێناوی، دەرگا بکەوە."

داپیرە گوتی: "بەخۆت دەرگاکە راکێشە، زۆر نەخۆشم، ناتوانم لە جێی خۆم هەستم."

گورگە، دەرگاکەی راکێشاو کردیەوەو بێئەوەی چ قسەیەك بکات، یەکسەر بەرەو تەختە خەوەکەی داپیرە رۆیی‌و پیرەژنی بەستەزمانی خوارد. ئەوسا جلی خەوو کڵاوەکەی داپیرەی لەبەرو لەسەر کردو خۆی بە ناو جێگاکەی داپیرەدا کردو هەموو پەردەکانی دەوروبەری تەختە خەوەکەی دادایەوە."

پاڵتۆ سووریش هێشتا هەر خەریکی گوڵ چنین بوو و تا توانی گوڵی چنی، لە پڕ ئەوەی بیرکەوتەوە کە بەڵێنی بە دایکی دا بوو، لە رێگەدا خۆی ماتەڵ نەکات.

کاتێ پاڵتۆ سوور، گەییە کوختەکەی داپیرە، سەری لەوە سوڕما کە دەرگای کوختەکەی داپیرە کراوەتەوە، کە خۆی بە ژوورا کرد، هەموو شتەکانی بەلاوە سەیر بوو، هەستی بە ترس دەکرد، بەڵام نەیدەزانی بۆ.

پاڵتۆ سوور بە دەنگی بەرز بانگی کرد: "رۆژ باش دایە گەورە". بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە.

پاڵتۆ سوور، چوو بۆ لای تەختە خەوەکەی داپیرەو پەردەکانی لادا. دایە گەورە نووستووە، ئەدی بۆ کڵاوەکەی هێناوەتە سەر چاوی؟ زۆر سەیرە!

"ئەی دایە گەورە ئەم گوێچکە گەورانە چییە!"

"ئەوە بۆ ئەوەیە باشتر گوێم لە دەنگت بێ گیانەکەم"

"دایە گەورە ئەدی ئەم چاوە گەورانە چییە!"

"بۆ ئەوەی باشتر بتبینم گیانەکەم".

"دەستەکانت چەند گەورەن داپیرە!"

"بۆ ئەوەیە باشتر لە ئامێزت (باوەش) بگرم گیانەکەم".

"ئەدی داپیرە دەم‌و ددانەکانت بۆ ئەوەندە گەورەن!"

"بۆ ئەوەیە باشتر بتخۆم گیانەکەم."

گورگە، لەگەڵ ئەو قسەیەدا یەکسەر لەسەر تەختە خەوەکە راپەڕی‌و پڕی دایە پاڵتۆ سوورو حەپەلۆشی کرد.

گورگە کە تێر بوو، جارێکی دی خۆی بە ناو جێگاکەدا کـردو لێـی راکشـاو زوو بـە زوو پرخو هۆڕی خەوی بەرز بووەوە.

بە رێکەوت راوچییەك لەو دەمەدا بەلای کوختەکەی داپیرەدا تێدەپـەڕی، کـە گـوێی لـە دەنگی پرخو هۆڕی گورگەکە بوو، وایزانی داپیرەیـە، گـوتی: "بـا بچـم بـزانم داپـیرە هیچـی پێویست نییە."

راوچیەکە، وەژوور کەوت، چوو بۆ لای تەختە خەوەکە، لە پڕ چاوی بە گورگەکـە کـەوت، راوچیەکە گوتی: "ئەی حەیوانی بەدفەڕو نارەسەن لێرە چی دەکـەی؟ مـن لـە مێـژە لـە تـۆ دەگەڕێم!".

راوچیەکە، یەکسەر تفەنگەکەی سوار کرد کە گورگە بەر گوللە بدات، بـەڵام لـەپڕ بـیری کردەوە، کە نابادا گورگەی نارەسەن داپیرەی حەپەلوش کردبـێ. بـەڵکو هـەوڵێ بـدەم پـیرەژن رزگار بکەم. تفەنگەکەی لەلایەکەوە داناو چـەقۆیەکی هـەڵگرتو کەوتـە هەڵـدڕینی ورگـی گورگە نووستووەکە. هێشتا ورگی گورگەکەی بە تەواوەتی هەڵنەدڕی بوو، کـە سـەری پـاڵتۆ سوور وەدیار کەوتو دوای تۆزێك پاڵتۆ سووری بەستەزمان لە ورگـی گورگەکـەوە دەرپـەڕیو هاواریکرد: "وای کە ترسام، ورگی گورگەکە، تاریکی تاریك بوو." دوای پـاڵتۆ سـوور، دایـە گەورەش کە هێشتا زیندوو بوو، بە هانکە هانك هاتە دەرێ.

پاڵتۆ سووری عەیاریش خێرا رۆیی پڕ باوەشێك بەردی هێناو ورگی گورگەی تاینی لێ پـڕ کرد. گورگەی نارەسەنو بەدفەڕ خەبەری بووەوەو ویستی هەڵێت، بەڵام بەردەکانی نـاو سـکی هێندە قورس بوون کە بە پشتا کەوتو تۆپی.

هەموویان خۆشحاڵ بوون، راوچیەکە پێستی گورگەکـەی گـروو بـۆ مـاڵی بـردەوە، دایـە گەورە ئەو کێكو شەرابەی کە پاڵتۆ سوور بۆی هێنا بوو، خواردو چاك بووەوە. و پـاڵتۆ سـوور لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئیدی هەرگیز بە تەنێ پێ نانەمە نـاو بێشـەو جەنگـەڵانو بـە گـوێی دایکم دەکەم."

***جاکوبو ویلهلم گریم***

## (٨)

# چەخماخ

ڕۆژێ سەربازێك بەسەر جادەیەك دا دەڕۆیی : چەپ، ڕاست! چەپ! ڕاست! کۆڵەپشتییەکەی دابوو بە شانیاو شمشێرەکەی لە قەدی بەستبووو لە بەرەی شەڕەوە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە. سەرباز، لە ڕێگەدا تووشی بوو بە تووشی ژنێکی جادووبازەوە. پیرەژن زۆر ناشیرینو ڕەزا گران بوو، لێوی تا سەر سینگی شۆر بووبووەوە.

پیرەژن، بە سەربازەی گوت: "ئێوارەت باش سەرباز! چ شمشێرو کۆڵەپشتییەکی جوانت هەیە! بەڕاستی سەربازیت! تۆ هەقە لە زێڕ بگیرێی. لە زێڕ باربکرێی"

سەربازەکە گوتی: "سوپاست دەکەم، داپیرە."

جادووبازەکە گوتی: "وەرە ئیشێك بۆ من بکە تا خۆتیش دەوڵەمەند ببی. ئەو درەختە زەلامە دەبینی؟ ئەوە ناوەکەی بەتاڵە، کلۆرە، هەر قالۆرەکەیەتی جا ئیشەکەی من ئەوەیە کە بەو دارەدا سەر بکەوی. لەسەر ترۆپکی درەختەکەدا کونێك هەیە کە دەتوانی لێوەی بچیتە خوارێ. من پەتێك لە ناو قەدت دەبەستم تا هەر کاتێ ویستت، هەڵتکێشمەوە سەرێ".

سەربازەکە گوتی: "باشە من دەبێ لەوێ چ کارێك بکەم؟"

جادوو بازەکە گوتی: "ئێ، دەیسا گوێ بگرە! کاتێ بە کلۆری دارەکەدا چویتە خوارێو گەییتە بنی درەختەکە، هۆڵێکی گەورە دەبینی، زۆر ڕووناکە، سێ سەد چرای تیادا دەسووتێ، پاشان سێ دەرگات دێتە ڕێ، هەر دەرگایەو کلیلی خۆی لەسەرە، دەتوانی بەو کلیلانە دەرگاکان بکەیتەوە. ڕێك لە ناوەڕاستی ژووری یەکەمدا سەندووقێکی گەورە هەیە کە سەگێکی لەسەر هەڵتووتاوە، هەر چاوێکی ئەو سەگە بە

ئەندازەی ژێر پیالّەیەکە، بەلاّم مەترسە، نیگەران مەبە. من بەرکۆشە شینەکەی خۆمت دەدەمیّ تا بیدەیت بەسەر سەگەکەدا.

ئەوسا سەندووقەکە بکەوەو بە دلّی خۆت چەندت پارە ویست دەری بێنە. سەندووقەکە پڕە لە سکەو دراوی مسین. بەلاّم ئەگەر ویستت زیوت هەبن، دەبیّ بچی دەرگای ژووری دووەم بکەیتەوە، سەگێکی لێیە هەر چاوێکی بە قەد چەرخی (تایە) گالیسکەیەکە. بەلاّم هیچ ترسێکت نەبیّ، بەرکۆشەکەی منی بەسەرا بدە. خۆ ئەگەر حەزت لە زێڕ بوو، دەبیّ دەرگای ژووری سێیەم بکەیتەوە، کە تا حەز بکەی زێڕی تیایە. بەلاّم ئەو سەگەی لەوێیەو پاسەوانی سەندووقەکەیە هەر چاوێکی بە ئەندازەی بورجە بازنەییەکەی کوپنهاکەو زۆر دڕو دڕندەیە. ئەمیش ئەگەر بەر کۆشەکەی پێدا بدەی هەقی بەسەرتەوە نابێت. هەنگیّ دەتوانی چەندت زێڕ بویّ لە سەندووقەکەی دەربێنی."

سەربازەکە گوتی: "زۆر باشە! بەلاّم پیرەژن بلّیّ بزانم, من لە هەنبەر ئەمەدا، دەبیّ چ کارێك بۆ تۆ بکەم ؟ چونکە گومانم لەوە نییە کە تۆش چاوەڕوانی شتێکی لە من، ئەمەم بە خۆڕایی لەگەلّدا ناکەی."

جادووبازی پیر وەلاّمی دایەوە: "ڕاستە، تۆش دەبیّ لە جیاتی ئەمە، چەخماخێکی قەدیمیم بۆ بێنی کە داپیرەم دەمیّ سالّە لەوێندەری داناوە."

سەربازەکە گوتی: "باشە، دەیسا وەرە پەتەکە لە ناو قەدم ببەستە."

پیرەژن گوتی: "وەرە، ئەمە پەتەکەو ئەمەش بەر کۆشە شینەکە."

سەربازەکە بە درەختەکەدا هەلّزناو لە کونی سەر ترۆپکی درەختەکەوە خۆی بە ناو کلۆرەکەدا کرد. کاتیّ گەییشتە بنی درەختەکە. وەکو چۆن پیرەژن باسی کردبوو، چاوی بە هۆلّێکی گەورە کەوت کە سیّ سەد چرای تیا دەسووتا.

سەربازەکە، دەرگای ژووری یەکەمی کردەوەو سەگێکی بینی، هەر چاوێکی بە ئەندازەی ژێر پیالّەیەك بوو. کەوتە مەرایی‌و خافلاّندنی سەگەکەو دەیگوت تۆ سەگێکی زۆر ئاقلّی، شانت واو بالاّت وا، لە گەرمەی ئەم قسانەدا بەرکۆشەکەی

بەسەریدا دا. ئەوسا چوو بەلای سەندووقەکەوەو هەموو گیرفانەکانی لە دراوی مسین پڕ کرد، پاشان دەرکی سەندووقەکەی داخستەوەو سەگەکەی نایەوە سەری‌و چوو بۆ ژووری دووەم. سەگێکی لێ بوو، هەر چاوێکی بە قەد چەرخی گالیسکەیەك بوو. سەربازەکە بە سەگەکەی گوت: "بەو جۆرە مۆڕەم لێ مەکە، دەنا هەردوو چاوت دەردێنم."و یەکسەر بەر کۆشەکەی بەسەریدا دا. سەگەکە بە کاوەخۆ لەسەر سەندووقەکە هاتە خوارەوە، سەربازەکە دەرکی سەندووقەکەی کردەوەو یەك دنیا دراوو سکەی زیوی بینی. هەنگێ هەرچی پارەیەکی مسی لە گیرفاندا بوو، هەر هەمووی هەڵڕشت و لە جیاتی ئەوە گیرفانەکانی‌و کۆڵەپشتییەکەی پڕ کرد لە دراوی زیو.

پاش ئەوە بۆ ژووری سێیەم رۆیی. ژوور چی ژوور، پیاو هەترەشی دەچوو! سەگێك لەسەر سەندووقەکە بوو، کە هەر چاوێکی بە ئەندازەی بورجە بازنەییەکەی کۆپنهاگ بوو. سەربازەکە کە زۆر ترسا بوو، بەڕێزو نەزاکەتەوە سڵاوی لە سەگەکە کردو یەکسەر بەرکۆشەکەی دا بە سەریاو خۆی گەیاندە سەندووقە پڕ لە زێڕەکە. پەحا کە زێڕی تیا بوو! بەو هەموو زێڕە دەیتوانی شەکرۆکەو مژ مژەی دنیا بکڕێت! سەربازەکە، هەرچی دراوی زیو، لە بەرك (گیرفان)و کۆڵە پشتییەکەیدا بوو، هەڵیڕشت و گیرفانەکانی‌و کۆڵەپشتییەکەی پڕ کردن لە دراوی زێڕ — بەڵێ، گیرفانەکانی، کۆڵەپشتیەکەی‌و تەنانەت کڵاوەکەی‌و چەکمەکانیشی بە جۆرێ پڕ کرد لە زێڕ کە بە زەحمەت دەیتوانی رێ بکات. ئێستا بەڕاستی بوو بوو بە سەربازێکی پارەدار. ئیدی خۆی ماتەڵ نەکرد، سەگەکەی نایەوە سەر سەندووقەکەو دەرگای ژوورەکەی داخست‌و هاواریکرد: "پیرەژن، ئێستا هەڵم کێشە سەرەوە!".

پیرەژنی جادووباز پرسی: "چەخماخەکەتیش لەگەڵ خۆتا هێناوە؟"

سەربازەکە گوتی: "ئاه، سەیری ئەم بیربڵاوییەی من! هەر لە بیرم نەما بوو"و گەڕایەوەو چەخماخەکەشی هێنا.

پیرەژن، سەربازەکەی هەڵکێشایە سەرێ. ئێستا سەربازەکە بە گیرفان، کۆڵەپشتی، کڵاوو چەکمەی پڕ لە زێڕەوە لەسەر جادەکە وەستا بوو. سەرباز، لە پیرەژنی پرسی: "ئەرێ تۆ ئەم چەخماخەت بۆ چییە، چی پێدەکەی؟"

پیرەژن گوتی: "ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نییە، تۆ پارەی خۆت وەرگرتووەو منیش چەخماخی خۆم وەردەگرم."

سەرباز گوتی: "ئێستا پێتی نیشان دەدەم کە ئاخۆ پەیوەندی بە منەوە هەیە یان نا. دەی خێراکە پێم بڵێ ئەم چەخمامە بە کەڵکی چیدێت، دەنا هەر ئێستا ملت دەپەڕێنم!"

پیرەژن هاواریکرد: "نا، نەکەی!"

سەربازەکە، دەمو دەست سەری پیرەژنی پەڕاندو هەواڵەی ئەو دنیای کرد! پاشان بە بەرکۆشەکە بۆخچەیەکی دروستکردو زێڕەکانی تێکردو بۆخچەکەی بە کۆڵیاداو چەخماخەکەشی لە بەرکی ناو بەرەو شار وەڕێکەوت.

شار، شارێکی زۆر جوان بوو! یەکسەر بۆ باشترین میوانخانە رۆییو باشترین ژووری بەکرێ گرتو بە دڵی خۆی داوای خواردنی کرد، چونکە هەنووکە (ئێستا) پارەیەکی زۆری هەبووو بەراستی دەوڵەمەند بوو.

ئەو خزمەتکارەی کە ئەو شەوە چەکمەکانی سەربازەکەی پاك دەکردەوە، زۆری پێ سەیر بوو کە ئەم پیاوە دەوڵەمەندە ئەو چەکمە شڕو کۆنانە لە پێدەکات. بەڵام سەربازەکە، بۆ سبەینێ جووتێ چەکمەی نوێو دەستێ جلکی نایابی کڕی. ئیتر سەربازێکی گومناو نەبوو، بەڵکو کەسێکی دەوڵەمەندی دیار بوو. خەڵکی باسی کارە گرینگەکانی شارو پاشاو کیژە جوانەکەی پاشایان بۆ دەکرد.

سەربازەکە دەیپرسی: "چۆن دەتوانێ ئەم شازادە خانمە بدینێ؟" ئەوانیش دەیانگوت: "کەس ناتوانێ بیدێنێ. چونکە لە کۆشکێکی گەورەدا دەژی، کە حەسارو شوورەو بورجو قوللەی بەرزی هەیە! هیچ کەسێك جگە لە شاو شاژن ناتوانن بچنە

ئەوێندەر، چونکە پێشبینی ئەوە کراوە کە کیژی پاشا شوو بە سەربازێکی ئاسایی دەکاتو پاشاش ئەمەی زۆر لەبەر گرانە."

سەربازەکە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "زۆر حەز دەکەم کیژی پاشا بدینم" بەڵام نەیدەزانی چۆنی بدینێ.

سەربازەکە، ئێستا وەکو پیاو ماقووڵو ئەشرافان دەژیا، دەچووە تەمەشای شانۆ، لە پارکی پاشایەتیدا سواری گالیسکە دەبووو یارمەتی هەژارانی دەدا. ئەو رۆژە سەختانەی وەبیردێنایەوە کە تاقە پۆلێکی لە بەرکدا نەبوو، ئەسپێ لە باخەڵێدا سەوزەڵێ خانمی دەگوت، بەڵام ئێستا دەوڵەمەند بوو بوو، جلکی نایابی لەبەر دەکردو ژیانێکی پڕ شکۆی هەبووو دۆستێکی زۆری لە دەورخڕ بوو بوونەوەو هەمیشە ستایشیان دەکرد، بە شانو باڵیاندا هەڵدەداو ئەویش با دەچووە ژێر کەوڵیو کەیفی بە خۆی دەهات. بەڵام چونکە بەردەوام هەر پارەی خەرج دەکردو قەت هەوڵی نەدەدا شتێك بخاتە سەر سەروەتەکەی، ئەنجام رۆژێك پارەکەی تەواو بووو تەنیا دوو شلینگی پێ ما. ناچار بوو ژووره جوانەکەی چۆڵ بکاتو بگوازێتەوە بۆ ناو کابینەیەکی پەرپووتی ژێر جەمەلۆنێك. بە خۆی چەکمەکانی خاوێن دەکردەوەو بە سوژنو داوان پینەی دەکرد. دۆستەکانی لێی تەکینەوەو نەدەهاتنە دیدەنی، چونکە دەبوایە بە قاڵدرمەیەکی بەرزدا، سەر بکەون بۆ لای.

ئێوارەیەکی درەنگ، دنیا زۆر تاریك بووو سەربازەکە توانای کڕینی تاقە چرایەکیشی نەبوو، لە ناکاو چەخماخەکەی وەبیرکەوتەوە. چەخماخەکەی دۆزییەوەو چەخماخی لێدا. لە پڕێکدا دەرگا کرایەوە، ئەو سەگەی کە هەر چاوێکی بە ئەندازەی ژێر پیاڵەیەك بوو، هاتو گوتی: "فەرمایشت بە چییە ئەزبەنی (قوربان)؟" سەربازەکە هاواریکرد: "خودایا، ئەمە چییە، من باوەڕم نایەت بەم چەخماخە دەتوانم دووبارە بە ئارەزووەکانی دڵم بگەم." ئەوسا بە توندی دەستووری بە سەگەکەدا: "بڕۆ پارەم بۆ بێنە!" سەگەکە رۆیی، خێرا بە تورەکەیەکی گەورەی پڕ لە پارەوە، کە بە دەمییەوە گرتبوو، گەڕایەوە.

ئێستا سەربازەکە، بۆی دەرکەوتبوو کە چ چەخماخێکی بایەخداری هەیە. ئەگەر یەك جار چەخماخەکەی لێدابا، ئەو سەگەی کە لەسەر سەندووقە پارە مسینەکە خەوتبوو، دەهات. ئەگەر دووجار لێیدابا، سەگی سەر سەندووقە زیوەکە دەهاتو ئەگەر سێ جار لێیدابا سەگی سەر سەندووقە زێڕەکە دەهات. بەجۆرە سەربازەکە جارەکی دی گەڕایەوە سەر ژیانە بەشکۆکەی پێشووی‌و گەڕایەوە ژوورو ماڵە جوانەکەی جارانی، جلکی نایابی لەبەر کرد، دیسان دۆستەکانی دەوریان دایەوەو کەوتنەوە ستایش‌و پێدا هەڵدانی.

شەوێك، سەربازەکە بە خۆی گوت: "زۆر سەیرە کە هیچ کەسێك ناتوانێ شازادەخانم بدینێ. خەڵکی دەڵێن زۆر جوانە، بەڵام ئەو هەموو جوانییە بە چی دەچێت، کە ئەو نەتوانێ تاقە جارێك لەو کۆشکە قایمە بێتە دەرێ؟" چەخماخەکەی یەك جار لێدا، یەکسەر ئەو سەگە هات کە هەر چاوێکی بە ئەندازەی ژێر پیاڵەیەك بوو.

سەربازەکە گوتی: "دەزانم. ئێستا نیوە شەوە، بەڵام زۆر حەز دەکەم، ئەگەر بۆ یەك دەمیش بووە شازادە خانم بدینم." سەگەکە، وەدەرکەوت‌و هەندەی بڵێی یەك‌و دوو بە شازادە خانمەوە گەڕایەوە. شازادەخانم لەسەر پشتی سەگەکە ڕاکشا بوو،و هێندە جوان بوو کە هەر کەسێك دیتبای یەکسەر دەیزانی کە ئەمە شازادەخانمێکی ڕاستەقینەیە.

سەربازەکە، لە تەمەشای شازادەخانم تێر نەدەبوو، بەڵام سەگەکە دەبوایە بۆ کۆشکەکەی بەرێتەوە. بەیانی زوو کاتێ کە شازادەخانم دەگەڵ شاو شاژندا خەریکی بەرچایی بوون، بۆی گێڕانەوە کە شەوێ خەوێکی سەیری لەبارەی سەگێك‌و سەربازێك دیتووە،و ئەویان بەسواری سەگێك بۆ ماڵی سەربازەکە بردووە.

شاژن گوتی: "خەوێکی زۆر جوان‌و عەنتیکەیە." بەڵام بۆ شەوی دوایی یەکێك لە کارەکەرەکانی کۆشکی نارد تا بەدیار تەختە خەوەکەی شازادە خانمەوە دانیشێت‌و ئاگای لێ بێ تا بزانێ ئەوەی ئەو دیتویەتی بەڕاستی خەو بووەو یان ڕووداوێکی ڕاستەقینە بووە.

سەربازەکە، خولیای دووبارە دیتنی شازادە خانمی کەوتبووەسەر. بۆیە، دووبارە سەگەکەی بۆ کۆشك ناردو شازادە خانمی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەمجارەیان کارەکەرەکە دوویان کەوتو سەیری کرد سەگەکە خۆی بە ماڵێکی گەورەدا کرد. کارەکەرەکە زۆر بە زیرەکی، بە پارچە تەباشیرێك خەتێکی ڕاستو چەپی بە دەرگای ئەو ماڵەدا کێشاو دووبارە بۆ کۆشکەکە گەڕایەوەو سەگەکەش شازادە خانمی بۆ سەر جێگاکەی خۆی گێڕایەوە. بەڵام سەگەکە زۆر لە کارەکەرەکە زیرەکتر بوو. کاتێ کە بینی خەتی راستو چەپ لە دەرگای ماڵەکە داوە، ئەویش پارچە تەباشیرێکی پەیدا کردو نیشانەی راستو چەپی لە تێکرای دەرگای ماڵەکانی شار دا، تا کارەکەرەکە نەتوانێ ماڵی سەربازەکە بدۆزێتەوە.

بەیانی زوو شا، شاژن، کارەکەرەکەو هەر هەموو دەرباریان رۆییشتن تا بزانن شازادە خانم بۆ کامە ماڵ براوە.

پاشا، کاتێ کە یەکەمین نیشانەی راستو چەپی بینی، گوتی: "ئێرەیە، ئەم ماڵەیە."

بەڵام شاژن، دەرگایەکی دیکەی پێ نیشان دا کە هەمان نیشانەی پێوە بووو گوتی: "نە گیانەکەم! ئەم ماڵەیە."

کارەکەرەکەو دەرباریەکان گوتیان: "ئەمەش نیشانەیەکی ترە. ئەوەش یەکێکی ترە." و چونکە تێکڕای دەرگاکان هەمان نیشانەیان پێوە بوو، هەموو گێژ بوونو بە نائومێدی گەڕانەوە.

بەڵام شاژن، ئافرەتێکی یەجگار هۆشن (بەهۆش) بوو، لەو شاژنانە نەبوو کە تەنیا فێری ئەوەبێ لە گالیسکەی پاشایەتیدا دانیشێتو بگەڕێ. دەستی دایە مقەستە زێڕەکەیو پارچەیەك ئاوریشمی بڕیو کیسەیەکی چکۆلەی لێدروستکرد. ئەوسا تۆزێ گەنمی لە کیسەکە کردو کیسەکەی لە ملی شازادە خانم کرد. کونێکی چکۆلەشی لە بنی کیسەکە دروستکرد. بەمجۆرە شازادەخانم بۆ هەر کوێ رۆیشتبا، لە کونی کیسەکەوە گەنم دەڕژاو گەنمی لە پاش بەجێ دەما.

شەویّ، دیسان سەگەکە هاتەوەو شـازادەخانمی هـەلّگرتو دەگـەلّ خۆیـدا بـۆ لای سەربازەکەی برد. ئیدی سەربازەکە بەرادەیەك شەیدای شازادەخانم بوو بوو کە ئامـادە بوو هەرچیەکی هەیە بیدات تـا ببـیّ بـە شـازادەیەكو بتوانـیّ دەگـەلّ شـازادەخانمدا زەماوەند بكات.

سەگەکە، هەستی بەوە نەکرد کە ریـزیّ دەنکـە گـەنم ریّـك لـە کۆشـکەکەوە تـا پەنجەرەی ژوورەکە ڕژاوە.

سبەینیّ، شاو شاژن بەو پەڕی نیگەرانی زانیـان کـە کچـەکەیان لـە کـویّ بـووەو سەربازەیان دەستگیرکردو لە زندانیان پەستا.

زیندانەکە زۆر تاریكو ناخۆش بوو. لەگەلّ ئەمەشدا بە سـەربازەکە یـان گوتبـوو: "سبەینیّ لە سیّدارە دەدریّی." لە هەموو ئەمەش خراتر، ئەوەبوو کە چەخماخەکەی لە مالّەوە لە بیر چوو بوو.

بەیانی ڕۆژی دواتر، سەربازەکە لە دەلاقە چکۆلەکەی زیندانەوە، لە پشـت شـیش بەندەکانەوە، خەلّکی بینی کە بە پەلە بۆ دەرێی شار غاریان دەدا تا تەمەشای ئیعدام کردنەکەی ئەو بکەن. دەنگی تەپلّانی دەژنەوتو سەربازانی دەبینی کـە بـەریز ریّیـان دەکرد. هەموو خەلّکی لە جم و جوولّدا بوون. کوڕیژگەیەکی پینە دۆز، بە بەرکۆشـەو پیّلاّوی چەرمەوە بە ژێر دەلاقەی زیندانەکەدا تیّ دەپەڕی. ئەوەندە بەلەز (خیّرا) غاری دەدا کە تاکیّك لە پیّلاّوەکانی، ریّك لە ژێر دەلاّقەکەدا، لەپیّی داکەنـدرا. سـەربازەکە گوتی: "ئەهای کوڕۆ، پەلەی گەییشتنە ئەویّندەرت نەبیّ. دلّنیا بە تا من نەیەم، هیچ شتیّك روو نادات، ئەگەر ئیّستا بچیت بۆ مالّەکەی منو چەخماخەکەم بۆ بیّنی، چـوار شلینگت ویّدەدەم. بەلاّم لە بیرت نەچیّ دەبیّ وەکو با بڕۆیت."

کوڕیژگە کە گویّی لە چوار شلینگ بوو، وەکو با ڕۆییو چـەخماخەکەی بـۆ یـارۆی سەرباز هیّنا. سیّدارەیەکی گەورەیان، لە دەرێـی شـاردا، بـەرپا کردبـوو. سـەربازانو حەشاماتیّکی یەجگار زۆر بە چوار دەوریدا وەستا بوون شاو شاژنیش لەسەر تەختیّکی گەورە، ریّك بەرانبەر بە قازی دانیشتبوون.

کاتێ میر غەزەب (جەلاد) پەتی سێدارەکەی لە ملی سەربازەکە کرد، سەربازەکە گوتی کە هەمیشە دەرفەت بە مەحکومی نەگبەت دەدرێت تا دوا خواستی خۆی بڵێ و گوتی کە زۆر حەز دەکات بۆ دواجار کەمێك پایپ بکێشێت.

شا، نەیتوانی خواستەکەی ڕەت بکاتەوە... بۆیە سەربازەکە چەخماخەکەی دەرهێناو سێ جار لەسەر یەك چەخماخی لێدا. لە چاوتروکانێکدا سێ سەگ دەرکەوتن، یەکەمیان هەر چاوێکی بە قەد بنپیاڵەیەك بوو، دووەمیان هەر چاوێکی بە ئەندازەی چەرخی گالیسکەیەك بووو سێیەمیان هەر چاوێکی بە قەد بورجە بازنەییەکەی کوپنهاگ بووو هەر سێکیان چاوەڕوانی فەرمانی سەروەری خۆیان بوون.

سەربازەکە هاواریکرد: "سەگەکانم! فریام کەون، نەیەڵن لە سێدارەم بدەن!"

لە ناکاودا، سەگەکان هێرشیان بۆ قازیو دەرباریان بردو لە قاپی هەندێکیانو لە کەپووی (لووت) هەندێکی تریان نەوینو هەڵیاندان بە ئاسمانا.

پاشا هاواریکرد: "ئەمە شتێکی نەکردەنییە!" لێ سەگە گەورەکە شاو شاژنیشی گرتو هەڵیدان بە ئاسمانا. سەربازەکان ترسانو قوچانیان (هەڵاتن). خەڵکەکە بە خۆشحاڵییەوە گوتیان سەربازی دلێرو دلاوەر! تۆ دەبێ ببیت بە پاشای ئێمەو دەگەڵ شازادەخانمی جواندا زەماوەند بکەیت!"

خەڵکی، سەربازەکەیان سواری گالیسکە کردو لە کاتێکدا کە ئەو سێ سەگە لە پێش گالیسکەکەوە سەمایان دەکرد، خەڵکەکە هاواریان دەکرد: "بژی! با بژی!" کوڕو کاڵیش فیکەیان دەکێشاو سەربازانیش سروودیان دەگوت.

شازادەخانمیش لە ئەنجامدا، لە کۆشکەکە هاتە دەرێو حەوت شەوو ڕۆژ شاییو زەماوەندیان گێڕاو شازادەخانمیش بوو بە شاژنی تازە.

***هانس کریستین ئاندرسن***
***لە کۆچیرۆکی (ئاندرولانگ)ەوە***

(٩)

## بێچووه مراوییه ناشیرینه‌كه

وه‌رز، وه‌رزی هاوین بوو، دیمه‌نی گوند یه‌جگار جوان بوو، گه‌نم زه‌رد بوو بوو، وێنجه‌ی سه‌وز هه‌موو چه‌مه‌نزاره‌كانی داپۆشی بوو، له‌قله‌قێكی لاق درێژی لاق سوور رێی ده‌كرد، به‌ ده‌م رێگاوه‌، به‌ زمانێك كه‌ له‌ دایكییه‌وه‌ فێر بوو بوو، خۆی ده‌دواند. دارستانێكی گه‌وره‌ ده‌وری مه‌زراو سه‌وزه‌زاره‌كانی گرتبوو، چه‌ندین ده‌ریاچه‌ی جوان‌و قوولْ له‌ ناوه‌ندی ئه‌م لێڕه‌وارو دارستانه‌دا هه‌بوو. به‌ڵێ به‌ڕاستی گوند له‌ باوه‌شی ئه‌و هاوینه‌دا، یه‌جگار جوان‌و دڵفڕێن بوو، خانوویه‌كی گه‌وره‌ی كۆن‌و كه‌ونارا له‌ ناوه‌ندی مه‌زراكه‌دا بوو، كه‌ سه‌ربانه‌كه‌ی له‌ ژێر تیشكی زێڕینی هه‌تاودا ده‌دره‌شایه‌وه‌. حه‌وزێكی بچووك ده‌ورانده‌وری خانووه‌كه‌ی دابوو، له‌ بن دیواری خانووه‌كه‌وه‌ تا قه‌راخی حه‌وزه‌كه‌ یه‌كپارچه‌ رێواس بوو، رێواسه‌كان هێنده‌ به‌رز بوون كه‌ منداڵانی بچووك ده‌یان توانی خۆیانی له‌ په‌نادا وه‌شێرن، هه‌موو گیاو رووه‌كه‌كان وه‌كو خودی لێڕه‌واره‌كه‌ كێوی بوون. مراوییه‌ك، له‌ نێو ئه‌و گیاو رووه‌كانه‌دا ده‌ژیا، ئه‌م مراوییه‌ له‌ هێلانه‌كه‌ی خۆیدا، له‌سه‌ر هێلكه‌كانی هه‌ڵنیشتبوو و چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌ بوو. هێلكه‌كانی بترووكێنێ‌و بێچووه‌كانی بێنه‌ دنیاوه‌. ئیدی خه‌ریك بوو به‌ره‌ به‌ره‌ له‌م هه‌موو چاوه‌ڕوانیه‌ بێزار ده‌بوو، چونكه‌ كڕكه‌وتن له‌سه‌ر هێلكان، به‌ڕاستی كارێكی زه‌حمه‌ت بوو، هه‌ندێ له‌ مراوییه‌كان رۆژانه‌ ده‌هاتنه‌ دیده‌نی، به‌ڵام هه‌ندێكی تریان حه‌زیان ده‌كرد، هه‌ر له‌ حه‌وزه‌كه‌دا مه‌له‌ بكه‌ن، نه‌ك خۆ بگه‌یه‌ننه‌ ژێر رێواسه‌ كێویله‌كان‌و ده‌گه‌ڵ خامراویدا سه‌رگه‌رمی قسان بن.

ئەنجام، هێلکەکان یەك لە دوای یەك ترووکان: "جیـك، جیـك" هـەموو زەردێنـە هێلکەکان، بوو بوون بە جوجەڵەو سەریان لە قاوغان هێنا بووە دەر.

خامراوی گوتی: "قاق، قاق" بێچووە مراوییەکان کە قوشـقی بـوو بـوون، ئـاوڕی ئەملاو ئـەولایان دەدایـەوە، خنـە خـن بـەم لاو بـەولادا رایانـدەکرد، لـە ژێـر گـەڵا ڕێواسەکاندا هەرچیەکیان دەبینی بە سەرسامی تەمەشایان دەکردو دایکیان ڕێی دەدان بە کەیفی دڵی خۆیان تەمەشای دەوروبەری خۆیانو ئەو سەوزەزارە پانو بەرینە بکەن، چونکە ڕەنگی کەسك (سەوز) بۆ چاو باشە.

بێچووە مراوییەکان گوتیان: "ئەم دنیایە چەند گەورەیە، چەند جوانـە!" هەڵبەتـە شوێنەکەی ئێستایان لە چاو ئەوسای کە لە ناو هێلکەکاندا بوون، زۆر جیـاوازتر بـوو، خۆشتر بوو.

دایکەکەیان گوتی: "وردیلەکانم چما ئێوە پێتان وایە ئەمە هـەموو دنیایـە، دنیـا هەر ئەوەندەیە؟ دنیا زۆر لـەم بـاخو دارسـتانە گـەورەترەو تـا ئەوپـەڕی مـەزراکانی کەشیشی گوندەکەش دەڕوات! من تا ئێستا نەگەییوەمەتە ئەوێندەرو نەمـدیتوە. دەی ئێستا ژمارەتان تەواو بوو."

هەنگێ خامراوی لە جێی خۆی هەستا، تەمەشایەکی جوجەڵـەکانی کـردو گـوتی: "ڕاوەستن، ڕاوەستن! هێشتا یەکێکتان نەهاتووەتە دنیا، هێشتا گەورەترین هێلکە ماوە بترووکێ. خودایا چ بکەم، چەندی تری دەوێ تا بترووکێ! بەڕاستی لە چاوەڕوانی بێـزار بووم. دەڵێی بە دەنـووك بەریمـە ئـەم هێلکەیـەو بیترووکێـنم. سـەیرە بۆچـی هێشـتا نەترووکاوە."و دووبارە لەسەر هێلکەکە هەڵنیشتەوە.

پیرە مراوییەك کە هاتبووە دیدەنی خا مـراوی، پرسـی: "ئـێ، حـاڵ و ئـەحواڵت چۆنە، لە چیدایت؟"

خامراوی گوتی: "باشم، بەڵام دوا هێلکە هێشتا نەترووکاوە، لەوە دەچێ کـاتێکی زۆرتری پێ بچێت. بەڵام وەرە با فەرخەکانی دیکەمت پیشانبدەم. یەجگار جوانن، بـە

عەمراتی خۆم جوجەڵەی وا جوانم نەدیتوون! هەر هەموویان لە بابیان دەچن، ئەو بێ ویژدانەی کە تا ئێستا سەرێکی منو بێچووەکانی نەداوە."

پیرە مراوی گوتی: "ئادەی با تەمەشایەکی هێلکە نەترووکاوەکەت بکەم. دیارە دەبێ هێلکە قەلەموون بێت. جارێکیان منیش گەوج بوومو زەحمەتێکی زۆرم دەگەڵ چەند بێچوە قەلێکدا کێشا. لە ئاو دەترسان، هەر چیم کردو کۆشا نەمتوانی فێرە مەلەیان بکەم. چەندم بۆڵەبۆڵ بەسەردا دەکردن، فایدەی نەبوو نەبوو. ئادەی با تەمەشایەکی بکەم! ئا خۆیەتی، ئەمە هێلکە قەلەموونە. وازی لێبێنەو بڕۆ بەلای جوجەڵەکانی ترتەوەو فێرە مەلەیان بکە."

خامراوی گوتی: "نا، نا، من تا ئێستا زەحمەتێکی زۆرم کێشاوە، ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانم کردووە، با کەمێکی تریش سەبر بکەمو لەسەری هەڵنیشم."

پیرە مراوی گوتی: "بە کەیفی دڵی خۆت بکە، چی بە باش دەزانی ئەوە بکە."و چونکە خامراوی بە گوێی نەکرد، زیز بوو و هەستاو ڕۆیی.

سەرەنجام هێلکە گەورەکە ترووکا. جوجەڵەکە بە جوکە جوك دەیویست لە قاپۆرە هێلکەکە بێتە دەرێ. زۆر گەورەو ناشیرین بوو. خامراوی ماوەیەك لێی ورد بووەوە: " چەند جوجەڵەیەکی گەورەو ناشیرینە، بە هیچ شێوەیەك لەوانی دی ناچێت، تۆ بڵێی بێچووە قەلەموون بێ؟! دەی گوێ مەدەیە، زوو بە زوو دەردەکەوێ. ناچار دەبێت خۆی بە ئاودا بکاتو مەلە بکات، ئەگەر رازی نەبێ بە تۆبزیو بە شاپان دەیخەمە ئاوەوە."

سبەینێ کە لە خەو ڕابوون، ڕۆژەکەی ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو، خامراویو بێچووەکانی چوون بۆ حەوزەکە. خامراوی لە پێش هەموویانەوە خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە: "قاق، قاق." جوجەڵەکانیش یەك لە دوای یەك خۆیان هەڵدایە ئاوەکەوە، خەریك بوو لە ئاوەکەدا نقوم بن، بەڵام یەکسەر هاتنە سەر ئاوەکەو کەوتنە مەلە. هەر هەموو جوجەڵەکان لە ناو ئاوەکەدا بوون، تەنانەت بوونەوەرە ناشیرینە بۆرە قنەکەش دەگەڵ ئەوانی دیدا مەلەی دەکرد: خامراوی گوتی: "نا، نەخێر قەلەموون نییە. تۆ تەمەشا چەند بە باشی پێی لە ژێر ئاوەکەدا دێنێو دەباتو خۆی قیت لەسەر ئاوەکە

ڕادەگرێت. نا بێچووی حەڵاڵی خۆمە، لە گۆشتو خوێنی خۆمە، ئەوی ڕاستی بێ زۆر لێی وردبیتەوە ئەو ناشیرنەش نییە! قاق، قاق، دەی وردیلە جوانەکانم دووم بکەون با دنیاتان پێ نیشان بدەم، با بۆ مەڵبەندی مراویانتان ببەم، با ئەوانیش بتان بینن. لە من دوور مەکەونەوە، تا خێراتر بڕۆن باشترە. ئاگاتان لە پشیلە بێت!" خامراویو جوجەڵەکانی گەیشتنە مەڵبەندو واری مراویان. چ هەراو فەرتەنەیەك بوو. دوو بنەماڵەی مراویان لەسەر مارماسیەك لێیان بوو بوو بە قەرقەشەو دەمەقاڵێ. ئەنجام لەو بەینەدا پشیلەیەك هات بەسەراو مارماسیەکەی بۆ خۆی ڕفاند.

خامراوی گوتی: "وردیلەکانم، خۆ بە چاوی خۆتان بینیتان. ئەمە یاسای دنیایە." ئاو زاییە دەمی، چونکە ئەویش لە دڵی خۆیدا خۆی بۆ خواردنی سەری مارماسیەکە ئامادە کرد بوو! دەی ئێستا پێ هەڵگرن، خێراکەن، کڕنۆش بۆ پیرە مراوی بەرن، ئەمە زاناترین مراوی گوندەکەیەو زۆریش بوێرو دلێرە، ئەسڵو نەژادی ئەسپانیاییە. ئەو پەتە سوورەی کە بە لاقیەوەیە دەبینن؟ ئەمە بەرزترین میداڵو نیشانەی ڕێزە کە بە مراویەك ببەخشرێو نیشانەی ئەوەیە کە خاوەنەکەی بە کەسێکی تری نادات‌و بۆ خۆیی ڕادەگرێت. گشت خەڵك‌و گیانلەبەرانی گوند ڕێزی دەگرن. دەی خێرا پێ هەڵگرن با بڕۆین، لاقتان وامەیەننەوە یەك، لاقتان بڵاو بگرن. ئەوە بزانن کە هەر بێچووە مراوییەکی بە ئەدەب، هەمیشە وەکو باب‌و دایکی لاقی بڵاو دەگرێت." بێچووە مراوییەکان بە گوێی دایکیان کرد. مراوییەکانی دی کە بە سەرسامی سەیریان دەکردن، بە قاق قاق گوتیان: "تەمەشا، وا یەك فەوجی ترمان بۆ هات، هەر لە مانمان کەم بوو، یانی دەبێ ئەم هەمووە دەگەڵ ئێمەدا بژین؟ خۆ خواردنی دنیا بەشمان ناکات. ئاها! تەمەشای ئەو یەکەیان بکە، چەند ڕەزا قورسە. ئێمە حەزناکەین ئەمە لەگەڵ ئێمەدا بژی." یەکسەر یەکێك لە مراوییەکان خۆی گەیاندە بێچووە ناشیرینەکەو دەنووکێکی لە ملی دا. دایکی بێچووە ناشیرینەکە هاواریکرد: "وازی لێبێنە، بۆچی لێیدەدەی؟ بێوەیەو کاری بە کاری کەسەوە نییە."

ئەو مراوییەی کە لــە بێچــووە ناشــیرینەکەی دابــوو، گــوتی: "دەزانم، بــەڵام زۆر ناشیرینو کۆمیدییە، دەبێ تەنگەتاوی بکەین، بۆ ئەوەی بڕوات!"

پیرە مراوییە پەت لە پێیەکە گوتی: "کچەکەم، بێچووەکانت هــەموو جــوانو روح سووکن، بەڵام ئەو یەکەیان، بە باشی لاقی بڵاو ناگرێ، وانییە؟"

خامراوی گوتی: "جەنابی مراوی! ڕاستە جوان نییە، رەزا سووك نییە، بەڵام وەکــو هەموو بێچووەکانی ترم بە باشی مەلە دەکات. دەتوانم بڵێم لــەوانی دیکــە باشــتریش مەلە دەکات. ئەگەر هەندێ تەژەو ناقۆڵا (گەورەی ناشیرین) دیارە، هی ئەوەیە کە ئەو هێلکەیەی ئەوی لێبوو زۆر گەورە بوو." هەنگێ دانەوییەوەو ژێر گەردنی بێچووەکەی ماچ کردو نەوازشتی کردو لەسەری رۆیی: "جا چونکە نێرەیە، ئەگەر جــوانیش نــەبی زۆر گرینگ نییە."

بەڵێ بێچووە مراوی بەسەزمان، زۆر ناشیرین بــووو هــەموو پەلــەوەرو مریشــكو مراویەکانی دی بەر دەنووکیــان دەداو گاڵتــەیان پێــدەکردو دەیــانگوت: "تــەحا، کــە ناقۆڵای." نێرە قەلێك کە پەنجەیەکی تیژی سوژن ئاسا لە پشت هەر لاقێکیــەوە بــوو، خۆی بە گەورە و سەروەرو پاشای هەموو قەلەموونانی دنیا دەزانی، کە بێچووە مراوی تاینی بینی وەکو چارۆکەی کەشتیانی چارۆکەدار خۆی پڕ با کردو ئەوەنــدەی قیڕانــدو شیڕاند کە پۆپنەکەی ژێر ملی شینو مۆر بووەوە.

بێچووە مراوی نەگبەت نەیدەزانی کێوە بڕوات. چونکە زۆر ناحەز (ناشیرین) بووو هەمووان گاڵتەیان پێدەکرد، هەستی بە بەدبەختی دەکرد. رۆژ بــەرۆژ وەزعــی خراتــر دەبوو. هەموو هەر دەیان بوغزاند، تەنانەت خوشكو براکانی خۆیشی لەگەڵیدا تونــدو ڕەق بــوونو هەمیشــە پێیــان دەگــوت: "بریــا پشــیلەیەك دەیبردیــتو لــە کۆڵمــانی دەکردیتەوە." تەنانەت دایکیشی دەیگوت: "خۆزگەم بەوەی ناتبینێ. بریا لەبەر چاوم گوم دەبوویت." مراوییەکان بەر دەنووکیــان دەداو مریشــکان پــەلاماریان دەدا. ئــەو کیژەش کە دانی دەدانێ، هەمیشە بە نووکە شەق دووری دەخستەوە.

سەرەنجام، رۆژێك هەر چۆنێ بــوو، هەڵفڕییــە ســەر پــەرژینی مەزراكــە، هــەموو چۆلەكەكانی ئەو ناوە كە ئەو یان بینی، ترســانو فــڕینو لــەو نــاوە دوور كەوتنــەوە. بێچووە مراوییەكە لە دڵی خۆیدا گوتی: "چونكە ناشیرینم، بۆیە ئەمانە هەڵدێنو لێم دوور دەكەونەوە." بێچووە مراوی گۆڕین (ناوبراو) هەر رۆیی، هەر ڕۆیی تا شــەوێكی درەنگ گەییە گوێی قۆپیو ئاوێكی گەورە، كە پڕ بــوو لــە ســۆنەو مراوییــە كێــوی. ئەوەندە شەكەتو ماندوو و هیلاك بوو هەر لەوێندەرو لە قەراغ قــۆپیو زەلكاوەكــەدا خەو بردییەوە.

كە رۆژ بووەوە، مراوییە كێوییەكان، یەك یەك لــە خــەو ڕابــوونو بــە سەرســامی ڕوانیانە ئــەم غەوارەیــەو لێیــان پرســی: "ئــەرێ تــۆ چ جــۆرە باڵندەیــەكی؟ بێچــووە مراوییەكەی هاوڕێمان سەری بە هەموو لایەكدا وەردەسووڕاندو رۆژ باشو ســڵاوی لــە یەك بە یەكیان دەكرد. مراوییە كێوییەكان گوتیان: "تۆ زۆر ناشیرینی، بەڵام دەتــوانی لای ئێمە بمێنیتەوە، بە مەرجێ كە بیر لەوە نەكەیتەوە ژن لە خێڵی ئێمە بێنی."

بێچووە مراوی نەگبەتو داماو، ئەوەی بیری لێنە دەكردەوە ژن هێنانو زەماوەنــد بوو. هەموو ئاواتێكی ئەوە بوو كە بتوانێ، بە ئاســانیو بــێ سەریەشــەو بــێ ئــەوەی كەس گەڕی پێ بكات، لەو زەلكاوەدا بژیو بە كەیفی خۆی ئــاو بخواتــەوە. تــازە دوو رۆژ بوو بێچووە مراوییەكە گەیی بووە ئەوێندەر كە دوو نێرە قــازی كێــوی لێ هاتنــە پێشێ. ئەم قازانە هێشتا باڕ (بێچووە مەلی بەهارە) بوون، بۆیــە زۆر گــورجو گــۆڵو زیتەڵو بزێو بوون. بە تەشەرەوە (تەعلیق) پێیان گوت: "هاوڕێی جاحێڵ، تۆ ئەوەنــدە ناشیرینی كە چوویتەتە دڵمانەوەو خۆشمان دەوێی. دەتەوێ دەگەڵ ئێمەدا بێیتو ببی بە باڵندەیەكی كۆچەری؟ لە زەلكاوێكی دیكەی ئەم دەوربەرەدا، كۆمــەڵێك قــازە مێیــە دەژین كە هەر هەموویان كیــژی ڕنــدو جــوانن. هەركــە چــاویان بــەم ســەرو فەســاڵە ناشیرینەی تۆ بكەوێ، نەك بە دڵێ، بە سەد دڵ ئاشقو شەیدات دەبن!"

لە پڕ دەنگی تەقینی دوو فیشەك لــە ئاسمانــدا "تریــق، تریــق" دەنگــی دایــەوە. هەردوو باڕە قازەكە پەلە خوار بوونەوە، كەوتنە ناو زەلكاوەكە ، ئاوەكەی ژێریــان لــە

خوێنی ئەواندا سوور بوو. دیسان دەنگی تەقـە بـەرز بـووە، قـازە کێوییـەکانی نـاو نەیچەزارەکە (قامیشەڵان) هەڵفڕین. ئیدی ڕاو بوو ئەمما ڕاو. ڕاوچـیان لـە دەوروبـەری قۆپیو زەلکاوەکەدا خۆیان بۆ لە بۆسە دابوونو هەندێکیانیش لەسەر دارەکـان خۆیـان حەشاردا بوو. دووکەڵێکی شینباوی چڕ بەسـەر درەختـەکانو ئاوەکـەوە وەسـتا بـوو. تولەو تاژیان بە نێو قامیشەڵانو دەوەنەجاڕەکەدا، بە نێو قوڕو چڵپاوەوە، بەدەم مـڵوڕ موشو بۆنکردنەوە دەهاتنە پێشێ. بێچووە مراوی نەگبەت، لە ترسا زراوی تۆقی بوو و سەری وەبن باڵی نابوو. لە پڕ تاژیەك لێی نزیك بـووەوە. زمـانی بسـتێك لـە زاری هاتبووە دەرێو تووڕەیی لە چاوانی دەباری. دەمی کـردەوەو ددانـەکانی جیڕکـردەوە. ئەوسا بەلای بێچووە مراوییەکەدا ڕۆییو شلّپ خۆی بە ئاوەکەدا دا.

بێچووە مراوییەکە گوتی: "سوپاس بۆ خودا! ئەوەندە ناشیرینم کە تەنانەت تاژیش پێم قاییل نییە کە بۆ خۆی بمخوات."

بـە درێـژایی ئـەو ماوەیـەی کـە راوچـیان تەقـەیان دەکـردو فیشـەکان بـە نێـو قامیشەڵانەکەدا بە گیزو هوڕ تێ دەپەڕین، بێچووە مراوییەکەی هاوڕێمـان لـە جێـی خۆی نەبزووت. کە خۆر ئاوابوو، راوچییەکان ڕۆییشتنو کپـیو ئـارامی بـاڵی بەسـەر هەموو شوێنێکدا کێشا. تا ئەو دەمە بێچووە مراوی بێچارە لە ترسا لـە جێـی خـۆی نەجوولا. ئەوسا سەری هەڵبڕی، نیگایەکی دەوروبەری کرد، وەکو تێسکەی تفەنگ بۆی دەرچووو لە قۆپیو زەلکاوەکە دوور کەوتەوە. بایەکی توندی دەهاتو بێچووە مـراوی داماو، بە هەزار زەحمەت لە مەزراکە دەرچوو.

پاژێکی (بەش) شەو بوری بوو کە بێچـووە مراویەکـە گەییـە کۆنـە کوختەیـەکی چکۆلە. کوختەیەکی هێندە وێرانو داڕوخا بوو، کـە لـە ئـانو سـاتا بـوو بـە سـەریا بڕوخێتو سەیر بوو کە تا ئەو کاتە خۆی بە پێوە گرتبـوو. گـڤو هـوڕی بـاو بـاهۆز هەترەشی پیاوی دەبرد. بێچووە مراوی داماو، لە پاڵ کوختەکەدا، کلکی لـە عـاردی توند کرد تا بایەکە هەڵی نەگرێتو بە دیواری کوختەکەیدا نەکێشێت. باو باهۆزەکـە، سات بە سات توندتر بوو، بێچووە مراویەکە لە پڕ بینی کە بایەکە لایەکی لە دەرگای

کوختەکە دەرهێناوەو کەلەبەری تێ خستووە، بۆیە بێچووە مراوییەکە دەیتوانی بە ئاسانی لەو کەلەبەرەوە خۆی بخزێنێتە ژوورەوەو هەرواشی کرد.

پیرەژنێك، بەخۆو پشیلەیەكو مریشکێکەوە لەو کوختەیەدا دەژیا. پشیلەکە کە ناوی (سانی) بوو، زۆر شارەزایانە پشتی کوورِ دەکردەوەو دەی میاواندو مووی خۆی گرژ دەکردو دەی مرِاندو دەی پرخاند. خۆ ئەگەر پیرەژن دەستی بە تووکەکەیدا هێنابا، بە تایبەتی ئەگەر بەپێچەوانەوە دەستی پێدا هێنابا، پزیسکی لێدە بووەوە. مریشکەکە دوو لاقی زۆر کورتی هەبوو، ناوی (خرپن) بوو. ئەم مریشکە هێلکەکەر بوو، پیرەژن وەکو منداڵێکی خۆی خۆشی دەویست. کە دنیا رووناك بووەوە، رۆژهەڵات، سەیریان کرد بێچووە مراوییەکی غەریبو غەواره خۆی بە گۆشەیەکی کوختەکەیاندا کردووە، زۆریان پێ سەیر بوو. پشیلەکە دەستی بە مرِاندن کرد، مریشکەکە کەوتە درقە درقو گارە گار. پیرەژن سەری لە هەراو هەنگامەی ئەوان سورِما بوو، پرسی: "چی بووە؟" رِوانییە دەوروبەری خۆی، بەڵام چونکە چاوەکانی کز بوو بوون، بێچووە مراوییەکەی لێ بوو بە مراوییەکی خرپنو قەڵەو کە ریی ون کردووەو بە پێی خۆی هاتووەتە بەر دەستی، گوتی: "بەه بەه! چ دەسکەوتێکی با هاوردەیە! ئەگەر مێچکە بێ باشە، هێلکەمان بۆ دەکات. بەڵام دەبێ جارێ سەیر بکەین تا بزانین نێرەیە یان مێیە." پیرەژن، سێ هەفتەی رێك، بۆ تاقیکردنەوە بێچووە مراوییەکەی لە ماڵەکەی خۆیدا رِاگرت، بەڵام بە درێژایی ئەم ماوەیە تاقە هێلکەیەکیشی نەکرد.

ئێستا، پشیلەو مریشکەکە بوو بوون بە ئاغاو خانمی ماڵ. هەمیشە دەیانگوت: "ئێمەو دنیا"، چونکە خۆیان نەك هەر بە نیوەی دنیا، بەڵکو بە نیوە باشەکەی دنیا دەزانی. بێچووە مراوییەکەی لەمەرِ خۆمان، باوەرِی وابوو کە هەموو کەسێك هەقی ئەوەی هەیە رِاوبۆچوونی جیاوازو تایبەتی خۆی هەبێو گوزارشتی لێبکەن. بەڵام مریشکەکە وا بیری نەدەکردەوەو ئەمەی پێ قەبوڵ نەدەکرا. رۆژێك مریشکەکە، لە بێچووە مراوییەکەی پرسی: "تۆ دەتوانی هێلکە بکەی؟"

- نه.

- كەواتە دەمت لێكبنەو فزە مەكە.

پاشان پشیلەكە لێی پرسی: "تۆ دەتوانی خۆت گیڤ بكەیتەوەو بمڕێنی‌و پزیسك بهاوی؟"

- نه ء

- كەواتە، كە خەڵكی ئاقڵو فامیدە كەوتنە قسە، تۆ دەمت داخەو لە خۆتەوە قسە مەكە.

بێچووە مراوییەكە، ماتو خەمبار لە سووچێكەوە هەڵكوڕما. لە پڕ هەستیكرد پێویستی بە هەوای تازەو تیشكی خۆرە، بۆیە حەزی دەكرد كەمێك مەلە بكاتو گرێی دڵی خۆی بۆ مریشكەكە كردەوە.

مریشكەكە بەرسڤی (وەڵام) دایەوە: " من دەزانم كوێت دێشێت؟ چونكە هیچ كارێك نازانی‌و هیچت لەبارا نییە، بۆیە بیر لەم شتە قۆڕانە دەكەیتەوە. بڕۆ لە جیاتی ئەم گەوجە گەوجە، هێلكەیەك بكە، یا مرە مرێك بكە، هەنگێ دەبینی چۆن هەموو شتێك بە دڵی خۆت دەبێ."

بێچووە مراوییەكە گوتی: " تۆ لە قسەكانی من ناگەی، لێم تێناگەی..."

مریشكەكە كە بەرسڤی دایەوە: "باشە، ئەگەر من لێت تێنەگەم ئەدی كێ لێت دەگات؟ بێگومان خۆت لە پیرەژنو پشیلەكەش بە ئاقڵتر دەزانی، وانییە؟ ئەوەندەش غەڕا مەبە بچكۆل. باوەڕ بكە من خێرو چاكەی تۆم دەوێ. پێشینان گوتویانە: دۆست ئەوەیە بتگرێنێ نەك بتخاتە پێكەنین! كاتی خۆت بە فیڕۆ مەدە. باشترین شت ئەوەیە بەزووترین كات بێیتە هێلكەو فێری هێلكە كردن ببیت، چۆن بمڕێنی، چۆن بە پەڕەكانت پزیسك بهاوی."

بێچووە مراوییەكە گوتی: "وا باشترە لێرە بڕۆمو خۆم بە دنیای بەریندا بكەم."

مریشكەكە گوتی: "كەیفی خۆتە، چیت پێخۆشە ئەوە بكە."

بێچووه مراوییەکە لەوێ ڕۆیی، بە زۆر قەڵەمڕەودا تێ پەڕی،و لـە زۆر ئـاودا مەلـەی کرد، بەڵام هەر کەسێك کە دەیبینی، ئەوەنـدە ناحـەزو ناشـیرینە گاڵتـەی پێـدەکرد. وەرز هاتنو ڕۆیین، تا وەرزی پایز هات. گەڵای دارو درەختان بەرە بـەرە زەرد دەبـوون، بـا لێـی دەدانو دەوەرین. دنیا زۆر سارد بوو بوو. هەوری گەواڵ گەواڵ، کە دیار بوو بەفری پێیە، لە زەوی نزیك دەبوونەوە. قەلەڕەشکەیەك لـە هێلانەکـەی خۆیـدا هەڵنیشـتبووو لـە سـەرما هەڵدەلەرزیو دەیقڕاند، ژیان لەو سەرماو تۆفـەدا بـۆ بێچـووە مـراوی نەگبـەتو بێچـارە زەحمەتو دژوار بوو. ڕۆژێ، دەمەو ئێوارەیەك، کە تیشـکی هـەتاو بـاڵی بەسـەر هـەموو شوێنێکدا کێشـابوو، پۆلـە باڵندەیـەکی سـپی جـوان هاتنـە بێشـەو مەزراکـە. بێچـووە مراوییەکە بە عەمراتی خۆی ئەم باڵندانەی نەبینی بوو. هەموو مل باریكو درێـژ، باڵیـان گەورە بوو. ئەمانە  قوو بوون. دەنگو ئاوازیان هـەموو ئاسمـانی پـڕ کردبـوو. ئـەم قـووە جوانانە، هەموو ساڵێك لەم کاتەدا، لە شەقەی باڵیان دەداو بـەرەو ئـارانو گەرمـە سـێرو دەریاچەی گەورەتر کۆچیان دەکرد

ئەمانە، لە ئاسماندا بەرە بەرە بەرزو بەرزتر دەبوونـەوەو بێچـووە مراوییەکـەی هـاوڕێی خۆمان، نوقمی تەمەشای ئەوان بوو بوو. هەستێکی سەیر دڵو دەروونی داگـیر کـرد بـوو. بەسەر ئاوەکەوە بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەسوڕایەوەو ملی هەڵدەبڕی تا مەلەکان باشـتر بدینێ لە پڕ هاوارێکی هێندە بەرزو سەیری کـرد کـە خـۆی لـە دەنگەکـەی خـۆی ترسـا. نەیدەتوانی ئەو باڵندە جوانانە لە بیربکات، کاتێ کە ئەوان لە هەتەری چاو ون بوون، خـۆی بەژێر ئاوەکەدا کرد. کە هاتەوە سەر ئاوەکـە ئیـدی بێچـووە مراوییەکـەی جـاران نـەبوو، هەستێکی سەیر سەراپای گرتبوو. ناوی ئەو باڵندانەی نەدەزانیو تەنانەت نەشیدەزانی کـە بۆ کوێ کۆچ دەکەن، بەڵام هەستیدەکرد کە هەرگیز هیچ کەسو هیچ شتێکی بە ئەنـدازەی ئەو باڵندانە خۆش نەویستبوو. لە ناخی دڵی خۆیدا زەڕەیەك بەغیلی پێنـەدەبردن. هـەرگیز ئەو جوانیەی بۆ خۆی بە ئاوات نەخواستبوو. ئەو تەنیا ئەوەندەی بەس بوو کە مراوییەکانی دی لە نێو خۆیاندا قـەبوڵی بکـەن، دەری نەکـەن، دامـاو خـۆت بێچـووە مـراوی ناحـەز (ناشیرین)!

وەرز گۆڕا، زستان هات، زستانێکی زۆر سارد. بێچووە مراوی ناچار بوو لە ئاوەکەدا مەلە بکات تا نەیبەستێ، بەڵام ئاوەکە رۆژ بە رۆژ زیاتر دەیبەستو مەوداکەی کەمتر دەبووە، تا وای لێهات هەموو ئاوەکە بەستیو بوو بە یەکپارچە سەهۆڵ. بێچووە مراوی لە ناو ئاوەکەدا پێیەکانی دەجووڵاند تا نە یەڵێ ئاوەکەی دەوروبەری بیبەستێ، بەڵام بێ سوود بوو هەوڵی. سەرەنجام ماندوو بوو، لە پەلوپۆ کەوتو سەهۆڵ چوار دەوری گرت.

بەیانی زوو، کابرایەکی جووتیار کە بە وێندەرا تێدەپەڕی، مراوییەکەی بینی کە لە نێو سەهۆڵدا گیری خواردووە. بە سەندەڵەکانی (قاپ قاپ، تەقتەقیلە) سەهۆڵەکەی شکاندو مراوییەکەی بۆ ماڵەوە، بۆ لای ژنەکەی بردەوە. بێچووە مراوی لەوێ. لە ماڵی جوتیارەکەدا ئاهێکی تێ گەڕاو بوژایەوە. منداڵەکانی دەیانویست گەمەی دەگەڵ بکەن، بەڵام ئەو وایزانی کە دەیانەوێ ئەزیەتی بدەن. بۆیە شپرزەو ترساو بە هەموو لایەکدا غاری دەدا. لە پەشۆکاویدا خۆی بە قاپێك شیردا کرد، شیرەکە رژایە ناو ژوورەکە. ژنی جووتیارەکە بە قیژە قیژ دوای کەوت، بێچوە مراوییەکە ئەمجارەیان خۆی بە قاپە کەرەیەکدا کردو لەوێوە هەڵفڕیو کەوتە کەندووە ئاردەکەیانەوە،و پاشان لەوێش دەرهات. ئەوجا ژنەکە، بەو مقاشەی کە بەدەستیەوە بوو، یەکێکی پێدا کێشا. منداڵەکان بەدەم پێکەنینو هەراو هەنگامەوە کەوتنە هەوڵو تەقەلای ئەوەی کە بیگرن. خۆشبەختانە دەرگای ماڵەکە کرا بووەوەو بێچووە مراوییەکە بە هەر زەحمەتێ بوو توانی لە دەرگاکەوە وەدەربکەوێو بەرەو بێشەو لێڕەواران هەڵفڕێ. کاتێ گەییە بێشەزاران، هیلاكو ماندوو، شپرزەو حەپەساو، لەسەر ئەو بەفرە زۆرە نیشتەوە کە تازە کەوتبوو.

سەرباری هەموو بەدبەختیەکانی، ناچار بوو سەرمای سەختی زستانیش تەحەمول بکات،

رۆژگار تێپەڕی، وەرزی بەهار هات، پڕتەوی هەتاو باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشا، تەیروتو کەوتنە خوێندن، ئیدی بەهار بوو ئەمما بەهار! تا حەزکەی جوانو دڵگیر.

لە پڕ باڵی لێك کردنەوە، بە دەنگی باڵەکانیا تێگەیی کە زۆر بەهێز بوون. باڵەکانی گەورە بوو بوونو ئێستا دەیانتوانی هەڵی بگرنو لە عاردی بەرز بکەنەوە. لە شەقەی

باڵیدا، لە چاو ترووکانێکدا خۆی گەیاندە باخێکی گەورە. دارسێو، شکۆفەیان کرد بوو، بۆنی یاس، دنیای پڕ کرد بوو. بە ڕاستی باخێکی دڵگیرو جوان بوو، هەر گۆشەیەکیت تەمەشا دەکرد، تەڕو بڕو پاراوو بەهاری بوو.بێچووە مراوییەکەی هاوڕێمان، لە قووڵایی باخەکەوەو لە دوورەوە سێ قووی سپی جوانی بەدی کرد، کە بە بەر چاوییەوەو بە غروورەوە باڵیان لێك دەدا، لە دوورەوە ناسینییەوەو خەمێکی سەیر سەراپای داگرت. لە دڵی خۆیدا گوتی: "واچاکە بچم بۆ لای ئەم باڵندە جوانانە، هەرچەندە پێیان ناخۆش دەبێتو لێم تۆڕە دەبنو بە دەنووکان تێم بەردەبنو دەمکوژن، بەڵام قەیدی نییە، ئەوان بە دەنووك بمکوژن باشترە لەوەی مراویان بەر دەنووکم بدەن یان مریشکان پەلامارم بدەن، یان کچۆڵەی مەزرادار بەر نووکە شاپانم بدات یان لە سەرمای زستاندا ڕەق ببمەوە."

هەنگێ لە شەقەی باڵیدا، خۆی بە رووبارەکەدا کردو بەمەلە بەرەو لای قووە جوانەکان ڕۆیی. کاتێ قووەکان بینیان لە شەقەی باڵیان داو بەپەلە خۆیان گەیاندێ. بێچووە مراوی بەسەزمان گوتی: "وەرن بمکوژن!" بەدەم چاوەڕوانی مەرگەوە، سەری بە دیار ئاوەکەوە شۆڕ کردەوە. بەڵام چی بینی؟ وێنەی باڵندەیەکی جوانی لە ئاوە سافو زولاڵەکەدا بینی. ئەمە وێنەی خۆی بوو، بەڵێ گۆڕابوو، ئیدی بێچووە مراوییە بۆرەقنە ناشیرینو ناقۆڵاکەی جاران نەبوو، بەڵکو قوویەکی تەواو بوو.

گرینگ نییە لە مەزراو مەڵبەندی مراویان بێیتە دنیا، گرینگ ئەوەیە لە هیلکە قوو بوو بیت.

قووە گەورەکانی تر، بە دەوروبەریدا مەلەیان دەکردو بە دەنووکان نەوازشتیان دەکرد. چونکە لە نەگبەتیو بەدبەختی رزگار بوو بوو، لە خۆشیاندا لە پێستی خۆی نەدەهێوری. هەنووکە لە هەموو کەس زیاتر قەدری ژیانی خۆشو بایەخی جوانی دەگرتو دەزانی. چەند منداڵێك هاتن بۆ باخەکە تا ورتکە نانو گەنمە شامی بۆ قووەکان بخەنە ئاوەکەوە. منداڵێك کە لە هەموو ئەوانی دی بچووکتر بوو، بە سەرسامی هاواری کرد: "تەمەشاکەن! ئەمە قوویەکی تازەیە." منداڵەکانی دیکەش هەموو بەیەك دەنگ گوتیان: "بەڵێ، قوویەکی

تازە هاتووە." ئەوجا لە خۆشیاندا کەوتنە چەپڵە لێدانو سوڕدانو بە غار ڕۆییشتن تا داکو بابیشیان بێنن.

ئەو خەڵکەی کە بۆ باخەکە دەهاتن تا ورتکە نانو گەنمە شامی بۆ قووەکان بخەنە ئاوەکەوە، دەیانگوت: "ئەم قووە تازەیە لە هەموو ئەوانی تر جوانترە. تازە بارِو جوانە." قووە پیرەکانیش، بەنیگای پڕ میهرو ستایشەوە سەیریان دەکرد.

بێچووە مراوییەکەی لەمەڕ خۆمان کە ئەو هەموو میهرو ڕێزەی دەبینی، دەپەشۆکاو لە شەرما سەری وەبن باڵی دەدا. هەستی شادمانی، سەراپای قووە بارەکەی داگرتبوو، بەڵام لە خۆی بایی نەبوو، چونکە دڵی پاکو بێگەرد، دڵی پڕ میهرو دلۆڤانی، هەرگیز مەغروور نابێت. لە خۆی بایی نابێت. ئەو کاتانەی وە بیر دێنایەوە کە هەمووان ئازاریان دەدا، تەشقەڵەیان پێ دەکردو گاڵتەیان پێدەکردو لەگەڵ ئێستادا بەراوردی دەکرد کە هەمووان دەیانگوت جوانترین باڵندەیە.

بنە یاسی وەنەوشەیی سەری چلانی دانەواند بووەوەو بە ئاستەم خۆی لە ئاوەکە دەسوو، هەتاو گەرمو ئارام دەدرەوشایەوە. ئەویش باڵەکانی پێکدادانو گەردنە جوانەکەی قوت کردەوەو لە کانگای دڵەوە، بەوپەڕی شادی هاواری کرد: "کاتێ کە بێچووە مراوییەکی ناحەز بووم، لە پڕخەی خەوی خەیاڵیشدا ئەوەم بە بیردا نەدەهات کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئەوەندە خۆشحاڵ ببم."

***هانس کریستین ئاندرسن***

***١٨٤٤***

## (١٠)

# ڕاپونزەڵ

هەبوو نەبوو، ڕۆژگارێك ژنو مێردێك پێكەوە دەژیان. ئـەم ژنو مێـردە منـداڵیان نەبوو، بۆیە زۆر خەمینو نارەحەت بوون. سەرەنجام خواوەند ئاواتی ژنو مێردەی هێنایە دیو، ژنە سكی پڕ بوو. پەنجەرەیەكی بچووك لە ماڵەكەی ئەم ژنو مێردە میهرەبانەدا هەبوو، ئەم پەنجەرەیە دەیڕوانیە سەر باخێكی یەجگار جوانی پـڕ لـە گـوڵو گـوڵزاری جوان.

شورەیەكی (دیوار) زۆر بەرز بـە دەوری ئـەم باخـەدا كێشـرا بـوو،و كـەس زاتـی نەدەكرد بچێتە باخەكەوە، چونكە خاوەنی باخەكە ژنێكی جادووبازی بە دەسەڵات بـوو كە هەموو خەڵكی دنیا لێی دەترسان.

ڕۆژێك، ژنە لەبەر پەنجەرەكە وەستا بوو،و نقومی تەمەشای باخەكە بوو، كە لە پڕ چاوی بە تەختێك كەوت كە زەڵاتەیەكی زۆری گوڵی ڕاپونزەڵی بەسەرەوە بـوو. گـەڵای ڕاپونزەڵەكە هێندە تەڕو ئاودارو تازە بـوو كـە ژنـە حـەزی چـووە خـواردنی زەڵاتـەی ڕاپونزەڵ. تاسەی خواردنی زەڵاتەی ڕاپونزەڵ ڕۆژ بە ڕۆژ لەلای ژنەی تاین كـە بێـزو و مەگێرانی دەكرد، زیاتر دەبوو،و ژنە دڵنیا بوو كە ئەگـەر لـەو گیایـە نـەخوات كـام دەكاتو نەوسی دەتكێو نەخۆش دەكەوێو لاوازو ڕەنگ زەرد دەبێ. چەند ڕۆژێك بەم حاڵەوە بوری، تا ڕۆژێك مێردە هەستی بە نیگـەرانیو پەشـێوی هاوسـەرەكەی كـردو گوتی: "گیانەكەم بۆچی ئەوەندە لاواز بوویت ؟ ژنە وەڵامی دایەوە: "ئەگـەر، تۆزێـك ڕاپونزەڵ، كە لە باخەكەی پشت ماڵەكەمانەوە هەیـە، نـەخۆم، دڵنیـام كـە دەمـرم."

پیاوەکە، کە ژنەکەی زۆر خۆشدەویست، لە دڵی خۆیدا گوتی: "تا ژنەکەم نەمردووە با فریا بکەوم،و بە هەر نرخێ بووە، هەندێ راپونزەڵی بۆ بچنم."

کە رۆژ ئاوا بوو، دنیا تاریك بوو، پیاوە بەسەر دیوارو حەسارەکە کەوت، خۆی بە باخی ژنە جادووبازەکەدا کردو بە پەلە باوەشێك ڕاپونزەڵی چنیو بۆ ژنەکەیی هێنا. ژنە، بەراپونزەڵەکە، زەڵاتەیەکی هێندە بە تامو لەزەتی دروستکردو خوارد کە لە عەمراتی شتی وا خۆشی نەخوارد بوو. رۆژی دواتریش، ژنە دیسان حەزی چووە خواردنی زەڵاتەی راپونزەڵو مێردەکەی ناچار کرد هەمدیس بۆ باخەکە بچێتو هەندێ راپونزەڵی بۆ بێنێ.

ئێوارە وەختێکی درەنگ، پیاوە بۆ جاری دووەم بەسەر حەساری باخەکە کەوت، بەڵام هەرکە پێی نایە ناو باخەکە،چاوی بە ژنەی جادووباز کەوتو ترس لە سەراپای نیشت. ژنەی جادووباز، بە نیگایەکی زۆر تووڕەوە هاواریکرد: "چۆن وێرات وەکو دزان بە حەسارەکەدا سەر بکەویو بێیتە ناو باخەکەمو گوڵە راپونزەڵەکانم بدزیت ؟ تۆ دەبێ لەسەر ئەم رووقامیو سەرپێچیەت سزا بدرێیت تا ببی بە پەندو عیبرەت بۆ کەسانی تر." کابرا گوتی: "تکایە ببورە، چونکە من لە ناچاریدا ئەم کارەم کردووە. ژنەکەم حامیلەیە، بێزگەوانە، لە پەنجەرەکەمانەوە گوڵە راپونزەڵەکانی تۆی بینیو بەجۆرێ حەزی چووە خواردنی ئەو گوڵە کە ئەگەر نەیخواردایە کامی دەکردو دەمرد."

ژنەی جادووباز کە گوێی لەو قسانە بوو گوتی: "ئەگەر راست بکەیتو وابێت، تەنیا بە یەك شت لێت خۆش دەبم. دەبێ ئەو منداڵەی کە دەتان بێ، بدەیتە من تا بە دەوری دنیادا بیگێڕم. دڵنیابە کە منداڵەکەت ئایندەیەکی باشی دەبێتو وەکو دایکێك ئاگاداری دەکەم."

پیاوە، لە ترسا، داواکەی ژنەی جادووبازی قەبووڵکرد.

زۆری نەبرد کە منداڵە هاتە دنیاو سەرو کەللەی ژنەی جادووباز پەیدا بوو. جادووبازەکە، منداڵەکەی دەگەڵ خۆدا بردو ناوی نا "راپونزەڵ". ئەم ناوە لەو دەڤەرو مەرزو بووەدا بە مانای "گوڵە ئیستکانی" یان "گوڵپەر" بوو.

راپونزەل، هێندە جوان بوو دەتگوت هەتاوە. کە تەمەنی بوو بە دوانزە ساڵان، ژنەی جادووباز، لە نێو لێرەوارێکی چڕە دارو درەختدا، لە بورجێکی بێ دەرگاو بێ قاڵدرمەو بێ پلیکانەدا حەپسی کرد، تەنیا لە سەری بورجەکەدا دەلاقەیەکی بچووك هەبوو کە هەر کاتێ پیرە جادووباز ویستبای راپونزەل بدینێ، لە پاینی بورجەکەوە بانگی لێدەکرد:

راپونزەڵ، راپونزەڵ

پرچە زێڕینەکەت بەربدەوە

راپونزەڵ، کە قژێکی زۆر درێژی جوانی وەکو ڕستە زێڕی هەبوو، هەرکاتێ گوێی لە دەنگی جادووبازەکە دەبوو، قژە هۆنراوەکەی، یانی پرچەکەی دەکردەوەو لە دەلاقەکەوە شۆڕی دەکردەوەو ژنەی جادووباز وەکو پەیژە، پێیدا سەردەکەوت بۆ ناو بورجەکە.

چەند ساڵێك بەم جۆرە بوری، تا ڕۆژێك کوڕە پاشایەك بەدەم سوارییەوە گوزەرو ڕێی کەوتە ئەو لێرەوارەو بە تەنیشتی بورجەکەدا ڕەت بوو. لەو دەمەدا کوڕە پاشا گوێی لە دەنگێکی یەجگار خۆش و دڵڕفێن بوو، بە دەستی خۆی نەبوو وەستاو ئەفسوونی ئەو دەنگە بوو. ئەمە دەنگی راپونزەڵ بوو کە لە تەنیاییدا بێتاقەت بوو بوو و هەوڵیدەدا بە گۆرانی چڕین خۆی سەر گەرم بکات. شازادە بڕیاری دا بە بورجەکەدا سەر بکەوێ و خاوەنی ئەو دەنگە بدینێ، بەڵام هەر چەندی کردو کۆشا هیچ دەرگایەکی نەبینییەوەو ئەنجام بۆ ماڵ گەڕایەوە. شازادە بە جۆرێ شەیدای ئەو دەنگە بوو بوو کە هەموو ڕۆژێ بۆ لێرەوارو دارستانەکە دەڕۆیی و گوێی لە دەنگو ئاوازی راپونزەڵ دەگرت.

ڕۆژێك کە شازادە لە پشت درەختێکەوە وەستا بوو، لە ناکاو جادووبازە پیرەکەی بینی کە لە خوار بورجەکەوە هاواری دەکرد:

راپونزەڵ، راپونزەڵ

پرچە زێڕینەکەت بەربدەوە

هەنگێ سەیری کرد کـە راپـونزەڵ پرچـەکەی شـۆڕ کـردەوەو جادووبازەکـە پێیـدا سەرکەوت بۆ سەر بورجەکە.

شازادە لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەگەر ئەمە پەیژە بیٚو بکریٚ پێیدا سەر بکەوی بـۆ سەر بورجەکە، وا چاکە منیش بەختی خۆم تاقی بکەمەوەو پێیدا سەر بکەوم."

رۆژی دوایی، دەمەورۆژاوا، شازادە هاتە بن بورجەکە و هاواریکرد:

راپونزەڵ، راپونزەڵ

پرچی زێڕینت بەربدەوە

ڕاپونزەڵ، هەرکە گوێی لە دەنگی شازادە بـوو، پرچـە زێڕینەکـەی شـۆڕ کـردەوەو شازادە پێیدا سەرکەوت.

سەرەتا راپونزەڵ زۆر ترسا، چونکە تا ئەو کاتە هیچ پیاوێکی نەبینی بـوو. بـەڵام شازادە زۆر بە نەرمو نیانی قسەی دەگەڵ کردو گوتی:

"یەکەمجار کە گوێم لە دەنگو ئاوازت بوو، زۆر دڵبەنـدت بـوومو کەوتمـە هـەوڵی ئەوەی بتبینم." راپونزەڵ یەکسەر ترسی رەوییەوەو، هەرکە شـازادە خـوازبێنی کـرد، راپونزەڵ لە دڵی خۆیدا گوتی ئەمە گەنجێکی قۆزەو سەبارەت بە منـیش زۆر لـە پـیرە جادووبازەکە مێریڤانترە (میهرەبان). ئیدی راپونزەڵ دەستی دە نێو دەستی شازادە ناو گوتی: "من زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر لەگەڵ تۆدا بم، بەڵام نازانم چۆن لەم بورجە بێمـە خوارەوە؟ چارە ئەمەیە کە هەر کاتیٚ بۆ دیدەنیم دێی، کلاڤەیەك ئاوریشم دەگەڵ خۆدا بێنی، تا پەیژەیەکی پیٚ دروست بکەم، کە پەیژەکە ئامادە بوو، هەنگیٚ دەتوانم پێیـدا بێمە خواریٚ، و تۆش بە سواری ئەسپەکەت هەلمبگریتو لێرەم ببەی."

چونکە پیرەژنەی جادووباز، بە رۆژەوە دەهاتە دیدەنی راپونزەڵ، بۆیە راپـونزەڵ بـە شازادەی گوت کە بەشەو بێتە دیدەنی، هەر کاتێکیش کە شازادە دەهـات کلاڤەیـەك ئاوریشمی دەگەڵ خۆیدا دێنا، تا پەیژەکە ئامادە بوو.

پیرەژنی جادووباز، هەر هەستی نەکرد کە چ شتێك لە دەوروبـەری رووی داوە، تـا رۆژێك راپونزەڵ، بیٚ بیرکردنەوە، رووی کردە جادووبازەکەو گوتی: "نازانم دایکە گیان،

بۆچی تۆ زۆر بە زەحمەت هەڵدەکێشمە سەرێ، کەچی شازادەی گەنج زۆر بە ئاسانیو لە چاو trووکانێکدا دەگاتە لام."

جادووبازی پیر، لە ناکاو هاواریکرد: "ئەوە چیت گوت کچەتیوەی نارەسەنی بەدفەڕ، من وام خەیاڵدەکرد کە تۆم لە هەموو خەڵکی دنیا شاردووەتەوە، کەچی وا دیارە منت خاپاندووە (خەڵەتاندووە) ؟"

جادووبازەکە، بە تووڕەیی کەزییە جوانەکانی راپونزەڵی لە دەوری دەستی پێچاو بە دەستی راستی قرچ قرچ مقەستی لێناو بڕی. ئەوسا بەوپەڕی دڵڕەقی راپونزەڵی بۆ بیابانێکی دوورە دەستی کاکی بە کاکی بردو لەوێ بەرەڵڵای کرد تا بە تاقی تەنیاو بەوپەڕی نەگبەتی درێژە بە ژیان بدات.

بەڵام شەوی هەمان رۆژ، کە جادووبازەکە راپونزەڵی داماوی لە بیابانـدا بـەرەڵڵا کردبوو، کەزییەکانی راپونزەڵی بە تەلبەندی دەلاقەکەوە بەست،و کاتێ کە شازادە هاتو هاواریکرد:

راپونزەڵ، راپونزەڵ

پرچی زێڕینت شۆڕ بکەوە.

پیرەژنە جادووبازەکە، پرچی راپونزەڵی شۆڕ کردەوەو شازادەی وەکو هەمیشە هەڵکێشایە سەرەوە.

بەڵام شازادە، لە جیاتی راپونزەڵ، رووبەڕووی پیرەژنە جادووبازەکە بووەوە کە چاوانی شەڕباری تێ بڕی بوو و بە تەوسەوە گوتی: "ها، بە تەما بوویت دڵدارەکەت بدینی، بەڵام ئەو باڵندە جوانە هەڵفڕیو رۆییو بۆ هەمیشە بێدەنگ بوو. پشیلە گرتیو چاوانی تۆش دەردێنێ. راپونزەڵ تەواو، بە یەکجارەکی ون بوو، و جارەکی دی هەرگیز نای بینێتەوە."

شازادە، بەو قسانە خەمێکی وەها دایگرت، کە بێ هیچ بیرکردنەوەیەك لەسەر بورجەکەوە خۆی هەڵدێرا. ئەگەرچی نەمرد، بەڵام ئەو چقڵو دڕوانەی بەسەریاندا کەوت، لە چاوی چەقین، هەنگێ شازادە کوێرو نابینا، وێڵو سەرگەردان بە ناو لێرەوارو

جەنگەڵان کەوت، خۆراکی بنە گیاو دانەوێڵەی کێوی بوو، پیشەی تەنیا گریانو زاریو خەمی لە دەستدانی دڵدارە ئازیزە بێ سەرو شوێنەکەی بوو.

شازادە، یەك ساڵی تەواو، بەدەم خەمو کۆڤانەوە وێڵو سەرگەردان بوو، تا سەرەنجام گەییە ئەو بیابانەی کە راپونزەڵ، بەوپەڕی کلۆڵی تیایدا دەژیا.

شازادە، لە ناکاودا گوێی لە دەنگێك بوو کە زۆر بە گوێی ئاشنا بوو. بەوپەڕی تاسەو تامەزرۆیی بەرەو سەمتی دەنگەکە داکشا. کاتێ کە بە تەواوەتی لە دەنگەکە نزیك بووەوە، راپونزەڵ شازادەی ناسییەوە، دەستەکانی لە ملی وەرێناو لە هۆڕژنی گرانی دا. دوو دڵۆپە فرمێسکی راپونزەڵ رژانە سەر چاوانی شازادە، کە لە پڕ چاوانی کرانەوەو توانی وەکو جاری جاران هەموو شتێك ببینێ.

شازادە، راپونزەڵی، بۆ وڵاتی خۆی بردو، ساڵەهای ساڵ بە خۆشیو شادی پێکەوە ژیان.

***جاکوبو ویلهم گریم.***

## (١١)

# شازادە خانمو دەنکە نۆك

هەبوو نەبوو، لە رۆژگارانی کۆنی کۆندا، شازادەیەك هەبوو، ئەم شازادەیە دەیویست شازادەخانمێك بخوازێ، بەڵام شازادەخانمێکی راستەقینە.

شازادە، بەجددی کەوتە گەڕان بە دووی شازادەخانمێکی راستەقینەدا، هەموو دنیا گەڕا، بەڵام تووشی هەر شازادەخانمێك دەبوو، رووداوێك دەهاتە پێشەوەو بۆی دەردەکەوت کە ئەو کیژە شازادەخانمی ڕاستەقینە نییە.

زۆر شازادەخانمیش هەبوون، کە شازادە بۆی ساغ نەدەبووەوە کە ئاخۆ شازادەخانمی راستەقینەن یان نا. سەرەنجام شازادە پاش ئەوەی دنیای بە دوای شازادەخانمێکی راستەقینەدا تەی کردو دەستی نەکەوت، بە نا ئومێدی بۆ ماڵ گەڕایەوە. شەوێك هەڵیکردە بۆرانو تۆفانێکی توند، هەورە تریشقە دنیای هەڵگرتبوو، بارانێکی توندی لافاو ئاسا دەباری، شەوێکی یەجگار ترسناك بوو. لە ناکاو لە جەرگەی ئەو تۆفانەوە دەنگی لێدانی دەرگای کۆشك بەرز بووەوە. پاشای پیر بە پەلە هەستاو چوو دەرگای کردەوە. سەیری کرد کیژێك لەبەر دەرگا وەستاوە، زۆری پێ سەیر بوو. وەزعی کیژەکە زۆر خراپ بوو، باراناو بە سەراپایدا دەهاتە خوارێو لە پێڵاوەکانیەوە دەردەچوو. کیژە دەیگوت کە گوایە شازادەخانمێکی راستەقینەیە. کاتێ کە پاشا، کیژۆڵەکەی هێنایە ناو کۆشکەکە، شاژنی پیر بیری کردەوە: "چ قەیدیە، بە زوویی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو کیژە شازادەخانمی راستەقینەیە یان نا ؟"

شاژن، کە لەم کارانەدا زۆر شارەزاو کارامە بوو، هیچی بە کەس نەگوت، یەکسەر خۆی بە یەکێك لە ژووری نووستنەکاندا کردو دەنکە نۆکێکی خستە سەر تەختە خەوەکەو پاشان بیست دانە دۆشەکی لەسەر ڕاخستو پاشان بیست لیفەی پەڕی قووی

شیکراوەی لەسەر دۆشەکەکان راخست. ئێستا ئەم جێگەیە ئامادە بوو تا شـازادەخانم شەوێ لە سەری بخەوێ.

بەیانی، شاژن لە کیژێی پرسی: "خەوی دوێ شەوت چۆن بوو؟"

شازادەخانم وەڵامی دایەوە: "زۆر خراپ بوو، تا بەیانی چاوم لێك نـەناوە، نـازانم، لەوە دەچوو شتێکی زۆر ڕەق لەسەر جێگاکەم بـوو بـێ، ئـازای ئەنـدامم شـینو مـۆر بووەتەوە. یەجگار ناخۆش بوو." بەو جۆرە بۆیان دەرکەوت کە کیژێ درۆی نەکردووەو شازادەخانمێکی ڕاستەقینەیە، چونکە توانی بوو لە ژێر بیست دۆشەكو لێفەوە هەسـت بە دەنکە نۆکەکە بکات.

کەس گومانی لەوە نەبوو، کە جگە لە شازادەخانمێکی نازدار، کەسی دی ئەوەنـدە هەستیارو ناسك بێت! بۆیـە شـازادە زەماوەنـدی دەگـەڵ ئـەو کیـژەدا کـردو دەنکـە نۆکەکەیان وەکو یادگار لە مۆزەخانەی پاشایەتیدا دانـا! ئەگـەر یـەکێك ئـەو دەنکـە نۆکەی نەدزیبێ، ئێستاش دەتوانی لەو مۆزەخانەیەدا بیدینی!

ئەمە بوو بەسەرهاتی شازادەخانمێکی راستەقینە.

***هانس کریستین ئاندرسن***

# (١٢)

# سەربازی قەڵایی

هەبوو نەبوو، لە سەردەم‌و ڕۆژگارانێکی زۆر کۆندا، بیست‌و پێنج سەربازی قەڵایی هەبوون کە هەموو برابوون‌و زوربەتی یەك کۆنە کەوچکی قەڵایی بوون. جلەکانیان سوورو زەرد بوو. هەموو خەبەردارو وریا، تفەنگ لەسەر شان وەستابوون،و تەنیا تەمەشای پێشەوەیان دەکرد. کاتێ کە سەری پاکەتەکەیان لێکرایەوە،و چاویان بەم دنیا بەرینەدا کرایەوە، یەکەم شت کە بەر گوێیان کەوت هاواری منداڵێکی چکۆڵە بوو کە بە دەم چەپڵە لێدانەوە گوتی: "ئای سەرباز، سەربازی قەڵایی!". ئەم سەربازانە دیاریی جەژنی لە دایکبوونی ئەو کوڕە بچکۆلەیە بوون. ئیدی منداڵەکە هەرکە دیارییەکەی وەرگرت سەربازەکانی هەڵگرت‌و یەك یەك لەسەر مێزەکە ریزی کردن. ئەم سەربازانە کوت‌ومت وەکو یەك وابوون، بە موو لە یەکتر جیاواز نەبوون، تەنیا یەکێکیان نەبێت، کە لە دوای هەموویانەوە دروستکرابوو، کە نۆرە هاتبووە سەر دروستکردنی ئەو، قەڵاییەکە کەمی هێنابوو، بۆیە بە یەك لاقەوە دروستکرا بوو، چونکە قەڵاییەکە بەشی نەکرد بوو. ئەم سەربازە وەکو ئەوانی دی خەبەردارو وریا، تفەنگ لەسەر شان وەستا بوو، بەڵام لەسەر یەك لاق وەستابوو، پاشان هەر ئەم سەربازە بوو کە لە ناو هەموو ئەوانی دیدا ناوبانگ‌و شۆرەتی دەرکرد، جا ئەم چیرۆکەی لێرەدا بۆتانی دەگێڕمەوە، سەربوردەو بەسەرهاتی ئەو سەربازەیە:

مێزەکە، مەلاعیبی زۆری لەسەر بوو، بەڵام جوانترینیان کۆشك‌و قەڵایەکی مقەوایی بوو، کە دەتوانرا، لە پەنجەرەکانیەوە ناو ژوورەکانی بدینی. ئاوێنەیەکی قەڵایی لە چوار دەوری کۆشك‌و قەڵاکە دانرا بوو، ئەم ئاوێنەیە لە دەریاچەیەکی بچووك دەچوو، کە وێنەو دیمەنی درەختانی قەڵایی دەنواندەوەو وێنەی کۆمەڵێك قازی مۆمین

به دەم مەلە کردنەوە، بەسەر دەریاچەکەوە دەبینران. هەموو شتێکی ئەو کۆشکە جوان بوو، بەڵام لە هەموویان جوانتر، کچۆڵەیەك بوو کە لەبەر کۆشکەکەدا وەستا بوو. ئەو کچۆڵەیەش لە کارتۆنو مقەوا دروستکرا بوو، کراسێکی زۆر تەنکی لەبەردا بوو،و شاڵێکی شینی لە مل بوو کە گوڵەباخێکی کارتۆنی گەورەی پێوە کرابوو. کچۆڵەکە لە حاڵی سەما کردندا بوو، هەردوو باڵی بڵاو کردبوونەوەو, لاقێکی لە پشتەوە بە ڕادەیەك بەرز کردبووەوە کە سەربازە قەڵاییەکە نەیدەتوانی لاقی بدینێ‌و پێی وابوو ئەویش وەکو خۆی هەر یەك لاقی هەیە! سەربازە قەڵاییەکە ( قەسدیر ) لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەمە بۆ من باشە، مەگەر هەر یەکێکی وا بخوازم، بەڵام ئەو ئەشرافزادەیەو لە کۆشکدا دەژی و من لە کارتۆنێکی چکۆلەدا دەژیم کە بیستو چوار کەسی دیکەشم لەگەڵدان. ئەم کارتۆنەی من جێگەی ئەشرافزادەیەکی وەکو ئەو نییە! بەڵام هەر چۆنێك بووە دەبێ ئاشنایەتی دەگەڵدا پەیدا بکەم."

ئەوسا چوو لە پشت پاکەتە بڕنوتییەکەوە وەستا. دەیتوانی لەوێندەرەوە تەمەشای ئەو کچۆڵە جوانە بکات، کە بەبێ ئەوەی بەلانسی خۆی لە دەست بدات بە هەمان دەقەوە لەسەر یەك لاق وەستا بوو. کە شەو هات، هەموو سەبازەکانی دی لە پاکەتەکەیان نرانەوەو خەڵکی کۆشکەکە چوونە ناو جێگاو نووستن. ئەوسا مەلاعیبەکان دەستیان کرد بە گەمە کردنو رەقسینو زرمەزلێو دەستبازیو لە یەکتردان. سەربازە قەڵاییەکان، لە نێو پاکەتەکەی خۆیانەوە دەستیان بە بۆڵە بۆڵ کرد، چونکە ئەوانیش حەزیان دەکرد بێنە دەرێو یاریو گەمان بکەن، بەڵام سەری پاکەتەکەیان بۆ هەڵنەدەدرایەوە. بوندق شکێنەکان سێ جرتەکی هەڵدەبەزینەوەو دەچوون بە ئاسماندا، هەڵماتەکان یاری گورگ و شوانیان دەکردو ئیدی هەراو هەنگامەیەك بوو سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسی. کەنارییەکە لە دەنگی هەراوزەنا زەنای ئەوان خەبەری بووەوە، بە شیعر داوای لێکردن کە بێدەنگ بن! تەنیا سەربازە یەك لاقو سەماکارە چکۆلەکە لە جێی خۆیان نەجوولانو مانەوە. کیژۆڵە سەماکارەکە، هەردوو باڵی بڵاو کردبوونەوەو، لە سەر نووکی پێ وەستا بوو،

سەربازەکەش لەسەر تاقە لاقەکەی، وریاو خەبەردار لە شوێنی خۆی وەستابوو و چاوی لە سەماکارە چکۆلەکە نەدەگواستەوە. سەعاتی قەد دیوارەکـە دوازدە زەنگـی لێـدا, سەری پاکەتە بڕنوتیەکە کرایەوە، لە جیـاتی بڕنـوتی، جنۆکەیـەکی چـکۆلەی ڕەشـی لێهاتە دەرەوە.

جنۆکەکە گوتی: "سڵاو سەربازی قەڵایی! بڕۆ بەڕێی خۆتەوە، ئـەم کچـۆڵە جوانـە خۆراکی تۆ نییە."

بەڵام سەربازەکە خۆی لە گێلی دا، وای نواند کـە گـوێی لێ نـەبووەو فەرامۆشـی کرد.

جنۆکەکە بە گرژیو مۆنی گوتی: باشە باش! بە گوێی من مەکـە. قەیـدی نییـە، بەڵام ئەگەر سبەی هەرچیەکت بەسەرهات ئۆباڵت بە ئەستۆی خۆت، گلـەیی لـە مـن نەکەی."

کە ڕۆژ بووەوەو منداڵەکان لە خەو هەسـتان, سـەربازە قەڵاییـەکانیان لـە قـەراغ پەنجەرەکەدا ریز کرد. نازانم خەتای بایەکە بوو یان خەتای ئەو جنۆکـە ڕەشەچـکۆلەیە بوو کە پەنجەرەکە لە ناکاو کرایەوەو سـەربازە یـەك لاقەکـە لـەو سـەرەوە، لـە قـاتی سێیەمەوە، بەسەر سەرا کەوتە خوارەوە. بەڕاستی شـتێکی ترسـناكو دڵتـەزێن بـوو! کاتێ سەربازە نەگبەتەکە کەوتە خوارەوە، نـووکی کڵاوخودەکـەی چـەقیە نێـوان دوو کاشیو لنگەوقوچ، پێ بە ئاسمانەوە، وەستا.

کارەکەری ماڵەکەو منداڵەکە بەڕاکردن دابەزین تا بیدۆزنەوەو فریای بکەون، بەڵام بۆ نەگبەتی نەیان بینیو پێیان پێدا ناو تێپەڕین. خۆ ئەگەر سەربازەکە قسەی کردباو هاوکاری کربا: " ئەمەتام! لێرەم." بێگومان دەیاندۆزییەوە. بەڵام شەرمی کردبوو بـە جلکی فەرمی سەربازییەوە، هاوار بکات.

لە پڕ تەپونم دەستی پێکرد. بارانەکە بەرە بەرە توندی کردو، بوو بە خوڕزمو ڕێژنە، باراناو هەستا. کە بارانەکە خۆشی کـردەوە، دوو کـوڕی چـکۆلە لـە ڕێگـەوە هـاتن،

یەکێکیان هاواریکرد: "تەماشا! ئەمە سەربازێکی قەڵاییە، وەرە سواری بەلەمی بکەین."

بە کاغەزی رۆژنامە بەلەمێکی گچکۆکەیان دروست کرد، سەربازەکەیان تێناو دایانە دەم جۆگە ئاوێکەوە. هەردوو کوڕەکە، بە غارو بە خۆشیو شادیو، چەپڵە لێدانەوە کەوتنە شان بە شانی بەلەمەکە. بۆ سەربازە قەڵاییەکە، ئەو جۆگایە، بەو شەپۆلە گەورانەوە، وەکو لافاوێکی ترسناك وابوو! بەلەمە کاغەزینەکە، هەڵدەکشاو دادەکشا، بەرز دەبووەوەو نزم دەبووەوە، هێندە توند بەرەو خوار دەبووەوە و بە دەوری خۆیدا خولی دەخوارد، کە سەربازی نەگبەت لە ترسا لاقی دەلەرزی، بەڵام هەر بە دەقی خۆیەوە رەق راوەستا بوو،و خۆی شێلو نەدەکردو تەنیا تەماشای پێشەوەی دەکرد.

لە ناکاو، بەلەمەکە خۆی بە مەنهۆڵێکدا کرد، کە وەکو پاکەتەکەی خودی سەربازەکە تاریك بوو. سەربازەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئێرە کوێندەرە؟ من لە کوێم؟" ئەوسا بە خۆی گوت: "هەبێو نەبێ، ئەمە ئوێنی ئەو جنۆکە رەشە چکۆلەیەیە. ئا، خۆزی کچۆڵەکەم دەگەڵ بوایە، ئەوسا هیچ باکم بە تاریکی نەبوو!" رێك لەو کاتەدا جرجێکی لێ پەیدا بوو، ئەم جرجە لە مەنهۆڵەکەدا دەژیا. لە سەربازەکە هاتە پێشێو گوتی: "پاسەپۆرتت پێیە ؟ کوا بزانم، ئەگەر پاسەپۆرتت نەبێ بۆت نییە بێیتە ئێرە."

بەڵام سەربازەکە وەڵامی دایەوە، بە خۆو تفەنگەکەیەوە رەق راوەستا بوو. بەلەمەکە بە پەلە بەرێی خۆیدا رۆیی، جرجەکە بە بۆڵە بۆڵو دانەجیڕێ دوای کەوت، بە دەنگێکی ناساز هاواری دەکرد: "بیگرن! بیگرن! کرێی ترانزێتی نەداوە! ڤیزای هاتنە ژوورەوەی نیە!"

سات بە سات گوڕو گوژمی ئاوەکە خێراترو توندتر دەبوو. سەربازە قەڵاییەکە (قەسدیر) رووناکی رۆژی لەوسەری مەنهۆڵەکە بەدی کرد. دەنگێکی یەجگار ترسناکی لە دوورەوە هاتە گوێ. ئاوەکە رێك لەو سەری مەنهۆڵەکەوە، دەڕژایە مەنهۆڵێکی

گەورەترەوە کە بۆ ئەو سەربازە چکۆلەیە، زۆر ترسناك بوو. رێك وەکو ئەوە بـوو مـن‌و تۆ لە تاڤگەو قەڵبەزەیەکی زۆر بەرزەوە بکەوینە خوارەوە.

بەلەمە کاغەزینەکە لە کۆتایی مەنهوڵەکە نزیـك‌و نـزیکتر دەبـووەوە. سـەربازی داماو توند خۆی گرتبوو، بەلەمەکە رێك کەوتە ناو مەنهۆڵەکەوە. سێ چوار جـار بـە دەوری خۆیدا خولایەوەو پڕ بوو لە ئاو. بەلەمەکە خەریك بوو نقووم دەبوو! سەربازەکە، لە جێی خۆی رەق راوەستا بوو، ئاو گەیینە بیناقاقای، بەلەمەکە سات بە سات زیـاتر نقوم دەبوو،و کاغەزەکەی زیاتر دەخوسایەوەو ئاو گەییە سەر سەری سەربازەکە.

لەم ساتەدا، کچۆڵە سەماکارەکەی بیرکەوتەوەو خەمی ئەوەی دەخوارد کە جارێکی دی هەرگیز دەموچاوە جوانەکەی نابینێ‌و ئەو ئاواتە دەباتە ژێـر گڵـەوە. ئـەم دەنگـە چەندین جار لە گوێیدا زرینگایەوەو دەنگی دایەوە:

***بۆ پێشەوە ، بۆ پێشەوە، ئەی پیاوی ئازا***

***بەرەو مەرگ، مەرگی شووم‌و سارد***

***هەرەپێش ئەی پیاوی ئازا***

ئەنجام بەلەمەکە تەفرو تونا بوو، سەربازەکە کەوتە ئاوەکەوەو نقوم بوو، بەڵام رێك لەو دەمەدا ماسییەکی گەورە قووتی دا! سکی ماسیەکە لـە مەنهۆڵەکـەش تـاریکتر بوو. چەند شوێنێکی تـەنگ‌و تـار بـوو! سـەربازی دامـاو بـێ ئـەوەی هـیچ هـەوڵ‌و تەقەلایەك بدات، لەوێندەر، لە ناو سکی ماسییەکەدا راکشا.

لە پڕ ماسییەکە کەوتە هەڵبەزو دابەزو سوڕانەوەو خولانـەوە، پاشـان لـە جووڵـە کەوت. تیشکێك ناو سکی ماسییەکەی رووناك کردەوە، سەربازەکە گوێی لە دەنگێـك بوو: "خودایا! خۆ ئەوە سەربازە چکۆڵەکەیە، ئەوە چ دەکا لێرە!"

تومەز ماسییەکە راوکرابوو و لە بازاڕدا فرۆشرا بوو. پاشـان بـرا بـووە موبـەق‌و کەیبانۆی ماڵ بە کێردێکی گەورە سکی هەڵدڕی بوو. بـە دوو قامکـان سـەربازەکەی هەڵگرتبوو و بردبووی بۆ ژوورەکەی، تا هەمووان ئەم قارەمانە دلێرو دلاوەرە کـە لـە سکی ماسییەکەدا بوو بوو بدینن.

لەسەر مێزەکەیان دانا. بەڕاستی ڕێکـەوتی سـەیرو عەنتیکـە لـەم دنیایـەدا روو دەدەن. سەربازە قەلاییەکە دووبـارە گـەڕابووەوە بـۆ هـەمان ژووری پێشـوو! هـەمان منداڵانو هەمان بووکەڵەو گەمان، هەمان کۆشكو قەڵاو، هەمان سەماکاری چکۆڵەی جوانیش لە هەمان شوێن بوون.

سەماکارەکە هێشتا لەسەر یەك لاق وەستا بوو،و لاقەکەی تری لـە پشـتەوەو بـە بەرزییەوە راگرتبوو. کاتێ سەربازەکە، ئەو لاقـەی تـری بـینی، لـە تـۆ وایـە دنیـای بەسەردا رووخاو چـیوای نـەما بـوو فرمێسـکی قـەلایی لـە چـاوانی بێنـە خـوارێ. سەربازەکە روانییە کچۆڵەکە، بەڵام ئەو هیچی نەگوت.

لە پڕ یەکێك لە کوڕە چـکۆڵەکان، سـەربازە قەلاییەکـەی هـەڵگرتو لـە خـوتو خۆڕایی خستییە سۆپاکەوە. جنۆکەڕەشە چکۆڵەکەش لە نێو سۆپاکەدا بوو.

سەربازەکە راکشاو هەستی بە گەرماییەکی زۆر کرد، نەیدەزانی کە ئەمە گەرمای ئاگری سۆپاکەیە یان گەرمای ئاگری ئەشقە. رەنگی بە تەواوەتی پەڕی بوو، ئیدی دیار نەبوو کە ئاخۆ هی گەرمای سۆپاکە بـوو یـان هـی ئـەو سـەفەرە پـڕ بەسـەرهاتەی. سەربازەکە روانییە خانمی چکۆڵەو، ئەویش روانییە سەربازەکە. سەربازەکە هەسـتیکرد کە خەریکە دەتوێتەوە، بەڵام هێشتا هەر وریاو خەبەردار وەستابوو.

پەنجەرەکە کرایـەوە. بایـەك هـەڵیکرد، سـەماکارە چـکۆلەکەی لـە جێـی خـۆی هەڵکەندو بەرەو لای سەربازەکەی هەڵدا، کەوتە سۆپاکەوەو سووتاو تەواو بوو، ئەمـە کۆتایی کچۆڵەکە بوو! سەربازە قەلاییەکەش توایەوەو تەنیا کلۆیەك قەلایی بچووکی لە شوێن مایەوە. بۆ بەیانی کاتێ خزمەتکاری ماڵەکـە، خۆڵەمێشـی سـۆپاکەی دەردا، چاوی بەو کولۆ قەلاییـە کـەوت کـە شـێوەی دڵێکـی وەرگرتبـوو. بـەڵام سـەماکارە چکۆلەکە هیچی لە دوا جێ نەما بوو، تەنیا ئەو گوڵە باخە نـەبێ کـە وەکـو زوخـاڵ، رەش هەڵگەڕابوو.

***هانس کریستین ئاندرسن.***

## (١٣)

# رۆژهەڵاتی خۆرو رۆژئاوای مانگ

هەبوو نەبوو، رۆژو رۆژگارێك پیاوێكی دێهاتی هەژار، دەگەڵ ژنەكەیو چەند كیژەكیدا لە گوندێكدا دەژیان. كچەكانی ئەم پیاوە دێهاتیە هەموویان جوان بوون، بەڵام بچووكەكەیان لە هەموویان جوانتر بوو.

رۆژێك لە درەنگە ئێوارەیەكی پاییزیدا، كە ماڵی كابرای دێهاتی بە خێزانی لە دەوری ئاگر دانیشتبوونو هەریەكەیان بە كارێكەوە مژولو سەرقاڵ بوون، لە ناكاو سێ تەقە لە شووشەی پەنجەرەكەیان درا، كابرا لە ژوور وەدەركەوت تا بزانێ كێیە، لە پڕ تووشی ورچێكی سپی زۆر گەورە بوو.

ورچە سپی گوتی: "ئێوارە باش."

كابرا بە ترسو لەرزەوە گوتی: "ئێوارە باش."

ورچە سپی گوتی: "تۆ ئامادەیت كیژە بچووكەكەی خۆتم بدەیتێ؟ ئەگەر ئەمەم دەگەڵ بكەیت، لەم هەژارییە رزگارت دەكەمو بە كەیفی خۆت دەوڵەمەندت دەكەم."

هەڵبەتە كابرا زۆری حەز دەكرد دەوڵەمەند ببێ، بەڵام بە ورچەی گوت: "دەبێ پرس بە كیژەكەم بكەم." یەكسەر وەژووركەوتو بۆ كیژەكانی گێڕایەوە كە ورچێكی سپی گەورە لەبەر دەرگا وەستاوەو دەڵێت ئەگەر كیژە چكۆلەكەتم بدەیتێ، دەوڵەمەندت دەكەم. كچە چكۆڵە هەركە باوكی لە قسەكەی بووەوە، یەكسەر گوتی: "نا، من حەز ناكەم گوێم لە قسەی وابێت."

كابرا دیسان لە ژوور وەدەركەوتو بە ورچە سپی گوت: "بڕۆ ئێوارەی پێنج شەممەی ئاییندە وەرەوەو وەڵامی خۆت وەربگرە."

کابرا به درێژایی ئەو هەفتەیە باسی ئەو سەروەتو سـامانەی دەگـەڵ کیژەکەیـدا کردو پێی گوت ئەم سەروەتو سامانە بۆ ئەویش باشە. سەرەنجام کیژەی هێنایـە ڕەدا کە بەگەڵ ورچەکە بکەوێتو لەگەڵی بـڕوات. کیـژێ جلکـە کۆنـەکانی شـت، پینـەی کردنو بە پێی توانا دەستی بە خۆیدا هێناو خۆی ڕازاندەوەو چاوەڕوانی ورچەی کرد.

ئەنجام سەری ئێوارەی پێنج شەمە ورچە سپی هات تا کیژێ دەگەڵ خۆیـدا بـەرێ. کیژێ کە جیازییەکی ئەو تۆی نەبوو، بەخۆو تاقە بوخچەکەیەوە سواری پشـتی ورچـە بوو،و لە ماڵی بابی وەدەرکەوت. دوای ئەوەی ڕێگەیەکی زۆریـان بـڕی، ورچـە سـپی پرسی: "کیژێ تۆ دەترسیت؟"

کیژێ گوتی: "نا, ناترسم."

ورچە گوتی: "دەیسا توند توکەکانی من بگرە، تا نەکـەوی. ورچـەو کیـژێ هـەر ڕۆییشتن، هەر ڕۆییشـتن تـا گەیینـە چـیایەکی گـەورەو سـپی. ورچـەکە لـە تەقـەی چیایەکەی دا. دەرگایەك کرایەوە. بە دوو قۆڵی خۆیان بە کۆشکێکدا کرد کە ژوورێکی یەجگار زۆری تیابوو. هەر ژوورەو چەندین چلچراو ئاوێزەی تیـا هـەڵکرابوو، دیـواری ژوورەکان نقومی زێڕو زیوو بوون. لە یەکێك لە ژوورەکاندا مێزێکـی ئەوەنـدە جـوانو بەشکۆ ڕازابووەوە کە بنیادەم بە دیتنی حایر دەما.

ورچە سپی زەنگێکی دا بە کیژێ تا هەر کاتێ شتێکی پێویسـت بـێ، لـە زەنـگ بدات.

دوای شیو، کیژێ خەو دایگرت، حەزی دەکرد بچێتە ناو جێگەی خەوتن. یەکسـەر لە زەنگی دا. هێشتا بە تەواوەتی دەنگی زەنگەکە بەرز نەبوو بووەوە کە کیـژێ خـۆی لە ژوورێکی تردا و لەسەر تەختە خەوێك بینییەوە. بالیفی ئاوریشمین لەسەر تەختەکـە بوو، پەردەی پەنجەرەکان حەریری خالیسە بوون، پەراوێزەکانیان بـە زێـڕ چـندرا بـوو, هەموو کەلوپەلو پێویستییەکانی ژوورەکە لە زێڕو زیوو بوون.

بەڵام کاتێ کیژێ لەسەر تەختەکە ڕاکشاو چراکەی کوژاندەوە، لە ناکـاو کـوڕێکی گەنج وەژوور کەوتو لە پاڵ ئەودا ڕاکشا. ئەم گەنجە هەمان ورچە سـپییەکە بـوو کـە

شەوان لەپێستە حەیوانیەکـەی دەهاتـە دەرەوە. بـەڵام کیـژێ هـەرگیز دەموچـاوی ئـەوی نەدەبینی، چونکە هەمیشە کاتێ دەهات کە چراکە خامۆش بوو، پێش ئەوەی دنیا روونـاك ببێتەوە دەڕۆیی.

ماوەیەك بە خۆشی تێپەڕی، بەڵام خەمو پەژارەی کیژێ وردە وردە دەستی پێکـرد. بـە درێژایی رۆژ بە تەنیا بوو، زۆرجار خۆزی دەخواست کە بۆ ماڵی بابی بگـەڕاباوەو جـارێکی دی بە دیداری بابو داكو خوشکەکانی شادو شوکرباوە. شەوێك ورچە سپی هۆی پـەژارەو نیگەرانی کیژێی پرسی. کیژێ گوتی: "پەژارەی من دووری کەسوکارەکەمە، نایان بیـنم." ورچە سپی گوتی: "ڕەنگە ئەمە چاری هەبێت، بەڵام دەبێ بەڵێنم بدەیتێ کـە هـەرگیز بـە تەنیا لەگەڵ دایکت دا قسان نەکەی، تەنانەت ئەگەر زۆریشت لێبکات. چونکە ئەگـەر بـە گوێم نەکەی، هـەردووکمان تووشـی نەگبـەتیو بەدبەختیـەکی گـەورە دەبـین. رۆژی یـەك شەممەیەك ورچە سپی بە کیژێی گوت: "هەنووکە دەتوانی بچیتە دیدەنی بـاوكو دایکـت." کیژێ سواری ورچـە بـوو، کەوتنـە ڕێ، ڕێیـەکی زۆریـان بـڕی، سـەرەنجام گەیینـە ماڵـە گوندییەکی سپیو جـوان. خوشـکەکانی کیـژێ بـە دەوروبـەری ماڵەکـەدا غاریـان دەداو گەمەیان دەکرد. کیژێ بە دیتنی ئەو دیمەنە زۆر شادو خۆشحاڵ بـوو. ورچـە سـپی گـوتی: "ئێستا دایكو باوکی تۆ لەم شوێنەدا دەژین، وریابە ئەوەی کە پـێم گـوتی لـە بیرنەکـەی، دەنا زەرەر بە هەردووکمان دەگەیەنیت." کیژێ گوتی: "خەمت نەبێ، بەڵێنت دەدەمێ کـە هەرگیز ئامۆژگاریەکەت لە بیر ناکەم." هەرکە کیژێ وەژوورکەوت، ورچە سپی گەڕایـەوەو ڕۆیی.

هەموو بە دیتنی کیژێ شادو خۆشحاڵ بـوو، شـادییەکی زۆر بـاڵی بەسـەر ماڵەکـەدا کێشا، لەوە دەچوو ئەم شادمانییە هەرگیز کۆتایی نەیەت. کەسـوکاری کیـژێ وایانـدەزانی کە ئیدی هەرگیز کیژەکەیان نابیننەوە، تا لە بارتەقای ئەو چاکەیەدا کە دەرهەق بەوان کرد بووی، سوپاسی بکەن. ئێستا لە هیچیان کەم نەبوو و هەر چیەکیان ویستبا، هـەیان بـوو. کیژێش گوتی: "ژیانێکی باشی هەیەو بە هەموو ئاواتو ئارەزوویەکی خۆی گەییوە."

بەڵام لەمە زیاتری دەربارەی ژیانی خۆی دەگەڵ ورچەکەدا، بۆ باس نەکردن.

وەکو چۆن ورچەکە گوتبووی، بەو ئاوایە دایکی کیـژێ هەوڵیـدەدا، بـە تـەنیا دەگـەڵ کیژەکەیدا قسان بکات. کیژێش کە قسەکانی ورچەی هەر لە بیربوون، هەوڵی دەدا بەتـەنێ لەگەڵ دایکیدا نەبێت. بەڵام سەرەنجام بە هەر جۆرێ بوو، دایکـە کیـژێی قاییـل کـرد کـە باسی ژیانی خۆی لەگەڵ ورچەدا، بۆ بگێڕێتەوە.

کیژێ بۆ دایکی گێڕایەوە کە چۆن لە سەرەتاوە دڵتەنگو پەشێو بووە، بەڵام کاتـێ کـە ورچە سپی دیتووە، کە گۆڕاوەو بووە بە بەشەر زۆر خۆشحاڵ بووە. ئەوجا لەسەری ڕۆیی کە چۆن ڕۆژانی درێژی تەنیایی. بێتاقەتی کردووە.

دایکە لە ترساندا هاواریکردو گوتی: "وای، هەبێو نەبێ ئـەم مێـردەی تـۆ بابایـەکی جنە!! تۆ مۆمێك دەگەڵ خۆتدا ببە، کە مێردەکەت خەوی لێکەوتو لە خەودا بوو هەنگێ لەبەر ڕووناکی مۆمەکە تەمەشای بکە، بەڵام ئاگادار بـە نەیـەڵی دلۆپـە مـۆمێکی پێـدا بڕژێ." کیژێش مۆمێکی بردو لە ژێر جلکەکانی خۆیدا شاردییەوە.

بۆ شەوێ، ورچە سپی هاتو کیژێی دەگەڵ خۆیدا برد. ورچە سپی لە ڕێگەدا لە کیـژێی پرسی: "دایکت هەوڵیدا بە تەنێ قسەت دەگەڵدا بکات؟" کیژێ ناچار بوو ڕاستی پێ بڵـێ و قسەکانی دایکی بۆ ورچەکە گێڕایەوە.

ورچە سپی گوتی: "ئەگەر بە قسەی دایکت بکەی, هەردووکمان بەدبەخت دەکـەیت." بەڵام کیژێ لێرەدا، درۆی دەگەڵ ورچەکەدا کردو گوتی: "خەمت نەبێ، هـەرگیز بـە گـوێی دایکم ناکەم،و ئەو کارەش ئەنجام نادەم کە ئەو داوای کـردووە." کاتـێ گەییـنەوەماڵـێ، هەموو شتێك وەکو خۆی بوو، شەوێ پیاوێك هاتو لە پاڵ کیژێدا ڕاکشا. بەڵام کیژێ خـەو نەچووە چاوی، کە زانی مێردەکەی بە تەواوەتی خـەوی لێکـەوتووە و خەوەکـەی قورسـە، هەستا، ئەو مۆمەی داگیرساند کە دایکی دابوویێ. کیژێ لەبەر ڕۆشنایی مۆمەکە سـەیری کرد ئەو پیاوەی لەگەڵی خەوتووە، شازادەیەکی هێندە جوانو قۆزە کـە تـا ئێسـتا کـەس, جوانو قۆزی وای نەدیتبوو. کیژێ بە جۆرێ ئاشقو شەیدای شـازادە بـوو، کـە هەسـتیکرد ئەگەر ئەو دەمە ماچی نەکات، گیانی لە دەست دەداتو دەمرێت.

کیژێ، کوڕەی ماچ کرد. بەڵام سێ دڵۆپە مۆم بەسەر کراسەکەی کوڕەدا ڕژاو بێداری کردەوە.

کوڕە گوتی: "بزانە چیت کرد؟ ئەگەر یەك ساڵێك خۆت گرتباو سەبرت کردبا، من ئازاد دەبووم. من باوەژنێکم هەیە کە جادووی لێکردوم، بە ڕۆژەوە دەبم بە ورچی سپیو شەوان دەبمەوە بە بەشەر. ئێستا هەموو شتێك تەواو، ریسەکەمان بووەوە بە خوری، دەبێ تۆ بەجێ بێڵمو بگەڕێمەوە بۆ لای باوەژنەکەم. باوەژنم لە کۆشكو قەڵایەکدا دەژی کە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی خۆرو ڕۆژاوای مانگدایە. جا لەوێدا شازادەخانمێکی جنۆکە هەیە کە لووتی لە مەترێك درێژترە،و من دەبێ ئەو شازادەخانمە بخوازم."

کیژێ دەستی بە گریان کرد، بەڵام فایدەی نەبوو، چونکە شازادە دەبوایە بڕوات. هەنگێ کیژێ لە شازادەی پرسی: "ئایا ئەویش دەتوانێ لەگەڵیا بڕوات؟" شازادە گوتی: "نە، نا بێت."

کیژێ گوتی: "باشە دەکرێ ڕێگەی ئەو کۆشكو قەڵایەم پێ نیشان بدەیت، تا بە دووتا بێم، هەڵبەتە بۆم هەیە ئەم کارە بکەم؟"

شازادە گوتی: "بەڵێ دەتوانی بە دووامدا بێی، بەڵام ئەو کۆشكو قەڵایە، کەوتووەتە نێوان ڕۆژهەڵاتی خۆرو ڕۆژاوای مانگەوەو ڕێگەی ئەو کۆشكو قەڵایە هەرگیز بە تۆ نادۆزرێتەوە."

بەیانی زوو، کاتێ کیژێ لەخەو ڕابوو، هەم ورچە سپیو هەم کۆشكو قەڵاکە نەمابوون و ئەویش بە تاقی تەنیا لە نێو بێشەیەکی تاریکدا، لەسەر پارچە قوماشێکی چکۆلەی کەسکدا ڕاکشا بوو و هیچی بەدەورەوە نەبوو، تەنیا ئەو بوخچەیە نەبێت کە کاتی خۆی دەگەڵ خۆیدا بۆ کۆشكو قەڵاکەی هێنابوو. کیژێ چاوانی هەڵگلۆفتنو دەستی بە گریانێکی بە کوڵ کرد، تا توانی گریا، پاشان هەستاو کەوتە ڕێ. هەر ڕۆیی هەر ڕۆیی تا گەییە چیایەکی بەرز کە پیرەژنێك لە بناریدا دانیشتبوو و سێوێکی زێرینی بە دەستەوە بوو و یاری پێدەکرد. کیژێ لە پیرەژنی پرسی: "دایکە گیان، ئەرێ تۆ شوێنی ئەو شازادەیە

دەزانی کە لە ڕۆژهەڵاتی خۆرو لە ڕۆژاوای مـانگ دا دەژی؟ ئـەو شـازادەیەی کـە قـەرارە دەگەڵ شازادەخانمێك دا زەماوەند بکات کە لووتی مەترێك درێژە."

پیرەژن پرسی: "تۆ لە کوێ دەیناسیت، ڕەنگە تـۆ هـەمان کیـژ بیـت کـە قـەرار بـوو زەماوەندی دەگەڵ بکەی؟"

کیژێ گوتی: "بەڵێ، من هەمان کیژم."

پیرەژن گوتی: "کەواتە تۆ هەمان کیژی! بەڵام مـن تـەنیا ئەوەنـدە دەزانم شـازادە لـە کۆشكو قەڵایەکدا دەژی کە کەوتووەتە نێوان ڕۆژهەڵاتی خـۆرو ڕۆژاوای مانگـەوە. دەبـێ ڕێگایەکی زۆر ببڕی تا بگەیتە ئەوێندەر. هەڵبەتە ئەگەر بەخت یـاوەرت بـێو بگـەی. تـۆ دەبێ ئەسپەکەی من بە ئەمانەت بەریتو سواری ببیو بـڕۆی بـۆ لای هاوسـێ کۆنەکـەی منو داواکەت بەو بڵێی. کاتێ گەییشتیتە ئەوێندەر، یەکێك بەبنا گوێی چەپی ئەسـپەکەدا بکێشەو داوای لێبکە دووبارە بۆ ماڵ بگەڕێتەوە. دەتوانی ئەم سێوە زێڕینەش دەگەڵ خۆتدا ببەیت."

کیژێ، ڕێگایەکی زۆر زۆر دووری بڕیو سەرەنجام گەییە چیایەکی تر کە پیرەژنـی دووەم لە بناریدا دانیشتبوو و شانەیەکی زێڕی بە دەستەوە بوو. کیژێ لە پیرەژنی پرسی کە ئـاخۆ ڕێگەی ئەو کۆشكو قەڵایەی کە کەوتووەتـە نێـوان ڕۆژهـەڵاتی خـۆرو ڕۆژاوای مانگـەوە، دەزانێت؟ پیرەژن، هەمان زانیارییەکانی پیرەژنی یەکەمی دووبـارە کـردەوەو گـوتی: "مـن هیچ شتێك لە بارەی ئەو کۆشكو قەڵایەوە نازانم، تەنیا ئەوەندە دەزانم کە کەوتووەتە نێـوان ڕۆژهەڵاتی خۆرو ڕۆژاوای مانگەوەو دەبێ ڕێگایەکی زۆر زۆر ببڕی تـا بگەیتـە ئەوێنـدەر، هەڵبەتە هیچ مەعلومیش نیە کە بیگەیتێ! جا ئێستا ئەسپەکەی من ببەو بچۆ بۆلای ئەو پیرەژنەی کە لەو لاتری منەوە دەژی، لەوەیـە ئـەو شـوێنی کۆشـكو قەڵاکـە بزانـێ. کـە گەییشتیە ئەوێندەر، شەپەزللەیەك وەپەناگوێی چەپی ئەسپەکەدا بکێشەو پێی بڵێ کـە بـۆ ماڵ بگەڕێتەوە. هەنگێ پیرەژن، شانە زێڕەکەی خۆی دایـە کیـژێو گـوتی: "لەوەیـە ئـەو شانەیە بە کەڵکت بێت."

کیژێ دیسان سواری ئەسپ بوو، ڕێگەی سەختو دژواری بڕیو دوای چەندین شەوو ڕۆژ گەییە چیایەکی گەورە، کە پیرەژنی سێیەم لە بناریا دانیشتبوو و بە خەرەکێکی زێڕین خەریکی ڕستن بوو. کیژێ لەویشی پرسی کە ئاخۆ ڕێگای ئەو کۆشكو قەلآیە دەزانێ کە کەوتووەتە نێوان ڕۆژهەلآتی خۆرو ڕۆژئاوای مانگەوە؟

پیرەژن گوتی: "وادیارە تۆ هاوسەری ئەو شازادەیەی؟"

کیژێ گوتی: "بەلێ، قەرار بوو شوو بەو شازادەیە بکەم."

بەلآم ئەم پیرەژنەش، بێشبەتر لە دووانەکەی تر، ڕێگەی ئەو کۆشكو قەلآیەی نەدەزانی. ئەویش هەر ئەوەندەی دەزانی کە کەوتووەتە نێوان ڕۆژهەلآتی خۆرو ڕۆژاوای مانگەوە. پیرەژن گوتی: "تۆ دەبێ ڕێگایەکی زۆر دوورو درێژ ببڕی تا بگەیتە ئەو قەلآیە، کە مەعلومیش نییە بیگەیتێ! واباشە ئەم ئەسپەی من بە ئەمانەت ببەیتو بچی بۆلای بای وەشتو لەو بپرسیت، لەوەیە ئەو بزانێتو بۆ ئەوێندەرت ببات. کە گەییشتیە لای بای وەشت شەپەزللەیەك بەبنا گوێی چەپی ئەسپەکەمدا بکێشەو پێی بلێ بابگەڕێتەوە بۆمالەوە." ئەوسا پیرەژن خەرەکە زێڕینەکەی خۆی بە کیژێ داو گوتی: "لەوەیە ئەم خەرەکە لە شوێنێکدا بە کەلکت بێت."

کیژێ، دەبوایە ڕێگایەکی زۆر ببڕێ تا بگاتە بای وەشت. بەلآم سەرەنجام پاش چەندین ڕۆژ گەییە ئەوێو لە بای وەشتی پرسی: "ئاخۆ دەتوانێ شوێنی ژیانی ئەو شازادەیەی کە لە نێوان ڕۆژهەلآتی خۆرو ڕۆژاوای مانگدا دەژی، پێ نیشان بدات؟" بای وەشت گوتی: "من شتم دەربارەی ئەم شازادەو قەلآیە بیستووە، بەلآم ڕێگای ئەم قەلآیە نازانم، چونکە هەرگیز بۆ شوێنانی زۆر دوور نەچووم. بەلآم ئەگەر دەتەوێ بۆلای برایەکەمت، واتە بۆلای بای دەبوورت دەنێرم. ڕەنگە ئەو ڕێگای ئەو قەلآیە بزانێ، چونکە ئەو لە من بە هێزترە. دەتوانی بێیتە کۆلی من تا بۆ ئەوێندەرت ببەم." کیژێ چووە کۆلی بای وەشتو بەلەز وەرێکەوتن تا گەیشتنە بای دەبوور(غربی). بای وەشت چووە پێشێو بە برایەکەی گوت:" ئەو شازادەیەی کە لە نێوان ڕۆژهەلآتی خۆرو ڕۆژاوای مانگدا دەژی، قەرارە ببێ بە

هاوسەری ئەم کیژە خانەی کە دەگەڵ خـۆمم هێنـاوەو ئێسـتا ئـەم کیـژە بـە دوای ئـەودا دەگەڕێ، تۆ ڕێگای ئەو کۆشكو قەلاٌیە دەزانی؟"

بای دەبوور بە کیژێی گوت:" ئەوەندەی من گـەڕاوم، نـازانم ئـەو قـەلاٌو کۆشـکە لـە کوێیە، بەلاٌم دەتوانم بتبەم بۆ لای بای باشوور، چونکە ئەو لە هـەردووکمان بـەهێزترەو بـۆ شوێنانی دوور دەڕوات. ئەگەر ئەو نەزانێ ئەو قەلاٌیە لە کوێندەرە، ئیدی هیچ کەسێك لـەم دنیایەدا ناتوانێ یارمەتیت بدات. وەرە کۆڵی من تا بۆلای ئەوت ببەم."

ئیدی کێژێ چووە کۆلێ بای دەبوورو هەر ڕۆییشتن هەر ڕۆییشتن تـا گەیشـتنە مـەزڵ. بای باشوور هێندە گرژو تووڕە بوو، کاتێ کـە ئـەوان لـە مەزلگـەی ئـەو نزیـك بوونـەوە، هەستیان بەسەرمایەکی بەترەف کرد. بای باشوور لە دوورەوە هاواریکرد:" چیتان دەوێ ؟" کە گوێیان لە دەنگی بوو، لە سەرما جەمەدینو بای دەبوور گـوتی: "مـن بـای دەبـوورمو ئەمەش هەمان ئەو کیژەیە کە قەرارە شوو بە شـازادەی قـەلاٌی نێـوان ڕۆژهـەلاٌتی خـۆرو ڕۆژاوای مانگ بکات. جا هاتووە بۆ پرسیاری ئەوە کە ئاخۆ تۆ تا ئێستا ڕێـت کەوتووەتـە ئەوێندەر، دەتوانی ڕێی ئەو قەلاٌو کۆشکەی پێ نیشان بدەیت، تا شازادە بدۆزێتەوە؟"

بای باشوور گوتی: "بەڵێ، دەزانم ئـەو قەلاٌیـە لـە کوێنـدەرە، تـەنیا یـەك جـار ڕێـم کەوتووەتە ئەوێ، بەلاٌم بە چ هیلاکەتێك، هێندە ماندوو بووم کە چەندین ڕۆژ نەمتوانی لـە جێی خۆم بجووڵێم. بە هەرحاڵ ئەگـەر تـۆ ڕاسـت دەکـەیو گەرەکتـە بـۆ ئـەوێ بڕۆیـتو ناترسیت، من دەتبەم."

کیژێ گوتی: "من هەر دەبێ بۆ ئەوێندەر بڕۆمو ئەگەر بـە نرخـی گیـانش بـووە دەبـێ بگەمە ئەو قەلاٌیە. من لە هیچ شتێك ناترسمو چەند خێراش بڕۆیت قەیدی ناکـات." بـای باشوور گوتی: "زۆرباشە، بەلاٌم تۆ دەبێ ئەمشەو لێرە بخەویو پشـوویەك بـدەیت، چـونکە یەك ڕۆژە ڕێی تەواومان لەبەرە."

بای باشوور، سپێدە زوو کیژێی لەخەو هەستاندو ئەوەندە هەوای کردە خـۆیو ئەوەنـدە گەورەو توندبوو، کە بە ڕاستی دیمەنی ترسناك بوو. هـەنگێ کیـژەی دا بـە کـۆڵی خۆیـدا، خۆی بەحەلحەلەی ئاسماندا کرد، لەوە دەچوو تا ئەو پەڕی دنیا نەوەستێتەوە. لـە ژێریانـەوە،

لە لێڕەوارو بێشەکاندا، لە دەریاکاندا، تۆفو بۆرانێکی وەها هەڵی کردبوو، کاتێ کە بەسەر دەریاکاندا تێدەپەڕین، سەدان کەشتی تەفروتونا دەبوون.

بەمجۆرە، مودەتێکی زۆر هەر ڕۆییشتنو ڕۆییشتن، بەڵام هێشتا هەر بە ئاسمانی دەریاکانەوە بوون. بای باشوور تەواو هیلاكو شەکەتو ماندوو بوو، سەرەنجام هێزو شنگی لەبەر بڕا، نەیدەتوانی بڕوات، بەرە بەرە هاتەخوارو خوارترەوەو لە ڕووبەڕی دەریاکە نزیك بووەوە، هێندە نزم بووەوە، کە سەری شەپۆلەکانی دەریاکە لە پاژنەی پێیەکانی کیژەی داماوی دەدا.

بای باشوور پرسی: "نا ترسیت؟"

کیژێ گوتی: "نەخێر، هیچ ناترسم." ڕاستیشی دەکرد. نزیکی وشکایی بوونەوە، بای باشوور هێندەی هێزو توانا تیا مابوو کە کیژێ بگەیەنێتە بەستێنو کەناری دەریا.

ئیدی خۆشبەختانە سەرەنجام کیژێی لە ژێر پەنجەرەی ئەو قەڵاو کۆشکەی، کە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی خۆرو ڕۆژاوای مانگدا بوو، دانا. بەڵام بای باشوور هێندە شەکەتو ماندوو بوو بوو کە ناچار بوو، بەر لەوەی بۆ ماڵەکەی خۆی بگەڕێتەوە، چەند ڕۆژێك لەوێندەر بمێنێتەوە تا ئیسراحەتێ بکاتو پشوویەك بدات.

بۆ سبەی بەیانی کیژێ، لە پاڵ دیواری قەڵاکەدا کەوتە یاریو گەمە بە سێوە زێڕینەکەی. یەکەم جار چاوی بەو کیژە لووت درێژە کەوت کە قەرار بوو شوو بە شازادە بکات. شازادەخانمی کەپوو درێژ پەنجەرەکەی کردەوەو لە کیژێی پرسی: "ئەو سێوە زێرینە بە چەند دەدەیت؟"

کیژێ وەڵامی دایەوە: "ئەمە بە زێڕو پارە نایەتە کڕین."

شازادەخانم گوتی: "ئەگەر بە زێڕو پارە نەیەتە کڕین، ئەدی بەچی دەفرۆشیت؟"

کیژێ گوتی: "ئەگەر بمبەی بۆ لای ئەو شازادەیەی کە لەم قەڵایەدا دەژیوئەمشەو لەلای ئەو بمێنمەوە، ئەم سێوەت دەدەمێ." کچەی لووت درێژ، کە تەماحی کرد بووە سێوکە، گوتی:" فەرموو دەتوانی بێیتە ناو قەڵاکە."

کاتیێ کیژێ وەژوور کەوت، شازادە لە غورِابی خەودا بوو. چونکە شازادە خـانمی لـووت درێژ دەرمانێکی دابوویەو خەوێکی گرانو قووڵی لێکەوتبوو. کیژێی بێچارەو داماو چـەند جارێك شازادەی بانگ کردو تەکانی دا فایدەی نەبوو، لە هۆرژنی گریانـداو هـەر خەبـەری نەبووەوە. بەیانی زوو شازادەخانمی لووت درێژ هاتو کیژێی لە قەلاو کۆشکەکە وەدەرنا.

کیژێ دیسان لە بن پەنجەرەی کۆشـکەکە لێـی دانیشـتو بـە شـانە زێرِەکـەی کەوتـە داهێنانو شانەکردنی قژەکەی. هەمان رێکەوتی دوێنێ دووبارە بووەوە. کچەی لووت درێـژ پرسی:" ئەو شانەیە بە چەند دەدەی؟" کیژێ گوتی:" ئەم شانەیە فرۆشتەنی نییە، بە پارەو زێری نادات، بەڵام ئەگەر رێگەی بدات بێتە ژوورەوەو شەوێ لەلای شـازادە بێـت، ئەوسـا شانەکەی هەر واهی دەداتێ." بەڵام کاتێ کیـژێ گەییـە ژوورەکـەی شـازادە، شـازادە لـە شیرین خەودا بووو کیـژێ چـەندی گـاز کـردو رای تەکانـدو گریـا، دادی نـەداو خەبـەری نەبووەوە. کە دونیا رووناك بووەوە، شازادە خانمی لـووت درێـژ وەکـو رۆژی پێشـوو هـاتو کیژێی لە کۆشكو قەلا وەدەرنا.

دیسان کیژێ لە ژێر پەنجەرەی کۆشکەکە دانیشتو خەرەکەی دەرهێناو کەوتە دەزوو رستن، کچەی لووت درێژ تەماحی کردە خەرِەکەکـەش. پەنجەرەکـەی کـردەوەو لـە کیـژێی پرسی:" ئەو خەرِەکە بەچی دەگۆریتەوە؟"

کیژێ هەمان داخوازییەکانی پێشووی دووبارە کردەوە، یانی گوتی:" ئـەم خەرِەکـە بـە زێرو پارە نافرۆشم، بەڵام ئەگەر بمگەیەنیتە ژوورەکەی شازادەو شەوێ لەلای ئـەو بمێنمـەوە، ئەوسا خەرِەکەکەشت وێدەدەم."

شازادەخانمی کەپوو درێژ گوتی: "زۆر باشە، بە کەماڵی ئارەزوو، قەبووڵمە."

هەڵبەتە لەو کۆشكو قەڵایەدا، خەڵکانێکی دروستکاریش هەبوون، ئەمانە بیستبوویان کە چۆن دوو شەوی دوا بە دوای یەك، ئافرەتێك دەچێتە ژووەکەی شازادەو بێهـوودە بـانگی دەکاتو فرمێسکان دەرِێژێ.

ئەوانە، ئەم واریقاتەیان بۆ شازادە گێڕابووەوە. بۆیە ئەو شەوە کاتێ کە شازادەخانمی کەپوو درێژ دەرمانی بە شازادە دابوو، شازادە وای نواند بوو کە دەرمانەکەی خواردووە، بەڵام لەڕاستیدا دەرمانەکەی ڕشتبوو.

کاتێ کیژێ چووە ژوورەکەی شازادە، ئەمجارەیان شازادە بە خەبەر بوو، کیژێ بۆی گێڕایەوە کە چۆن ڕێگای کۆشكو قەڵاکەی دۆزیوەتەوەو بۆ ئەوێندەر هاتووە.

شازادە بە کیژێی گوت: "دەزانی ڕێك لە کاتی خۆیدا هاتوویت، چونکە قەرارە من سبەینێ دەگەڵ شازادەخانمی کەپوو درێژا زەماوەند بکەم. بەڵام تازە ئەم کارە ناکەمو تۆ دەتوانی بە تەنیا رزگارم بکەی." هەنگێ شازادە بۆ دڵدارەکەی گێڕایەوە: "سبەینێ دەڵێم کە دەمەوێ بزانم بووکەکەم چ کارگەلێك شارەزایەو داوا لە شازادەخانمی لووت درێژ دەکەم ئەو سێ دڵۆپە مۆمەی کە ڕژاوەتە سەر کراسەکەم پاك بکاتەوە و بسڕێت. شازادەخانم قەبووڵ دەکات کە ئەم کارە بکات، چونکە نازانێ تۆ ئەم دڵۆپە مۆمانەت بە کراسەکەی مندا ڕشتووە و تەنیا کەسێکی ڕاستەقینە و ئاسایی دەتوانێ ئەم پەڵانە پاك بکاتەوە، ئەمە کاری جنۆکان نییە و بە جنۆکان ناکرێت." هەنگێ منیش بیانوو دەگرم و دەڵێم: "کەس بۆی نییە ببێ بە هاوسەری من، تەنیا ئەو کیژە نەبێ کە بتوانێ ئەم دڵۆپە مۆمانە لە کراسەکەم پاك بکاتەوەو من دەزانم تەنیا تۆ دەتوانی ئەم کارە بکەیت."

لە کۆشكو قەڵادا هەموو شادو خۆشحاڵ بوون. ڕۆژی دوایی کە قەرار بوو ڕێوڕەسمی زەماوەند بەرپا بکرێ، شازادە بە زڕدایکەکەی خۆی گوت: "من دەبێ بزانم کە دەزگیرانەکەی من چ بەهرەو توانایەکی هەیە."

زڕدایکەکە گوتی: "باشە، چ قەیدیە."

شازادە گوتی: "من کراسێکی باشم هەیە دەمەوێ ئەو کراسە بۆ زەماوەندەکەم لەبەر بکەم، بەڵام سێ دڵۆپە مۆمی تواوەی پێدا ڕژاوەو دەبێ ئەو پەڵانەی لێ لابرێ‌ومن مەرجم کردووە یەکێك بخوازم کە بتوانێ ئەو پەڵە مۆمانە لە کراسەکەم پاك بکاتەوە."

ئیدی شازادە خانمی کەپوو درێژ وای دەزانی ئەمە کارێکی ئاسانەو دەستی بە شۆردنی کراسەکە کرد. بەڵام چەندی دەشۆردو هەڵی دەگلۆفت، پەڵەکان گەورەتر دەبوون. جنۆکەی

پیر، دایکی شازادەخانمی کەپوو درێژ گوتی: "ئەوە چییە، بە تۆ ناشۆردرێ, کوا بیدە بە من. بەڵام ئەویش هیچی پێنەکرا، چەندی دەشۆرد پەڵەکان رەشترو گەورەتر دەبوون. جنۆکەکانی دیکەش خۆیان تاقیکردەوە، بەڵام سوودی نەبوو، کراسەکە ئەوەندە ڕەش بوو، دەتگوت لە لوولەی دۆکەڵکێشیان دەرهێناوە.

شازادە هاواریکرد: "ئێوە بەکەڵکی هیچ نایەن. کیژێکی گەدا لە دەرێی قەڵاکە دانیشتووە، من دەزانم کە ئەو لەرهەمووتان باشتر کراسەکە دەشوات." شازادە هاواریکرد: "ئەی ئەو کیژەی لەوێندەر دانیشتوویت، وەرە ژوورەوە." کیژێ یەکسەر وەژوورکەوت.

شازادە پرسی: "ئایا دەتوانی ئەم کراسە پاك بکەیتەوە ؟"

کیژێ گوتی: "ئاه، نازانم، بەڵام هەوڵێك دەدەم."

هەرکە کیژێ، کراسەکەی بە ئاودا کرد، یەکسەر وەکو بەفرو بگرە سپی تریش بووەوە.

کە کراسەکە پاكو خاوێن بووەوە شازادە گوتی: "من دەبێ دەگەڵ تۆدا زەماوەند بکەم."

جنۆکە پیرەکە هێندە تووڕە بوو کە لە داخا شەقی برد. شازادە خانمی لووت درێژو هەموو جنۆکەکانی دیکەش شەقیان بردو ئیتر لەوەدوا هیچ هاڵو هەواڵێکیان نەما.

شازادەو کیژێش هەر هەموو ئەو خەڵکە باشەیان، کە زندانی بوون، ئازاد کرد، چەندیان توانی، لەو زێڕو زیوەی کە لەوێ بوو، لەگەڵ خۆدا بردو لەو قەڵایەی کە لە نێوان رۆژهەڵاتی خۆرو رۆژاوای مانگدا بوو، دوور کەوتنەوە

*کۆمەڵە چیرۆکی ئاندرولانگ*

## (١٤)

# سپی بەفرینو حەوت کورتیلە

هەبوو نەبوو، لە زەمانو رۆژگاری کۆندا، لە جەرگەی زستاندا، کە بەفر کلوکلو وەکو دەسپێچکە خووری سپی لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارێ، شاژن لەبەر پەنجەرەی کۆشکەکەیدا دانیشتبوو. چوار چێوەی پەنجەرەکە لە عەبەنوس بوو، شاژن بە دەم دەرزیو دورمانەوە چاوی بڕی بووە دیمەنی سپی بەفرەکە، لە پڕ دەرزییەکە چوو بە قامکێکی شاژن داو سێ دڵۆپە خوێن رژایە سەر بەفرەکە. رەنگی سووری خوێنەکە بەسەر بەفرەکەوە بە جۆرێکی ئەوتۆ سەرنجی شاژنی ڕاکێشا کە ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی: "خۆزیا منیش کیژێکم دەبوو پێست سپی وەکو بەفر، گۆنا سوور وەکو خوێنو قژ ڕەش وەکو عەبەنوس ." لە پڕ ئاواتو ئارەزووەکەی شاژن هاتەدیو دوای ماوەیەك کچێکی بوو، پێستی سپی وەکو بەفر، گۆناکانی سوور وەکو خوێنو قژی رەش وەکو رەشی عەبەنوس! کچەیان ناونا (سپی بەفرین). بەلام زۆری پێنەچوو کە دایکی سپی بەفرین، واتە شاژن کۆچی دوایی کرد.

دوای سالێك پاشا، ژنی هێنایەوە. ژنە تازەکەی پاشا ئافرەتێکی جوان بوو، بەلام زۆر بە هەواو حەسوودو لەخۆبایی بوو، هیچ جوانێکی تری لە هەنبەر جوانی خۆیدا قەبووڵ نەدەکرد. شاژنی تازە ئاوێنەیەکی جادوویی هەبوو کە لە بەردەمیا دەوەستاو لە وێنەی خۆی رادەماو لە ئاوێنەکەی دەپرسی:

"ئاوێنە، ئاوێنەی قەد دیواری
کێ شا جوانی ئەم دنیایەیە ؟"
ئاوێنەکەش هەمیشە وەڵامی دەدایەوە:
"شابانۆ، شاژن، شاجوانی لەم دنیایەدا."

شاژن، زۆری کەیف بە وەڵامی ئاوێنەکە دەهات، چونکە دەیزانی ئاوێنەکە درۆ ناکات. بەڵام سپی بەفرین، رۆژ لە دوای رۆژ جوانو جوانتر دەبوو، کە تەمەنی گەییە حەوت ساڵی، یەجگار جوان بوو، تەنانەت لە شاژنیش جوانتر بوو، تا رۆژێ شاژن پرسیارە هەمیشەییەکەی لە ئاوێنەکە کردەوە: ئاوێنەکە لە وەڵامیا گوتی: "تۆ جوانی، بەڕاستی جوانی، بەڵام سپی بەفرین لە تۆ جوانترە."

شاژن، بەم وەڵامە زۆر نیگەران بوو، سەراپای بوو بە کەربو رقو کینە دەرهەق بە سپی بەفرین. لەو سەعاتە بە دواوە، شاژن هەرکاتێ سپی بەفرینی دەبینی، لە بەغیلیو حەسوودیدا چاوی دەپەڕییە تەوقی سەریو رق وەکو گیاکەڵە لە دڵیا رەگو ریشەی دادەکوتا.

سەرەنجام شاژن، تواناو تەحەمولی دیتنی سپی بەفرینی نەما، راوچییە تایبەتییەکەی خۆی گاز کردو پێی گوت: " ئەم منداڵە ببە بۆ لێرەوارو کارێ بکە کە جارێکی دی چارەی نەبینمەوە، دەبێ بیکوژیتو لە ناوی ببەی، جا بۆ ئەوەی دڵنیابم کە مردووە دەبێ جەرگو دڵەکەیم بۆ بێنێتەوە".

کابرای راوچی وەکو چۆن ئەمری پێکرا بوو، بەو ئاوایە سپی بەفرینی بۆ لێرەوار برد، لەو دەمەدا کە بیری دەکردەوە چۆن بیکوژێت. سپی بەفرین گوتی: "راوچی گیان، بەزەییت بە مندا بێتەوە. من بەڵێنت دەدەمێ کە لە دارستانەکەدا خۆم ون بکەمو هەرگیز بۆ ماڵ نەگەڕێمەوە."

چونکە سپی بەفرین هەم زۆر منداڵو هەم زۆر جوان بوو، کابرای راوچی دڵی بە حاڵی سووتاو گوتی: "ئەی کچۆڵەی نەگبەت، کەواتە لە زێ (پەلە) بکەو بۆ خۆت هەڵێ."

کابرای راوچی لەبەر خۆیەوە بیری لەوە دەکردەوە کە بەو زووانە گیانلەبەرانی دڕندەو هۆڤی سپی بەفرین دەدۆزنەوەو دەیخۆنو ئیدی ئەویش هیچ تاوانێکی ناکەوێتە ئەستۆ.

لە ڕێگەی گەڕانەوەدا، کابرای ڕاوچی کودەڵـە بـەرازێکی بـینی کـە غـاری دەدا، تیرێکی هاویشتیێو کوشتی، جەرگو دڵەکەی دەرهێنـا تـا بیبـاتو پیشـانی شـاژنی بدات، کە گوایە سپی بەفرینی کوشتووە.

ژنەی دڵڕەقیش، جەرگو دڵەکەی لێ وەرگرت، برژاندیو خواردی. لە دڵـی خۆیـدا دەیگوت کە بۆ هەمیشە لە دەستی سپی بەفرین ڕزگار بووە.

لەولاش، کاتێ سپی بەفرینی نەگبەتو بێچارە خۆی لە لێرەوارێکـی گـەورەدا بـە تاقی تەنیا بینیەوە، دیمەنو شێوەی درەختەکانی ترسناك هاتە بەرچـاو، زۆر دەترسـا، نەیدەزانی چ بکات. بەسەر گاشە بەردی نووك تیژو بە نێو چڕە تووتڕەکانـدا تێپــەڕی، گیانلەبەرانی لێڕەکەش بەلایدا ڕەت دەبوون،و هیچ کاریان بە کاری ئەو نەبوو.

سپی بەفرین، تا هێز لە لاقەکانیا هەبوو ڕایکردو ڕایکرد، تا لە ئێوارە وەختێکـی درەنگدا چاوی بە کوختەیەکی بچووك کەوت، خۆی بە کوختەکەدا کـرد تـا پشـوویەك بداتو نەفەسێك تازە بکاتەوە. لەو کوختەدا هەموو شـتێك بچـووك بـوو، بـەڵام زۆر خاوێنو بە تەرتیبو ڕێك پێـك بـوو. مێزێـك لـە ناوەڕاسـتی کوختەکـەدا بـوو، کـە پەردەیەکی سپی بەسەردا درا بوو. حەوت قاپی پڕ لە خـواردن، بـە چـەقۆو کەوچـكو مراكو چنگاڵو پەرداخەوە لەسەر مێزەکە ڕیزکرابوو. حەوت تەختە خەوی چکۆڵەش بە چەرچەفی ناوەخن لۆکەوە، لە پاڵ دیوارەکەدا ڕیز کرابوون.

سپی بەفرین، هەستی بە برسیەتیو تینویەتییەکی زۆر کرد، لە هەر قاپێك پـاروە نانێكو تۆزێك پەتاتەی هەڵگرتو خواردیو لە هەر پـەرداخێکیش دڵۆپـە شـەرابێکی خواردەوە. سپی بەفرین، پاش نان خواردن، هەستی کرد زۆر مانـدووەو خـەوی دێـت، چوو لەسەر یەکێك لە تەختەکان ڕاکشا. بەڵام تەختەکەی بـە دڵ نـەبوو، تەختـەکانی دیکەی تاقی کردەوە. بەڵام یەکێکیان درێژ بـوو یـەکێکیان کـورت، تـا گەییـە سـەر تەختی حەوتەم، هەستی کرد ئەو تەختە زۆر خـۆشو لـە بـارە. سـپی بـەفرین وەکـو منداڵێکی ئاقڵ دوعـای خـەوی خوێنـدو لەسـەر تەختەکـە ڕاکشـاو هـەر زوو خـەو بردییەوە.

کە دنیا خەریك بوو تاریك دەبوو، خاوەنانی کوختەکـە گەڕانـەوە. تومـەز حـەوت کورتیلە بوون کە لە کانێکدا لە ناو جەرگەی کێوستاندا کاریان دەکرد.

حەوت کورتیلەکە، حەوت فانۆسە چکۆڵەکەیان هەڵکرد، کە چـاویان بـە روونـاکی کوختەکە راهات، سەیریان کرد یەکێك هاتووەتە کوختەکەیانـەوەو هـەموو شـتەکانی داون بە یەکدا.

یەکەم کورتیلە گوتی: "کێ لەسەر کورسیەکەی من دانیشتووە؟"

دوورەم کورتیلە گوتی: "کێ لە نانەکەی منی خواردووە؟"

سێیەم کورتیلە گوتی: "کێ لە خواردنەکەی منی چەشتووە؟"

چوارەم کورتیلە گوتی: "کێ لە قاپەکەی مندا خواردنی خواردووە؟"

پێنجەم کورتیلە گوتی: "کێ چنگاڵەکەی منی بەکار بردووە؟"

شەشەم کورتیلە گوتی: "کێ بە چەقۆکەی من شتی بڕیوە؟"

حەوتەم کورتیلە گوتی: "کێ لە پەرداخەکەی منی نۆشیوە؟"

ئەوسا یەکەم کورتیلە نیگایەکی دەوروبەری کردو سەیری کرد کە تەختە خەوەکەی کەمێك شێواوە، پرسی: "کێ لەسەر تەختەکەم خەوتووە؟" کورتیلەکانی دیکەش هەر کەسەو چوو بەلای تەختەکەی خۆیـەوەو بـە دەم گریانـەوە گوتیـان: "یـەکێك لەسـەر تەختەکانی ئێمەش پاڵکەوتووە." بەڵام کاتێ حەوتەمین کورتیلە چوو بەلای تەختەکەی خۆیەوە، سەیری کرد کیژێك لەسەر تەختەکەی نووسـتوە. بەسەرسـامی کورتیلـەکانی دیکەی گاز کرد. هەموویان بە فانۆسە چکۆلەکانیانەوە لە دەوری تەختەکەی ئـەو خـڕ بوونەوەو سەیریان کرد راسـت دەکـاتو کیـژێك لەسـەر تەختەکـەی ئـەو نووسـتووە. کورتیلەکان، زۆریان پێ سەیر بوو، هەموو بەیەك دەنگ گوتیان خودایا! چەند کیژێکی جوانە ؟ هەموو شەیدای جوانیەکەی بوو بوونو دڵیان نەهات خەبەری بکەنەوە.

حەوتەمین کورتیلە، ئەو شـەوە تـا رۆژ بـووەوە هـەر سـەعاتەی لای یـەکێك لـە دۆستەکانییەوە نووست.

بەیانی، سپی بەفرین لە خەو رابوو، کە چاوی بەو حەوت کورتیلەیە کەوت، ترسا. بەڵام زۆر دەگەڵیا نەرمو نیان بوون، بە مێریڤانیو دلۆڤانی ناویان پرسی. ئەویش وەڵامی دانەوە: "من ناوم سپی بەفرینە". کورتیلەکان لێیان پرسی: "ئەدی بۆچی بۆ ئێرە هاتوویت؟" ئیدی سپی بەفرین بۆی گێڕانەوە کە چۆن زڕدایکی ویستوویەتی بیکوژێتو چۆن راوچییەك تایبەتیەکەی شاژن، گیانی رزگار کردووەو چۆن ناچار بووە بە درێژایی رۆژ ڕابکات تا گەییوەتە کوختەکەی ئەوان.

کاتێ کورتیلەکان گوێیان لەسەر گورشتە تاڵەکەی سپی بەفرین بوو، لێیان پرسی: "ئایا حەز دەکەی تۆ لە ماڵی ئێمەو لەلای ئێمە بمێنیتەوە، ئاگاداری ماڵەکەمان بکەی، چێشتو خواردنمان بۆ ئامادە بکەیت، جێگەکانمان بۆ رێك بخەیت، جلمان بۆ بشۆیتو پینەوپەڕۆمان بۆ بکەیت؟ ئەگەر تۆ ئەم کارانە بە باشیو رێكوپێکی بکەیت، ئیدی لێرە دەحەسێیتەوە." سپی بەفرین وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بە خۆشحاڵیەوە هەموو ئەو کارانەتان بۆ ئەنجام دەدەم." بەمجۆرە ژیانی سپی بەفرین دەگەڵ کورتیلەکاندا دەستی پێکرد.

کورتیلەکان هەموو بەیانیەك بۆ کارو زێڕپەیدا کردن، دەچوون بۆ کێوانو ئێوارە بۆ ماڵ دەگەڕانەوە. سپی بەفرین-یش شیوی بۆ حازرو ئامادە دەکردن، بەڵام چونکە سپی بەفرین بە درێژایی رۆژ بە تەنیا بوو، کورتیلە مێریڤانەکان ئامۆژگاریان دەکردو لە شەڕو ئۆینی زڕ دایکەکەی ئاگاداریان دەکردەوەو دەیانگوت: "ئەو ژنە ئۆینبازە، زوو بە زوو دەزانێ کە تۆ لێرەیتو لەوەیە هەر ساتێ، بێ ئەوەی بێڵێ تۆ پێ بزانی، یەکێك بۆ ئێرە بنێرێت."

لەولاشەوە، شاژن، لە خەویشا ئەوەی بە بیرا نەدەهات لە دنیادا کەسێکی لەو جوانتر هەبێ، رۆژێك بەر لە هەر کارێك چووە بەر ئاوێنە جادووییەکەیو پرسی:

"ئاوێنە، ئاوێنەی قەد دیواری
کێ جوانی جوانانە؟"

ئاوێنەکە وەڵامی دایەوە:

***"ئەی شاژن، بێ چەندو چوون تۆ لە هەموو کەس جوانتری***
***بەڵام سپی بەفرین لە تۆ جوانترە.***
***ئەو سپی بەفرینەی کە دەگەڵ حەوتە کورتیلەدا دەژی".***

کاتێ شاژن گوێی لەم قسانە بوو، زۆری سەرسوڕماو لە حەژمەتاندا لەرزی لێهات، چونکە ئاوێنەکە قەت درۆی نەدەکرد. ئیدی بۆی دەرکەوتبوو کە راوچییەکەی فریوی داوەو سپی بەفرین هێشتا ماوە.

شاژن، شەوو رۆژ لە بیری ئەمەدا بوو کە چۆن سپی بەفرین لە ناو ببات، لەبەر بوغزو کینەی خۆی خەوو خواردنی نەما بوو. سەرەنجام شاژن، نەخشەیەکی کێشا، سیماو جلەکانی گوڕیو خۆی کرد بە پیرەژنێکی چەرچی، وەها خۆی گۆڕی بوو، کەس نەیدەناسییەوە. بەو سەرو سیمایەوە حەوت کێوانی بڕی تا گەییشتە کوختەی کورتیلەکان. ژنەی ناڕەسەنو بەدفەڕ، لە تەقەی دەرگای دا، و بانگی کرد: "کاڵای باشم پێیە، شتی باشم پێیە بۆ فرۆشتن." سپی بەفرین لە پەنجەرەکەوە روانییە دەرێو گوتی: "رۆژ باش خانم گیان، چیت پێیە بۆ فرۆشتن؟"

پیرەژن وەڵامی دایەوە: "شتی باش، کاڵای عال، هەموو جۆرە پشتێنێك." یەکێك لە پشتێنەکانی، کە لە ئاوریشمی رەنگینی زۆر باش دروستکرا بوو، بە سپی بەفرین نیشاندا. سپی بەفرین لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەتوانم ئەم ژنە مێریڤانو دروستکارە بێنمە ژوورەوە.". هەنگێ دەرگای کردەوەو پشتێنێکی جوانی لە پیرەژن کڕی. پیرەژن گوتی: "کیژەکەم چەند روخسارێکی جوانت هەیە؟ وەرە، با ئەگەر بۆ جارێکیش بووە کراسەکەت بۆ رێك بخەمو پشتێنەکەت بۆ ببەستم". سپی بەفرین کە هیچ گومانێکی لە پیرەژن نەکرد بوو، لەبەردەمیا وەستاو رێگەی دا کە پشتێنەکەی لە پشت ببەستێ. بەڵام پیرەژنە، پشتێنەکەی ئەوەندە توند لە پشتی سپی بەفرین بەست کە هەناسەی توند بوو و بورایەوەو کەوتە سەر عاردی، ژنەی ئۆینبازو خاپینۆك وایزانی سپی بەفرین مردووە. بەدەم پێکەنینەوە گوتی: "ئیدی تۆ جوانترین ئافرەت نیت"و بە پەلە لەو دەڤەرە دوور کەوتەوە.

ئێوارێ کە حەوت کورتیلەکە بۆ ماڵ گەڕانەوە، بەسەر دیمەنێکی ترسناکدا کەوتن. سپی بەفرینی ئازیزیان، بێ جووڵە، وەکو مردوو، لە عاردی کەوتبوو.

بە ئەسپایی لە عاردیان بەرز کردەوەو سەیریان کرد پشتێنێکی زۆر توندی لە پشت بەستراوەو هەناسەی تەنگ کردووە. یەکسەر پشتێنەکەیان بڕی، دوای تۆزێك هەناسەی وەبەر هاتەوە. کاتێ کورتیلەکان بە حاڵو حیکایەتەکەی سپی بەفرینیان زانی، پێیان گوت: "بێگومان ئەو چەرچیە جگە لە شاژن هیچ کەسێکی تر نەبووە، لە ئێستا بەدواوە، ئەگەر ئێمە لە ماڵ نەبووین، تا بە تەواوەتی دڵنیا نەبیت، دەرکە لە کەس مەکەوە."

لەو لاشەوە، کاتێ شاژن گەییشتەوە ماڵێ، یەکڕاست خۆی گەیاندە بەر ئاوێنەکەو پرسی:

"ئاوێنە، ئەی ئاوێنەی قەد دیواری کێ جوانی جوانانە؟"

ئاوێنە، هەمان وەڵامی پێشووی دایەوە:

***"ئەی شاژن، بێ چەندو چوون تۆ لە هەموو کەس جوانتری ،بەڵام سپی بەفرین لە تۆ جوانترە.***

***ئەو سپی بەفرینەی کە دەگەڵ حەوت کورتیلەدا دەژی، هێشتا ماوەو لە تۆ جوانترەو جوانتریش دەبێ."***

شاژن کە گوێی لەم قسەیە بوو، ڕەنگی مردووی لێنیشت. چونکە ئەمجارەش بۆی دەرکەوت کە سپی بەفرین ماوە. ئیدی لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبێ کارێك بکەم کە بۆ هەتا هەتایە سپی بەفرین لە ناو ببەم." شاژن چونکە سیحرو جادووی دەزانی، شانەیەکی ژەهراوی دروستکرد. ئیدی شێوەو روخساری خۆی گۆڕی، خۆی کرد بە پیرەژنێکی دیکە. ئەوسا حەوت کێوی بڕیو خۆی گەیاند کوختەی کورتیلەکانو لە دەرگای داو بانگی کرد: "کالای باشم پێیە بۆ فرۆشتن." سپی بەفرین، لە پەنجەرەکەوە تەمەشایەکی دەرەوەی کردو گوتی: "پیرەژن، لێرە مەوەستە، کاتی خۆت بە فیڕۆ مەدە، چونکە من بۆم نییە دەرکە لە هیچ کەسێك بکەمەوە."

پیرەژن گوتی: "مۆڵەتی تەمەشا کردنیشت نییە؟" یەکسەر شانە ژەهراوییەکەی دەرهێناو پیشانی سپی بەفرینی دا. سپی بەفرین زۆری حەز لە شانەکە کردو دەرگای کردەوە. لەو دەمەدا کە سەودای شانەکەیان دەکرد، پیرەژن گوتی: "وەرە باقژە شێواوەکەتی پێ شانە بکەم." سپی بەفرینی داماو هیچ گومانێکی خراپی لە پیرەژن نەکردو رێگەی پیرەژنی دا کە قژی شانە بکات. بەڵام هەر کە شانەکە بەر قژی کەوت، ژەهرەکە کاری خۆی کردو بورایەوەو کەوتە سەر زەوی.

ژنەی نارەسەنو بەدفەڕ گوتی: "سپی بەفرین، بێگومان ئەمجارە مردوویت." بە پەلە بۆ ماڵ گەڕایەوە.

خۆشبەختانە، کات دەمەو ئێوارە بوو، حەوت کورتیلە بۆ ماڵ گەڕانەوە، سەیریان کرد سپی بەفرین وەکو مردوو لەسەر عاردی کەوتووە. یەکسەر زانیان کە ئەمە کاری شاژنە، کەوتنە گەڕان تا شانە ژەهراوییەکەیان لە بەینی قژی سپی بەفرین دا دۆزییەوە. یەکسەر شانەکەیان لە ناو قژی دەرهێنا. سپی بەفرین وەهۆش هاتەوەو بۆی گێڕانەوە کەچی بەسەر هاتووە. کورتیلەکان دیسان ئامۆژگاریان کرد کە دەرکە لە هیچ کەسێك نەکاتەوە.

شاژن، هەرکە گەییشتەوە ماڵێ، خۆی گەیاندە بەر ئاوێنەکەو پرسی: "ئاوێنە، ئەی ئاوێنەی قەد دیواری ، کێ جوانی جوانانە؟"

ئاوێنەکە هەمان وەڵامی پێشووی دایەوە:

***"ئەی شاژن، بێ چەندو چوون تۆ لە هەموو کەس جوانتری***
***بەڵام سپی بەفرین لە تۆ جوانترە،***
***ئەو سپی بەفرینەی کە لەو دیوی کێوان، دەگەڵ***
***حەوت کورتیلەدا دەژی."***

شاژن، هەر کە گوێی لەو قسانەی ئاوێنەکە بوو، لە داخا لەرزی لێهات،و بە دەنگی بەرز هاواری کرد: "سپی بەفرین, تۆ دەبێ بمریت، تەنانەت ئەگەر بە بەهای گیانی خۆشم بووە دەبێ بمریتو ولە دنیادا نەمێنی." شاژن، پاش ئەو قسانە، خۆی بە

خەوتنگەیەکی نهێنیدا کرد، کە جگە لە خۆی هیچ کەسێکی تر نەیدەزانی دەرگاکەی لە کوێوەیە، لەوێ دەستی کرد بە دروستکردنی سێوی ژەهراوی. سێوەکان بە ڕواڵەت زۆر جوانو سوورو سپی بوون. ئەوەندە جوان بوون هەر کەسێك دیتبای حەزی دەکرد بیان خوات. کاتێ لە دروستکردنی سێوەکان بووەوە، دەموچاوی خۆی رەنگ کرد، جلەکانی گۆڕی، خۆی کرد بە پیرێژنێکی دێهاتی تەواو، ئەوسا حەوت کێوانی بڕیو بەرەو کوختەی کورتیلەکان بووەوە. پیرێژنی نارەسەن لە دەرگای دا، بەڵام سپی بەفرین سەری بە پەنجەرەکەوە ناو گوتی: "من ناتوانم دەرگا بکەمەوە، حەوت کورتیلە ئامۆژگاریان کردووم کە دەرگا لە کەس نەکەمەوە."

پیرێژن گوتی: "دەترسیت دیسان ژەهراوی ببی؟! تەمەشا من ئەم سێوانە لە ناوەڕاستەوە دەکەم بە دوو لەتەوەو بە خۆم لەتە سپییەکەی دەخۆمو تۆش دەتوانی لەتە سوورەکەی بخۆیت." سێوەکانی بە جۆری دروستکرد بوو کە تەنیا لەتە سوورەکانیان ژەهراوی بوو. سپی بەفرین زۆری حەز چووە خواردنی ئەو میوە ئشتیابزوێنە، کە سەیری کرد ئەو ژنە دێهاتییە چەند بە تاسووقەوە لەتەکەی خۆی دەخوات، خۆی پێنەگیراو لەتە ژەهراویەکەی لێوەرگرت. بەڵام هەر کە قەپی لە سێوەکەدا یەکسەر وەکو مردوو تەختی سەر زەوی بوو. چاوانی شاژنی دڵڕەق پرشنگیان داو لە قاقای پێکەنینی داو گوتی: "ئەی کیژۆڵەی روخسار بەفرینی، گۆنا خوێنینی، قژ عەبەنووسی، ئەمجارەیان کورتیلەکان فریات ناکەونو حەوت روحت هەبێ شتاقیان دەرنابەیت."

که شاژن گەییشتەوە ماڵێ، لە ئاوێنەکەی پرسی:

"ئاوێنە, ئەی ئاوێنەی قەد دیواری

کێ جوانی جوانانە؟"

ئەمجارەیان, ئاوێنەکە گوتی: "تۆ، شاژن، جوانی جوانانی."

ئەمجارەیان دڵی حەسوودو پڕ بوغزو کینەی شاژن ئاسودە بوو، یان بە لای کەمەوە بۆ یەکەمجار کەمێك ئاسوودەیی بە خۆیەوە بینی.

که ئێواریٚ کورتیله‌کان بۆ ماڵ گه‌ڕانه‌وه، سپی به‌فرین یه‌ك ته‌خته له‌سه‌ر عاردی که‌وتبوو، نه هه‌ناسه‌ی ده‌داو نه‌ده‌جوولا. سپی به‌فرینیان به ئه‌سپایی له عاردی هه‌ڵگرت‌و که‌وتنه پشکنینی سه‌راپای تا به‌ڵکو شوێنه‌وارێکی ژه‌هراوی بوون بدۆزنه‌وه. به‌لام نه پشتینێکی له پشت به‌سترا بوو،و نه شانه‌یه‌ك به قژییه‌وه بوو. ئازای به‌ده‌نیان شۆرد، به‌لام هیچ فایده‌یه‌کی نه‌بوو، کیژۆڵه‌ی به‌سته‌زمان مرد بوو. له تابووتیان ناو له ده‌وری دانیشتن‌و سێ رۆژی ته‌واو به دیار سپی به‌فرینه‌وه گریان. سه‌ره‌نجام بڕیاریان دا که سپی به‌فرین له کانه زێڕه‌که‌ی خۆیان بنێژن، به‌لام که ته‌مه‌شایان ده‌کرد، رێك وه‌کو خونچه‌یه‌ك بوو که له حاڵی شکۆفه‌کردندا بێت. گۆناکانی وه‌کو هه‌میشه سوورو ئاڵ بوون. کورتیله‌کان گوتیان: "نابێ له چاڵی تاریك‌و نووته‌کیدا بنێژین."

تابووتێکیان له شووشه‌ی روناك دروستکردو سپی به‌فرینیان له ناونا،و تابلۆیه‌کی زێڕیان پێوه‌ناو له‌سه‌ریان نووسی ئه‌مه شازاده‌خانمێکه. ئه‌وسا تابووته‌کیان له قووله‌ی چیادا داناو هه‌ر رۆژه‌ی یه‌کێك له کورتیله‌کان ئێشکی تابووته‌که‌یان ده‌گرت‌و چاویان لێ نه‌ده‌گواسته‌وه. گه‌لێك له باڵندانی ئاسمان هاتنه خوارێ‌و تازیه‌یان بۆ سپی به‌فرین گرت. هه‌وه‌ڵجار کونده‌په‌پویه‌ك‌و ئه‌وسا قژاوڵه‌یه‌ك‌و ئه‌وجا کۆترێکی چکۆله هاتنه دیار تابووته‌که‌ی.

ماوه‌یه‌کی زۆر بوو که‌سپی به‌فرین له‌و تابووته‌دا پاڵ که‌وتبوو، به درێژایی ئه‌م ماوه‌یه وا ده‌هاته به‌رچاو که خه‌وتووه، پێستی سپی وه‌ك به‌فر، کوڵمه‌کانی سوور وه‌ك خوێن‌و قژی وه‌ك عه‌به‌نووس ره‌ش بوو.

تا رۆژێ شازاده‌یه‌ك رێی که‌وته لێره‌وارو به‌لای کوخته‌ی کورتیله‌کاندا تێپه‌ڕی. ئه‌و تابووته‌ی که سپی به‌فرینی جوانی تیادا بووو ئه‌و نووسراوه‌ی سه‌ر تابووته‌که سه‌رنجیان ڕاکێشا. شازاده به کورتیله‌کانی گوت: "ئه‌م تابووته‌م بده‌نێ، هه‌رچیه‌کتان له بارته‌قایا ده‌وێ ده‌تان ده‌مێ." به‌لام کورتیله‌کان گوتیان:

"نا، ئێمه تاڵێکی قژی ئه‌و، به هه‌موو دنیا ناگۆڕینه‌وه."

شازادە گوتی: "کەواتە بە دیاری بمدەنێ، قەولتان دەدەمی کە وەکو چاوم بیپارێزمو وەکو ئازیزترین شتی خۆم خۆشم بوێ."

چونکە شازادە، لە قوولایی دڵەوە قسەی دەکرد، کورتیلەکان دڵیان پێی سووتاو تابووتەکەیان دایە. شازادەش دەستووری دا کە نۆکەرو دەستو پێوەندەکانی، تابووتەکە بخەنە سەرشانیانو بیبەن. لەو کاتەدا کە خەریك بوون لە چیاکەوە دادەگەڕان، بە ڕێکەوت پێیان لە بنچکە تووترکێکی قژن هەڵنووتاو تابووتەکە تەکانێکی توندی خوارد، لە ئەنجامی ئەو تەکانەوە، ژەهرەکە لە زاری سپی بەفرینەوە دەرپەڕی. سپی بەفرین لە پڕ چاوانی هەڵێنان, لە ناو تابووتەکەدا دانیشتو بانگی کرد: "من لە کوێم ؟"

شازادە بە دڵخۆشی وەڵامی دایەوە: "تۆ دەگەڵ مندایت." و ئەوسا بۆی گێڕایەوە کە لەم ماوەیەدا چی ڕووی داوەو لەسەری ڕۆیی: "سپی بەفرین، من لەم دنیا گەورەیەدا تۆم لە هەموو کەسێك خۆشتر دەوێ، ئایا رازیت لەگەڵ مندا بێی بۆ کۆشکەکەی بابمو شوو بە من بکەی؟"

سپی بەفرین، داواکەی شازادەی قەبووڵکردو لەگەڵیا ڕۆیی.

زەماوەندێکی یەجگار گەورەو بەشکۆیان گێڕا.

زڕدایکە ناڕەسەنەکەی سپی بەفرینشیان دەعوەتکرد. کاتێ کە ئەو ژنە شڕندەو دڵڕەشە جلە بەشکۆکانی، کە بۆ ئەو بۆنەیە کردبوونی، لەبەر کرد، چووە بەردەم ئاوێنەکەو پرسی: "ئاوێنە، ئەی ئاوێنەی قەد دیواری،

کێ جوانی جوانانە؟"

ئاوێنەکە وەڵامی دایەوە:

<u>**"تۆ لە هەموو کەس جوانتری، ئەی شابانۆی من، بەڵام بووکەکەی شازادە لە تۆ جوانترە."**</u>

کاتێ ژنەی حەسوودو شڕندە گوێی لەو قسانە بوو، لە داخاو لە حەسوودی دا لە خۆی چوو. هەوەڵجار نەیدەویست بۆ زەماوەندەکە بڕوات، بەڵام لە پڕێکدا وای هەستکرد تا شازادە خانمی گەنج نەبینێ، دڵی سوکنایی نایەتو ئۆقرە ناگرێت.
کاتێ شاژن، چووە ناو هۆڵە گەورەکەوە، سپی بەفرین ناسییەوەو لەزگ بوو (وەخت بوو) لە ترسا لە خۆی بچێت. ئەوسا لە دڵی خۆیدا گوتی ئەم ژنە ئۆینبازو مەکربازە دەیەوێ چ بەڵایەکم بەسەردا بێنێ؟ هەر چەندە پێویست نەبوو کە چیتر سپی بەفرین بترسێت، چونکە بە دەستوورو فەرمانی شازادە جووتێ پێڵاوی ئاسنی سوورەوەکراو بۆ شاژن ئامادە کرابووو ناچاریان کرد کە ئەو پێڵاوانە لە پێ بکاتو تا دەمرێتو روحی دەردەچێت هەر پێیانەوە برەقسێت .

**جاکوبو ویلهم گریم**

# فەرهەنگۆك

**ئا**

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار
ئارايشتكار : ئارايشتگەر ، مكياجكار
ئەوك : قورگ، گەروو، بەرمل
ئاسيو : ئازار، بەلاّ ، زيان، زەرەر
ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە
ئەنگۆ: ئێوە، هەە، هون
ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا
ئێژی : دەڵێی
ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی
ئیکلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ رێزگرتن
ئامێز : باوەش، هەمێز
ئەزبەنی : گەورەم، قوبان
ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار
ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر
ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ
ئێشك: پاس، كێشك

**ب:**

باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی
باب: باوك
بالاّنما: بالاّنوێن، ئاوێنەی بالاّڕوان
بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج
بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەلاّم

بەرِك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گویّ چەم، دەم چەم

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیالّە: ژێر پیالّە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بیّ زیان، سەلامەت

بارِ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلاّنس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

**پ:**

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، رووناکی

**ت:**

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ریٚژ

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆلا: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلاٚن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

**ج:**

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

**چ:**

چەلونگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو
چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)
چێڵ: مانگا
چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ
چەکمە: جەزمە، پووت
چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار
چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی
چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی
چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش
**ح:**
حایرمان: سەرسام بوون
حەسار: حەوش
**خ:**
خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان
خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ
خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج
خا: خات، خاتوون، خانم ، یا
خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن
خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز
**د:**
داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە
دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ
دێرکەوتن: دواکەوتن
دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی
دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا
ژنەوتن: بیستن

داگەڕان: هاتنە خوارەوە
دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی
دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان
هاژۆتن: لێخوڕین
دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)
داپیرە: دایە گەورە، نەنك
دەلیڤە: دەرفەت ، هەل
درەخت: دار
دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی
دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی
دڵڕەش: بێ ەزەیی، ستەمکار، دڵڕەق، ڕکوونی
**ڕ:**
ڕەقسین: سەما، هەڵپەڕین
ڕنەك: قەشەو
ڕدێن: ریش
روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین
رۆحانی: پیاوی ئاینی
راز: نهێنی
رابوون: هەستان
رۆخانە: رووبار، چۆم، چێم، ڕوو
ڕند: جوان، خوشیك، خوشکۆك
**ز:**
زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیارە
زێدە: زیادە
زەلام: گەورە، ناقۆلاو تەژە
زار: دەم، دەو

زورپییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

**ژ:**

ژێوان: پەشیمان

**س:**

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

**ش:**

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك
شوورە: دیوار
شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی
**ع:**
عاسا: دار عاسا، داردەست
عەیار: زیتەڵ، زۆرزان
عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە
**غ:**
غارِ: ئەشکەوت
غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس
غەوارە: غەریبە، بێگانە
ف:
فەرمایشت: فەرموودە، قسە
فەرخە: بێچووە مەل و جانەوەران
**ق:**
قالیچە: مافووری بچووك
قرمز: سوور
قەڕاڵ: پاشا
قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت
قورباقە: بۆق
قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون
قووچانی: هەڵهات
قشتیلە: بچووکی جوانکیلە
قالۆر: قاوغ
قاپ: قاچ
قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: توورە، وەرەز، سڵ ، رەوەك
قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی
قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان
قەڵەمڕەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێك یان دەوڵەتێك
قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە
قەڵایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە
قژاوڵە: تاق تاقکەرە
**ك:**
کوت ومت: ەقاودەق
کوانگە: کوانوو، ئاگردان
کارمامز: بەچکە ئاسك
کودەڵە: بێچووە بەراز
کوختە: کۆخ, خانووی چکۆلەو خراپ
کوڵکە: موو، توك
کولۆ: کوللە
کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی
کێوە: بۆ کوێ
کەپەك: سۆس
کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری
کلۆر: ناوبەتاڵ
کوڕیژگە: کوڕی بچووك
کەپوو: لووت، دفن
کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار
کەسك: سەوز
کۆمیدی: پێکەنیناوی
کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زلّف
کلاّوخود: کلاّوی ئاسنینی شەڕڤان
کەرب: رق و کینە
کان: مەعدەن
کێوستان، کۆسار, کۆجاڕ
**گ:**
گۆساخ: چاوقایم، رووقایم
گەدا: پارسەك، سوالّکەر، دەرۆزەکەر
گورزە: باقەی گەورە
گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم
گەمە: یاری، وازی، کایە
گەنج: زێرو زیو، مالّی دنیا
گەردنبەند: ملوانکە
گازکردن: بانگکردن
گۆرین: یارۆ، ناڤبری
گوند: دێ، ئاوایی
گومناو: ناوبزر، نەناسراو
**ل:**
لە کەیفان: لە خۆشیان
لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە
لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەلاّن
لاپرەسەن: فزوڵ، فزولّی
لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو
لیّ: بەلاّم
لێبڕا: بڕیاری دا
لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ
لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن
**م:**
موازە: فرۆشگە، دوکان
مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان
مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن
مژوول: سەرقاڵ, سەرگەرم
مڵ وموش: مڵومۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن
مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف
مژمژە: مەساسە
میرغەزەب: جەلاد
مەزرا: کێڵگە
مقاش: ماشە
مەگیرانی: بێزوو
مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان
مقەوا: کارتۆن
مەنهۆڵ: زێراب
مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست
**ن:**
هێورین: حەوانەوە
نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری
نیگابان: پاسەوان
نەیجەزار: قامیشەڵان
نسیبەت: بەڵا
نەترە: ورە
ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ
ناحەز: ناشیرین
**و:**
وەمێنیٚ:بمێنێتەوە
وەکرد: کردەوە
وەشێرت: شاردەوە
وێنا: تەسەور
وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن
وێدەدەم: دەدەمێ
**هـ:**
هانکە هانك: هەناسە برکێ
هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو
هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە
هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا
هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی
هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە
هایم: سەرگەردان، وێڵ
هەنبەر: بەرانبەر
هەترەش: زەندەق، زراو
هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو
هۆشن: بەهۆش
هەتەر: مەودای حوکمی چاو
هۆڤی: کێوی، وەحشی
**ی:**
یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم
یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

**حەمە کەریم عارف:**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.
* لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
* یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
* لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
* سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گولانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، بازەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلۆم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

* لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠- شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاومالەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحموود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ — بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦ ،نووسەرانی کەرکووك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١ ،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥ ،نووسەرانی کەرکووك
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکووك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا ،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا ،کریس کۆچرا ،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ - کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا ،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆڕاگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- به دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی مالّتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حالّی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولاّم حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بلاّوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوللاّ ئەلبوسێری..

---

٤٣- مندالّە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ مندالاّن.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەلّە چیرۆك بۆ مندالاّن، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالاّن
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالاّن)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی — کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢- چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف، چ (١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا). چاپی یەکەم ٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزموددژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- ڕێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١
٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مــەرگی نووســەرو چــەند باســێکی دیکــەی ئــەدبی-رۆشــنبیری،حەمەکەریم
عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافه الکوردیه، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤید کۆپەرفیلد, (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨- **ظل**الصوت و قصص اخری, تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا , رۆمان, مارك توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من    رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، رۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف
٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد
٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی
٩٧- کۆلۆانە سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالآن
٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ
٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
١٠٠- خەیام...زانای شاعیران وشاعیری زانایان /جەلال زەنگابادی
١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،بورهان شاوی
١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

* لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئـەدەبی و رۆشـنبیریی کـوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..
* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هـەر کـەس و گرووپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هـەبن، دەبـێ پـرس بـە نووسـەر بکات...